# تیشک

گۆڤارێکی سیاسی - رۆشنبیری گشتی یه

۲۷



**Tishk** 27

**A GENERAL POLITICAL CULTURAL JORNAL**

کۆمیسیۆنی لێکۆڵینه‌وه‌و فێرکردنی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
ده‌ری ده‌کا

# تیشک ۲۷

یەکەم ژمارەی گۆڤاری تیشک لە هاوینی ساڵی ١٣٧٧ دەرچووە

**گۆڤارێکی سیاسی ـ ڕۆشنبیریی گشتی‌یە**

**کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەو فێرکردنی**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**دەری دەکا**

**خەرمانانی ١٣٨٩**

**تایپ**:

ئومید مستەفاپوور

**مونتاژو بەرگ**:

سەربەست ئورمیە

تیراژ: ٥٠٠

**ناوونیشانی گۆڤاری تیشک لەسەر ئینتێرنێت:**

http://www.Kurdistanmedia.com

E_ mail: tishk_mag@yahoo.com

# لەم ژمارەیەدا:

وتەی ژمارە ........................................................................ ٥
میدیاکان و شوێنەواریان لە سەر سیستمی سیاسی.................................... ٩
ئامرازی راگەیاندنی گشتی وجیهانی بچووکی ئێمە................................ ١٥
نەخشی زانیاری لە جیهانی ئەمڕۆدا................................................... ٢١
راگەیەنەگشتییەکان و کاریگەرییان لە کۆمەڵگەدا،لە روانگەی بەڕێز غازی‌حەسەن،ەوە.... ٢٧
پێناسەو رۆڵی راگەیاندن لە دیمانەیەك دا، لە گەڵ بەڕێز بەهات حەسیب قەرەداغی............٣٣
دێموکراسی، کۆمەڵگای مەدەنی، راگەیاندنی ئازاد، سێ چەمکی لێك گرێدراو..............٣٩
هەڵو مەرجی نوێی دنیاو زەرورەتی بەخۆدا چوونەوە ........................................ ٥٣
فیدرالیزم باشترین چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا................ ٦٧
لیبــرالیزم چییە؟........................................................................ ٧٥

# وتەی ژمارە

## گرینگی رۆڵی راگەیەنە گشتییەکان لە جیهانی ئەمڕۆدا

مێژووی مرۆڤایەتی گەواهی دەدا کە لە گەڵ سەرهەڵدانی کۆمەڵە سەرەتاییەکانو بەردەوامبوونی شارستانیەتدا، بە گوێرەی پێویستی ژیانو لە پێناوی ئاڵوگۆڕی بیروڕاو وەدەستهێنانی زانیاریدا، پێوەندی نێوان مرۆڤەکان بە شێوازی جیاواز بەردەوام بووە. مرۆڤ هەر لە سەرەتای پەیدا بوونیەوەو لەو رۆژەیەوە کە قسەی زانیوە پابەند بووە بە راگەیاندنەوەو، ئامرازەکانی پێوەندی جەماوەری دەوری کاریگەرو گرینگیان بووە لە ژیانی تاکو کۆمەڵداو، لە هەموو قوژبنێکی ئەم دنیایەدا شان بە شانی مرۆڤ ئامرازەکانی پەیوەندی کردنیش لە هەموو روویەکەوە پەرەیان سەندووە.

لە کۆمەڵە دێرینەکاندا بە هۆی بارووداۆخی جوگرافیاییو ئەو ژینگەیەی کە مرۆڤ تێیدا پەروەردە بووە مەودای پێوەندی کردنو زانیاری گەیاندنو ئامادەکردنی ڕای گشتی بەرتەسك بووەو تایبەت بووە بە چەند بابەتێکەوەو زۆر نەچۆتە قووڵایی بابەتەکانەوە، لە هێندێك بوارەوە تێڕوانینی میتافیزیکیانەی بووە.

لە سەدەکانی دێریندا مرۆڤ بۆ گواستنەوەی پەیامێك یان ئاشکرا کردنی رووداوێك پەنای بردۆتە بەر هاوارکردنو دەنگو دەهۆڵکوتانو بۆڕیەژەنی و ئاگرو دووکەڵو تیشك و تیشکدانەوە، بەڵام لە چاخی نوێدا پێشکەوتنی راستەقینەیی ئامرازەکانی پێوەندیو راگەیاندنی زانیاری لە گەڵ داهێنانی"پیت" و سەرهەڵدانی "چاپ" و"تلگراف" دەست پێدەکات تا دەگاتە بڵاو بوونەوەی کتێبو گوڤارو رۆژنامەو وەگەڕکەوتنی رادیو و سینەماو تەلەفزیونو مانگە دەسکردەکان( ماهوارە) و ئینتێرنێت. لە راستیدا هەر لەو سەردەمەوە کە"پیت" سەری هەڵداوەو نووسین لە سەر پێستی ئاژەڵو خشتی سوور دەستی پێکردوە تا ئەمڕۆ، تێکنۆلۆژیی زانیاریو پێوەندییەکان کاریگەرییەکی چارەنووسسازی هەیە.

راگەیاندن، لە پەیامو پەیامنێرو ناوەندو شێوازو وەرگرو کاردانەوە پێك دێ، کەسایەتی راگەیاندن و هۆکاری راگەیاندنو ڕای گشتی پێکەوە پەیامی راگەیاندن تەواو دەکەن، پێوەندیکردن رەوتێکە کە راگەیاندن بە جۆرو ناوەندو وەرگرەوە بە کار دێنێ، راگەیاندنی کاراو کاریگەر ئەوەیە کە دەبێتە هۆی پێوەندیکردن.

راگەیەنە گشتییەکان، ئەو دەستەیە لە راگەیاندنەکانن کە بە مەبەستی گەیاندنی دەنگو باسو زانیاریو دابینکردنی سەرگەرمی بۆ ژمارەیەکی زۆری خەڵك بە کار دەهێنرێن، وەکو رۆژنامەکان، گۆڤارەکان، رادیۆ، تەلەفزیۆن، سینەما، ویدیو سیدی و ئینتێرنێت، کە پیت و دەنگو وێنەیان دەگەنە لای زۆرێك لە مرۆڤەکانو کاریگەرییەکی شوێندانەریان لە سەر ژیانی خەڵك هەیە.

راگەیاندنەکان، لە چاخ و قۆناغ و سیستمی جیاوازدا نێوەروكو مەبەستی جیاوازیان هەبووە، ئامانجی سەرەکی راگەیەنە گشتییەکان لە جیهانی ئەمڕۆدا، بڵاوکردنەوەو ناساندنی شارستانیەتەکان، کولتوورەکان، شێوازەکانی ژیان، سیستمەکان، یاساکان، بەهاکان، ئەزموونەکان و گەیاندنی زانیارییە پێویستیەکان بە خەڵك و بەرەوپێشبردنی مرۆڤایەتییە.

ئێمە لە هەزارەی سێهەمو لە سەردەمێکی تێکچڕژاوی پێکەوە بووندا دەژین کە لە ئاکامی بەنێودەوڵەتی بوونی پێوەندییە مودێرنەکان، خەڵکی سەرانسەری دنیا لە سیستمی جیهانی زانیاریدا بەشدارن. تێکنۆلۆژی زانیاری و پێوەندییەکان و وەبەرهێنان و دابەش کردنو بەکارهێنەرانی کەرەستەگەلی زانیاری بە شێوەیەکی بەرفراوان پەرەی گرتووە، پیشەسازی راگەیەنەکان بە شێوەیەکی خێرا تێکەڵ بە رەوتی جیهانگەرایی بووە، شیرکەتە راگەیەنەکان بەرینترو فراوانتر لە سنوورو چوارچێوە نەتەوەییەکان چالاکی دەکەن، تێکەڵ کردنی کومپانیاکانی کەرتی ڕاگەیاندن پەرەی گرتووەو چالاکییەکانی خۆیان فرەچەشنو فرەلایەنو جۆراوجۆر کردونەتەوە، کارو باری ڕاگەیەنە جیهانییەکان لە ژێر دەسەڵاتو رکێفی رێژەیەکی بەرچاو لە شیرکەتە فرەنەتەوەییەکاندایە. رۆژنامە، رادیو، تەلەفزیون و تەلەفونە جۆراوجۆرەکان لە ئەنجامی پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی و پەرەسەندنی خێرای ئینتێرنێت رووبەڕووی گۆڕانکارییەکی قووڵ و سەرسوڕهێنەر بوونەتەوەو شێوازەکانی رێکخستن و پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکانیان لە گۆرانی بەردەوام دان، ئینتێرنێت ئیمکانات و پێداویستی نوێو ورووژێنەر دەخولقێنیو رێژەی بە کارهێنەرانی لە سەرانسەری دنیا بە خێرایی ڕوو لە زیادبوون کردوە، کارکردی موبایلەکان لە حاڵی گەشەو پەرەسەندن دایە، دەکرێ رۆژنامەکان لە سەر تۆڕە ئێلێکترۆنیەکان بخوێنرێنەوە.

لە سەردەمی بە جیهانیبوونی زانیاریدا، راگەیەنە گشتییەکان پێشکەوتنو گەشەکردنیان کردۆتە بە ماخۆلیای مرۆڤ و بەردەوام بە جیهانی زەینی مرۆڤ فۆرم و شێوازی نوێ دەدەن، کاتو شوێنیان

چڕ کردونەتەوە، جیهانیان کردۆتە بە گوندێکی بچووك، بوونەتە بە چاووگوێی کۆمەڵگاو دەنگ و باس وزانیاری بە هەر کەس‌و هەموو لایەك دەگەیەنن، وریاکەرەوەو هاندەری خەڵکن، رێگا خۆش دەکەن بۆ وتووێژو لێك تێگەیشتن و یەکتر قبوولّ کردن‌و پێکەوەگونجانی مرۆڤەکان، نەخشیان هەیە لە رێکخستنی هاوولاّتیان لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجەکانیان، بیروڕای گشتی رێك دەخەن‌و ئاراستەی پێ دەبەخشن، کەش‌و هەوای لەبارو گونجاو دەڕەخسێنن بۆ وەگەڕخستنی سەرمایەو بازاری ئازادو رکابەری ئابووری.

لە چاخی زانیارییدا، راگەیەنە گشتییەکان شێوازێکی مودێرنیان لە پێوەندییە کۆمەڵایەتی‌و کولتوورییەکاندا ساز کردوە، لە گۆڕینی کولتووری نەریتی و باوکسالارانە بۆ کولتوور سازی نوێ‌و سەردەمیانەو داڕشتنەوەی سیستمی پەروەردە و بیچم گرتنی کەسایەتی مرۆڤی نوێ بە تایبەت منداڵان و مێر منداڵاندا ڕۆڵی کاریگەرو شوێندانەریان هەیە.

میدیا جیهانییەکان، سنووری نەتەوەیی دەوڵەتەکانیان بەزاندوەو بە تێکشکاندنی سانسۆری جۆراوجۆر دەسەلاّتە دیکتاتۆرەکانیان خستونەتە ژێر گوشارو، ئەو دەرفەتەیان بۆ کەمایەتییە نەتەوەیی‌و سیاسییەکان ڕەخساندوە کە پەرە بە کولتووری خۆیان بدەن‌و بۆ دابین کردن و دەستەبەر کردنی ئاسایشی نەتەوەیی‌و سیاسی خۆیان‌و گەیشتن بە ئاوات‌و ئامانجەکانیان بە شێوازی جۆراوجۆر خەبات بکەن.

لە کۆمەڵگای مەدەنی‌و ئازادو دێموکراتیکدا، راگەیەنە گشتیەکان دەبنە ئاڵقەی پێوەندی نێوان دەسەلاّت‌و هاوولاّتیان‌و مەوادی نێوان خەڵك‌و حکوومەت کەم دەکەنەوە، لە سەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ولاّت لە لایەن دەسەلاّتەوە زانیاری دەدەن بە هاوولاّتیان و دەسەلاّتیش لە ویست‌و خواستی خەڵك ئاگادار دەکەنەوە، بارودۆخی گونجاو دەڕەخسێنن بۆ بەشداریکردن‌و راهێنانی هاوولاّتیان لە سەر بڕیارە سیاسییەکان، بە شێوەیەك مەسەلەکان سادە دەکەنەوە کە هاوولاّتیان ئاسانتر سەر لە کێشە سیاسییەکان دەرکەن، پرسە سیاسییەکان دەخەنە بەر رەخنەو هەڵسەنگاندن، رووناکی دەخەنە سەر کردارو ئاکاری دەسەلاّتدارن و شێوازی بەڕێوەبەریان دەخەنە ژێر پرسیار، بە فۆرمدان بە سیاسەت و دەوڵەتی یاسا باندۆری کاریگەر لە سەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ولاّت دادەنێن‌و دەسەلاّت پابەند دەکەن بە وەلاّمدانەوە بەرامبەر بە هاوولاّتیان، لە رێگای چاوەدێری کردن‌و لە قاودانەوە پێشگیری لە گەندەڵی ئیداری‌و سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی دەکەن.

**حوسێن نازدار**

**١٦ی خەرمانانی١٣٨٩هەتاوی**

# میدیاکان و شوێنەواریان لەسەر سیستمی سیاسی



برایم لاجانی

لەو وتارەدا تێدەکۆشم ئەوە روونکەمەوە کە تا چ رادەیەك پەرەسەندنی راگەیەنە گشتییەکان، دەتوانێ شوێنەواری لە سەر سیستمی سیاسی کۆمەڵگادا هەبێت؟ دیارە مەبەستی ئێمە لە سیستمی سیاسی، بریتیە لەو دامودەزگا جۆراوجۆرانەی کە دەسەڵاتی سیاسیان بە دەستەوەیە وەك حکوومەت، پارلەمان و دامەزراوە دەوڵەتیەکان. کاتێك باس لە پارلەمان دەکەین روونە کە مەبەستی ئێمە حیزبە سیاسیەکانی نێو پارلەمانیش دەگرێتەوە.

دەزانین کە حیزبەکان ئاڵقەی پێوەندیی نێوان هاوولاتیانی دەنگدەر و ئەو بریارو هەڵوێستە سیاسیانەن کە حیزبە سیاسییەکان لە پراکتیکی خۆیاندا دەیانکەنە بەرنامەو سیاسەت. ئەوەش پرۆسەیەکی سیاسیە کەبە کەناڵی هەڵبژاردندا تێدەپەرێ و لە رێگای هەڵبژاردنەوە جێبەجێ دەبێت.

دەبێ بگوترێ کە بێجگەلە کەناڵی هەڵبژاردن، هاوولاتین بۆ شوێنەوار دانانو بردنە پێشی نەزەرو بیرورا سیاسییەکانی خۆیان زۆر هەل و کەناڵی سیاسیو رێگای دیکەشیان لە بەر دەستدان. بۆ نموونە ئەوان ئیمکانی ئەوەیان هەیە راستەوخۆ پێوەندی دەگەڵ کار بەدەستان بگرن، ئاکسیۆن، خۆپێشاندن و رێپێوان وەرێبخەن. یا لە رێگای رێکخراوە جەماوەریەکانەوەمەبەستەکانی خۆیان بەرنە پێش. سەرەرای هەموو ئەوانە دەتوانن لە راگەیەنە گشتیەکان بۆ شوێنەواردانان لە سەر کاربەدەستان و داموودەزگا دەوڵەتیەکان کەلك وەرگرن. لەو نێوەدا تەلەفزیۆن رۆلێکی زۆر بەر چاوی هەیە. بۆیە دەتوانین بڵێین کە مێدیا بێجگە لەوە کە کاناڵێکی سیاسییە بۆ شوێنەواردانان لە سەر سیاسەتەکان، بۆ خۆشی وەك ئەکتەرێکی سیاسی لە نێو کۆمەڵدا رۆڵ دەگێرێ.

## رۆلی مێدیا لە دێمۆکراسیدا

دوو روانگەی ناتەبا لە گەڵ یەکتر، سەبارەت بەوە کە مێدیا لە کۆمەڵدا کام رۆڵ دەگێرێ، لە گۆرێدان. یەکیان ئەو بۆچوونە مارکسیستیەیە کە لە تیۆری سەرخان و ژێرخانی مارکسەوە سەر چاوە دەگرێ کە کۆمەڵگای سەرمایەداری پێ ئانالیزە دەکا.

بە گوێرەی ئەو تیۆرییە ئیلیتی دەسەلاتدار لە کۆمەڵگادا مێدیا بۆ بردنە پێشی دەسەلاتداریەتی و قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکار دێنێ.

ڕوانگەی دووەم ئەوەیە کە میدیا بە فاکتۆرێکی گرینگی بەهێزکردنی دیمۆکراسی لە قەڵەم دەدا. ئەو بۆچوونە لە سەر ئەو بڕوایەیە کە ئەو خەڵکانەی بە هەر هۆیەکەوە بێت ناتوانن لە کەناڵە جۆراوجۆرەکانی دیکەی شوێندانان لە سەر سیاسەت، وەك حیزبەکان و رێکخراوەکان کەڵك وەرگرن، دەتوانن لە رێگای میدیاوە دەنگ هەڵبڕن و سەرنجی بیروڕای گشتی راکێشن‌و پشتیوانی خەڵکی دیکە بۆ دیفاع کردن لە داواکانیان مۆبیلیزە بکەن. لە لایەکی دیکەشەوە میدیا دەتوانی وەك دەزگایەکی کۆنترۆڵ و چاوەدێری رۆڵ بگێڕێ و پێش بە گەندەڵی سیاسی‌و ئیداری و ماڵی‌و هتد بگرێ و هەر چەشنە کەڵك وەرگرتنێکی نا بەجی‌و ناڕەوا لە دەسەڵاتی سیاسی لە قاوبدا. بۆیە بە پێوانەی ئەو ڕوانگەیە هەبوونی ژۆرنالیسمێکی ئازاد، رەخنەگر و کۆنترۆڵکەر و لەقاودەر بەڵام بەرپرس، مەرجێکی سەرەکییە بۆ کارکردنی دیمۆکراسی‌و هەبوونی دیمۆکراسییەکی زیندوو. راست لە بەر ئەو رۆڵە کۆنترۆڵکەرەیە کە میدیا بە دەسەڵاتی چوارەم بە حیساب دێت. دەبێ بگۆترێ کە زۆر هەلومەرج و هۆکاری جۆراوجۆر هەن کە کاریگەری راگەیانە گشتیەکان وەك ئەلترناتیوێك بۆ کەناڵە سیاسییەکانی دیکەی شوێن دانان لە سەر سیاسەت و فاکتۆرێکی بە هێزکەری دیمۆکراسی بەر تەسك دەکەنەوە.

بەر لە هەموو شتێك دەبێ ئەوە بڵێین کە هەموو دەستەو تاقمەکانی نێو کۆمەڵ‌و چین و توێژە جۆراوجۆرەکان وەك یەك بە ئاسانی دەستیان بە میدیاکان راناگا. دیارە ئەوە شتێکە کە سەبارەت بە کەناڵە سیاسییەکانی دیکەی شوێندانانیش هەر راستە. لە لایەکی دیکەشەوە میدیا زۆرتر رۆشنایی دەخاتە سەر ئیلیتی دەسەڵاتدارو روانگەو بیرو بۆچوونەکانی ئەوان. ئەوەش لە بەر ئەوەیە کە ئەوان شارەزاترن و بۆ حالی میدیاکان دەستپڕترن. تەنانەت ئەو کاتانەش کە میدیاکان ئەو باس و بابەتانە دەخەنە بەر باس کە پێوەندیان بەو چین‌و توێژانەوە هەیە کە دەکەونە دەرەوەی بازنەی ئیلیت، لە بەر ئەوە نییە کە میدیا گەرەکیە لایەنی دیمۆکراتیکی مەسەلەکە لە بەر چاو بگرێ، بەڵکوو ئەو باس و بابەتانەی لەو پێوەندیەدا بڵاویان دەکاتەوە، زۆرتر بایەخی خەبەریان هەیە. یا لە بەر ئەوەیە کە مەسەلەیەك هاتۆتە گۆڕ کە زۆر گرنگە و سەرنجی خەڵکی راکێشاوە و ناکرێ میدیاکان خۆی لێ گێل کەن.

جاری واشە کە میدیا دەیەوێ نەخشی کاناڵێکی ژمێرەیی بگێڕێ‌و بە بڵاوکردنەوەی هەندێك ئامار، وێنەیەکی ناڕاست لە وەزعەکە دەخاتە بەر چاو. واتە بە بڵاوکردنەوەی ئەو ئامارانە دەیەوێ وا نیشان

بدات کە ئەو وێنەیەی کە دەیخاتە بەر چاو، نوێنگەی بیروڕای زۆربەیە. ئەوەش دەتوانێ بیروڕای گشتی بە هەڵە بەرێو تەپوتۆز بە سەر ڕاستیەکاندا بڵاوکاتەوە و واقعیەتەکان بشارێتەوە.

سەرەڕای ئەوانەش دەکرێ لە خۆمان بپرسین کە مێدیاکان کێن؟ کێنە ئەو کەسانەی جڵەوی ڕاگەیەنە گشتیەکانیان بە دەستەوەیە؟ ڕاستییەکەی ئەوەیە کە کارگێران و بەڕێوەبەرانی ڕاگەیەنە گشتیەکان بە جۆرێك دیاری نەکراون کە بتوانین بڵێین نوێنەرایەتی هەموو دەستە و تاقم و چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ دەکەن. هەر بۆیە ئەوان دنیا لە چاویلکەیەکی دیاری کراو و گۆشە نیگای بەرتەسکی گرووپێکەوە دەبینن. واتە تەنیا یەکلای کێوەکەیان لێ دیارە. بۆ نموونە زۆربەی ڕۆژنامەنووسو هەواڵدرەو کارگێرانی مێدیاکان پیاون. جیا لەوەش لە باری تەمەنەوە زۆربەیان بە بەراوردکردن لە گەڵ زۆربەی خەڵك، لاونو تەمەنیان لە نێوەنجی تەمەنی خەڵك لە خوارترە. هەروەها لە زۆربەی حاڵەتەکاندا خاوەنداریەتی مێدیاکان خاوەنداریەتیەکی سانترالیزە کراوە. جاری وایە چەند ئەکتۆر خاوەنداریەتی زۆربەی مێدیاکان دەکەن. ئەوە کە خاوەنانی مێدیاکان شوێنەواریان لە سەر نێوەرۆکی باسو بابەتەکانی نێو مێدیاکان هەیە، قسەیەکە بە زەحمەت دەتوانین بڵێین وایە یا نا.

ئەو لاپەڕانەی لە ڕۆژنامەکاندا بۆ خوێنەرانو خەڵکی سەر شەقام تەرخان کراون، زۆرتر لە لایەن ئەوکەسانەوە کەڵکیان لێوەردەگیرێ کە قەڵەمی چاکیان هەیە و دە توانن باش مەبەستو ڕاکانی خۆیان بێننە سەر کاغەز. لە یەك قسەدا دەتوانین بڵێین کە مێدیاکان زۆرتر لە لایەن کەسانێکەوە کەڵکیان لێوەردەگیرێ کە لە هەمان کاتدا دەستیان وەکاناڵە سیاسییەکانی دیکەی شوێنەوار دانانیش ڕادەگا.

## ڕۆڵی مێدیا وەك ئەکتەرێك لە ژیانی سیاسیدا

لە هەلو مەرجێکدا دەژین کە مێدیاکان لە ڕاستیدا ڕۆڵێکی زۆر گەورەو کاریگەریان لە کۆمەڵدا هەیە و لە ڕاستیدا کۆمەڵگا هەڵدەسوورێننو ئاڕاستەی دەکەن. مەبەستی من ئەوەیەی کە مێدیاکان دەتوانن ئەجێندای ڕۆژ دیاری کەنو ئەو باسوبابەتە سیاسییانە بخەنە ریزی پێشەوە کە پێیان وایە بایەخی خەبەریان هەیە. زۆر جار ڕۆژنامەنووسەکان نوێنەرانی دوو هێزی سیاسی دەخەنە بەرانبەر یەك و بەجۆرە دەبنە مایەی سازکردنی کێشەو ناکۆکیوکۆنفلیکت لە نێوان دوو هێزی سیاسیدا. یا

ڕوانگــە جیاوازەکــانی ئــەوان لــە ســەر مەســەلە جیاجیاکــان دەخەنــە بــەر بــاس. زۆر جــاریش ڕۆژنامەنووسەکان مەسەلەکان سادە دەکەنەوە بە جۆرێك کە خەڵك دەتوانن ئاســانتر ســەر لــە کێشــە ئاڵۆزەکان دەرکەن.

جاری واشە ڕۆژنامەنووسان، وەك دەسەڵاتی چــوارم، کــار بەدەســتانو سیاســەتکاران دەخەنــە ژێــر چاوەدێریوکۆنترۆڵیان دەکەن و کەمکاریو کەڵکی خراپ وەرگرتنی ئەوان لە قاودەدەن. لــەوەش زیــاتر ڕۆژنامە نووسان مەسەلە سیاسییەکانی ڕۆژ دەخەنــە بــەر ڕەخنــەو هەڵســەنگاندن. ڕۆژنامــەنووس و بەڕێوەبەری هێندێك لە بەرنامە ڕادیۆییو تەلەفزیۆنیەکان، سیاســیکار و کاربەدەســتان دەخەنــە بــەر پرسیار و پرسیاری کۆرتی ئەوتۆ دێننە بەرباس کە چــۆنیەتی خۆنوانــدنی سیاســەتمەدارەکان لــە ســەر تەلەفزیۆن، دەتوانە زۆر شت سەبارت بە سیاسەت مەدارەکە بە بینەر ڕاگەیــەنێ. لــە حــاڵتی ئــەوادا درێژدادڕی سیاسەتمەدارێك لە لە سەر مەسەلەیەك وەك خاڵێکی لاواز دێتە بەر چاو. ئەوەش لە بەر ئەوەیە کە درێژدادڕی لەو چەشنە و کۆنکرێت نەبوون بە کارێکی ماندووهێنەر لــە قەڵــەم دەدرێ. بــە کورتی مێدیاکان سیاسەتیان کردۆتە نێوەڕۆكو بابەتی بەرنامەکانی خۆیان و هەر بۆیەش زۆر جــار وا دێتە بەرچاو کە گاڵتە بە سیاسەت مەدارەکان دەکەن و دەیانکەنە بووکە شووشەو یاریــان پێدەکــەن. دیارە ئەوەش زۆر جار وادەکا کــە خــەڵك بەرامبــەر مەســەلە سیاسییەکان لەســەر هەســت نــەبن و سیاسەت بە هێند نەگرن.

هەر لەو پێوەندیەدا کاتێك کە عیلاقەی خەڵك بە سیاسەت کــەم دەبێتــەوە، هەلومــەرجێك دێتــە پێش کە خەڵك کــەمتر بــڕوا بــە سیاســەتمەدارەکان دەکەن.بــەم جــۆرە چاوەڕوانیەك کــە مێــدیا لــە سیاسەتمەدارانی درووست دەکا، لێوەشاوەییەك کە مێدیا لە سیاســەتمەدارانی دەوێ، زۆر جــار دبێتــە هۆی کەم بوونەوەی تەمەنی سیاسی ئەوان.

مەسەلەیەکی دیکەش هەر لەو پێوەندییەدا جێگای باسە، ئەویش ئەوەیــە کــە مێــدیا بۆتــە هــۆی مەترسی پەرەگرتنی پۆپۆلیسم لە سیاسەتدا. سیاسیکارو ڕێبەرانی حیزبەکان جاری وایە بۆ شوێندانان لە سەر خەڵك و دەنگدەران، بە جۆرێك دەدوێن و چەشنە هەڵسو کەوتێك لە خۆیان نیشان دەدەن، کە ئاستی سیاسەت و کاری سیاسی دێنێتە خوارەوە. ئامانجی ئەوان لەو جۆرە ڕەفتــارو لێدوانانــە تــەنیا

سەرکەوتنی خۆیان و راکێشانی سەرنجی خەڵکە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاری کراو. کە ئەوەش پۆپۆلیسمی سیاسیە و رەگی بەرپرسبوون لە سیاسەتکردندا دەکوژێ.

بە کورتی مێدیای ئەمرۆ سەرەڕای ئەوە کە کاناڵێکی سیاسیە بۆ شوێنەواردانان لە سەر سیاست لە کۆمەڵدا، بۆ خۆی وەك ئاکتەرێکی سیاسیش رۆڵی بەر چاو لە کۆمەڵدا دەگێرێ.

**سەرچاوەکان**


James Curran & Michael Gurevitch ١٩٩١: *Mass Media and society*.London,Edward Arnold.

Dan Nimmo & James Combs.١٩٩٠: *Mediated political Realiteis.* NewYork, Longman

Krogstad, Anne.١٩٩٩. *Image i Politikken,*Pax Forlag A/S,Oslo.



# ئامرازی راگەیاندنی گشتی و جیهانی

# بچووکی ئێمە

کۆتایی ساڵانی سەدەی رابردوو، دەسپێکی شۆڕشێکی قووڵ لە ئـامرازی ڕاگـەیانـدنی گشـتیدا بوو، کە توانی هەم لـە بـواری کـەرەسـەکـانی راگـەیاندنـەوە ئـاڵوگۆڕخوڵقێن بێـت، هـەمـیش کارتێکەرییەکی بەرفراوانی لە بواری پەیوەندیکردندا هێنایە کایەوە.

ئەم "شۆڕش"ە یان ئەم "تەقینەوە"یە، توانی چوارقوڕنەی جیهان لێك گـرێ بـدات و لـە یـەك کاتدا زانیاری و دەنگوباس بەخێراترین شێوە بۆ هەر قوڕنەیەکی تـری ئـەم جیهانـە بگوێزێتـەوە. کەرەسەکانی ڕاگەیاندن وەکوو تەلەفزیۆنی ئاسمـانی، ئینترنێـت، فاکس،مۆبایـل و ئیمـەیـل ئـەم ئەرکەیان کەوتە ئەستۆ. بێشك ئەم ئاڵوگۆڕە قووڵە نەتەنیا کـاری کردۆتـە سـەر کـەرەسـەکـانی ڕاگەیاندن، بەڵکوو چەشنێکی تری لە پەیوەندیکردندا هێنایە ئاراوە، کە لە مێژووی ڕاگەیانـدن و پەیوەندیکردندا بێوێنەیە. بڵاوکردنەوەی خێرای زانیاری و دەنگوباس لە کاتی ڕوودانی ڕووداوێـك کە بینەرانی مێژووی زیندوو دێنێتە بەرهەم، یەکێك لە تایبەتمەندییـە سـەرەکییـەکانی ئـامرازی ڕاگەیاندنی گشتی لەم سەردەمەدایە.

ئەم ئاڵوگۆڕە نەك تەنیا بواری کەرەسە و خێرایی لە گەیاندندا بەرهەم هێناوە، بەڵکوو لە بواری سیاسیشەوە هەم وەکوو هاوکێشەیەك، هەمیش ڕێکخەری ڕای گشتییە و ئـەم دەرفـەتـەشـی بـۆ رەخساوە کە بە جیهانی دەوروبەری بەگەیێنێت.

راگەیاندنی ئەمڕۆ، بێشك بە کەرەسەکانییەوە سنووری نەتەوەیـی دەوڵـەتـەکـانی بـەزانـدوە و دەنگ، رەنگ و پیت سنوور بەزێن بوونە، بەڵام هاوکات بەربـەرەکانییـەکانیش جیهـانی بوونـە. ئەگەر دوێنێ سنووری راگەیاندنەکان جوگرافیای نەتەوەیی بوون، ئەمڕۆکـە تـەقینـەوەی زانیـاری سنوورەکانی هەڵوەشاندۆتەوە و خێرا و بە گوێرەی دەرفەت سەر لە ماڵەکان دەدا و تـەنانـەت روو لە دوورەپەرێزترین شوێنیش دەکات.

ئامرازی راگەیاندنی گشتی لە جیهانی ئەمڕۆدا، ئەم دەرفەتە بە هاووڵاتیان و پارتو ڕێکخـراوە سیاسییەکان دەدات کـە تـا رادەیـەکی زۆر ئـەو بۆشـاییەی کـە لـە ئاکـامی سـەرکـوت، یـان

بەرتەسکبوونەی چالاکیی سیاسییان هاتۆتە کایەوە، بەشێوازێکی سەردەمییانە پڕی بکەنەوە. ئەمەش بە نۆرەی خۆی یارمەتی بە چالاکیی سیاسی ئەوان، بەڵام بەشێوازێکی تر دەدات. کەرەسەکانی راگەیاندنی جیهانی ئەمڕۆ، ئەم بوارە بە پارت و ڕێکخراوی سیاسی دەدەن کە لەخەڵك دانەبڕێن، بەو مەرجەی کە بتوانن لە کەمترین دەرفەت زۆرترین کەڵك وەربگرن.

گەرچی کەرەسەکانی ڕاگەیاندنی کوردستان ئێران ئەمڕۆکە بنکە و بارەگاکانیان لە وڵاتدا نین، بەڵام گواستنەوەی زانیاری و دەنگوباس بۆ ناوخۆی وڵات، ئەم دەرفەتەیان پێدەدات کە بە گوێرەی توانا کۆمەڵانی خەڵك ئاگادار بکەنەوە و لەم بوارەشدا رۆڵی ئاگادارکەرەوە بگێڕن.

راگەیاندنە ئاسمانییەکانی کوردستانی ئێران لە کارێکی بەربڵاودا، توانیان لە رەوتی نارەزایەتیی دەربڕین بە دژی ئێعدامکردنی فەرزاد کەمانگر و هاورێکانی، هەنگاوێکی باش باوێژن و لە بڵاوکردنەوەی دەنگوباس و گەیاندنی زانیاریدا، دەورێکی بەرچاویان گێڕا. هەروەها لە درێژەی بەربەرەکانیی هاووڵاتیانی کوردستان کە بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە هاووڵاتیان دوکان و بازاریان داخستن و ژمارەیەکی زۆر لە شارەکان کاری رۆژانەیان وەستاند، راگەیاندنەکانیش توانیان بەپیر ئەم دۆخەوە بچن، کە لە ئاکامدا یەك ڕۆژ گشت هاووڵاتیانی کوردستان بۆ رووداوێك پێکەوە ژیان.

ئەم ڕێکخستن و هەڵمەتە نەتەوەییە، جارێکی تر ئەمەی نیشان داوە کە ئەگەر بێتو بەشێوەیەکی ئەرێنی و بەرچاو کەڵك لە ئامرازی راگەیاندنی گشتی وەربگیرێت، دەوری ئەرتەشێکی پۆشتەوپەرداخ لە ریکخستن و نزیك کردنەوەی هاووڵاتیاندا دەگێڕێت. کاتێك کەناڵێکی ئاسمانی سنووری جوگرافیای سیاسی و نیزامیی کۆماریی ئیسلامی دەبەزێنێت و روو لە ماڵی هاووڵاتیانی کوردستان دەکات، ئەمە دەسەلمێنیتەوە، کە ئەرکی ڕاگەیاندن چەندە جێی بایەخە، هەروەها ئەمەش دەردەخات کە ئامرازی راگەیاندنی گشتی هێز و دەسەڵاتی هەیە، بەڵام ئەم هێز و دەسەڵاتەش بێ گیروگرفت و کۆسپ نین.

ئەگەر لە مەیدانی شەڕێکی چەکداریدا دوو ئەرتەش رووبەرووی یەکتر دەبنەوە و هەوڵدەدەن یەکتر تێك بشکێنن، لە مەیدانی ململانێی راگەیاندنیشدا ئەم یاسایە هەیە، بەڵام چەشنی

ململانێیەکان بەتەواوەتی جیاوازن، هەروەها چەشنی ئەرتەشـەکـان و یاسـاکانی ململانێکـانیش جۆرێکی ترن. لەم بوارەدا دەفەرەتی دارایی زیاتر، پلان و پرۆگرامێکی بەربلاو و زیـاتری بـەدوادا دێت.

بەڵام ئەمە لایەنێکی پرسەکەیە، لایەنەکەی تریش کۆماری ئیسلامییە کە بـە دراو و هێزێکـی زۆرەوە هەوڵدەدات هەم لە بواری چەت خستنە سەر ڕێگەی کاری ئەم کەرەسانە، هەمـیش ڕووداو و دەنگوباسەکان چەواشە بکات و یان بەو جۆرەی کە دڵخوازی خۆیان بێت، بڵاوی بکەنەوە.

لەبەر ئەوە ئەگەر حیزبێکی کوردی کە بواری کار و چالاکی، مەیدانێکی نـەتـەوەییـە، بـەڵام بەشێکی بەرچاوی لە ململانێکانی جهانیین و تەنانەت بەرەو ئاسمان گوێزراونەتەوە. بێشك ئەمەیان دەرفەتێکی ماددی زۆر و کارێکی ماراتۆنی پێدەوێت.

لە مەیدانی ڕاگەیاندنیشدا، کۆمەڵێك بەرە هەن کە دەبێ لەوێشدا چالاکی بنوێندرێت و هەوڵی زیندووبوونەوەی زیاتر بـدرێت. تـەرخـان و دابینکردنـی دراوی هـەر چـی زیـاتر، بـەهێزترکردنی کارمەندان لە بواری ڕۆژنامەوانی و کاری فەننییەوە، هەروەها هەوڵبدرێت کەناڵە کوردییەکان تـا ڕادەیەك ئاوێنەی ژیانی سیاسی، کۆمەلایەتی و فەرهەنگیی هاووڵاتیانی کوردستان بن.

کۆماری ئیسلامی لە بواری ستراتیژیی کاری ڕاگەیاندندا دوو ئەرکی گرینگی بۆ خۆی دانـاون و بەردەوام کاریان لەسەر دەکات:

یەکەم: سانسۆر لە تەواوی ڕاگەیاندنەکانی ناو ئێران، بـەتایبـەت ئـەوەی کـە پـەیـوەنـدی بـە دەسەڵات و ژیانی سیاسی، کۆمەڵاتی و کۆلتووریی هاووڵاتیانەوە هەیە، بەشـێوەیـەکی بـەربـڵاو بەڕێوەدەچێت. لە ڕاپۆرتێکی مـەیدانیـدا کـە پـەیـامنێرانی بێسـنوور لـە بـواری گوشـارەێنان، دەستگیرکردن، کوشتنی ڕۆژنامەوانان، هەروەها سانسۆر لە کاری ڕاگـەیانـدن لـە سـاڵی (٢٠٠٩ واتە ١٣٨٨) لە ١٧٥ وڵاتی جەاندا کردوویانە، کۆماری ئیسلامی لـە پلـەی ١٧٢یـەمین دایـە و ڕێژەی سانسۆر و ئازاری جەستەیی، سیاسی و ڕۆحی بۆ سەر ڕۆژنامەوانان لە ئێران (١٠٤،١٤٪) بووە. ئەمە سەرەڕای ئەوە کە بارودۆخی لەرادەبەدەر قـورس و نـەبـوونی ئـازادی نیشـان دەدات، کاری ڕاگەیاندنەکانی کوردستانی ئێران لە ڕادەبەر قورس دەکات، کە چۆن بتوانن ئەم بارودۆخـەی

که کۆماری ئیسلامی پێکهێناوه، تا رادەیەکی باش بتوانن زانیاری گەیێن بنو لە بواری گەیاندندا لە جاران چالاکتر بن.

هاوولاتیانی ئێران و کوردستان تینووی گەیاندنی زانیاری و دەنگوباسن. لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە کە راگەیاندن، گەیاندنی زانیاری و دەنگوباس بۆ کۆماری ئیسلامیش جێی بایەخن، بۆیە رێژەی سانسۆر و ئازاری رۆژنامەوانان سنووری سەد لەسەدی بەزاندوە. ئەم بواره (ئازادیی بیروڕادەربرین و نووسین) رێك پانیەی ئاشیلی مەلا ئەتۆمییەکانی تارانە و پێویستە لەم بوارەدا هەرچی وزە هەیە بکەوێتە گەڕ بۆ ئەوەی زانیاری و دەنگوباس بەدەست هاوولاتیان بگات.

خالی دووەمیان چەتحستە بەر کاری تەلەفزیۆنە ئاسمانییەکانە (پارازیت) بەو مەبەستە کە پەیوەندی نێوان هاوولاتیان و ئەم تەلەفزیۆنانە بپچڕێنێت.

بەربەرەکانی لەم بوارەدا وشیاری و دەرفەتی ماددی گەرەکە کە چۆن بتوانن بەر بەم پچڕانە بگرن و درێژە بە کاری گەیاندنی زانیاری و هەواڵ بدەن.

تاران ماوەیەکە لەم بوارەدا گەلێك چالاکە و دەرفەتێکی ماددی زۆری وەگەڕخستووه. گرفت نانەوه بۆ بی بی سی، رادیۆ ئالمان، گووگڵ، فەیسبووك تویتر و ...... ، هەروەها راگەیاندنە کوردییەکان. سەرەکی ترین هۆکاریش کە بۆ ئەم (چەتحستنانە) دەگەڕێتەوە، ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لە لایەن ئەم راگەیاندنانەوه رووبەڕووی گوشارێکی زۆری گەیاندنی زانیاری و بڵاوکردنەوەی دەنگوباس سەبارەت بە ئێران و ئەم کێشە جهانییانەی کە پەیوەندیان بە تارانەوه هەیە، بۆتەوە. ئەگەر جاران سنووره زەوییەکان دادەخران، ئێستا ئەم ململانێیان لە ئاسمان و گشتیان ئاسمانی ئێرانیان گەمارۆ داوه. تاران هەستی بەوە کردووە کە راگەیاندنەکانی دەرەوەی سنووری ئێران بینەری گەلێك زۆرن، لەبەر ئەوە بۆی گەلێك گرینگە کە بەر بەم وێنە، رەنگ و پیتانەوە بگرێت کە لە شوێنێکی ترەوە روو لە ئێران دەکەن. لە ساڵی ٢٠٠٩وە کەناڵێکی فارسیی زمان بە ناوی (فارسی ١) دەستی بە وەشانی فیلمی سینەمایی کردوە کە رووی لە ئاسمانی ئێران، تاجیکستان و ئەفغانستان کردوه. ئەم کەناڵە بۆتە یەکێك لە کێشەکان بۆ کۆماری ئیسلامی، بە گوێرەی هەندێك ئاماری نارەسمی، نزیك بە (٤٩٪) دانیشتوانی تاران سەیری ئەم کەناڵە دەکەن.

دەرهەڵبوونی ئێران بە بەر گرتن بە ڕایەڵە تەلەفزیۆنییەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی تاران لەبەر ئەوەیە کە گشت دەنگەکانی ناوەوە و دەرەوە کپ بکات. ئەمە ئەوە نیشان دەدات کە ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی چەندە بۆ دێموکراسی، ئازادیی بیروڕا و نووسین گرینگە، لەبەر ئەوە کەرەسەکانی ڕاگەیاندن هێز و دەسەڵاتیان هەیە.

ئەم کارەسانە هێز و تواناش بە گرووپی سیاسی دەدەن تا پەیوەندییان لەگەڵ هاووڵاتیانی کوردستانی ئێران سەر لە نوێ نوێ کەنەوە و لەم بوارەشدا باشتر دەوریان لە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی هاووڵاتیاندا هەیە. ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی ئەرتەشێکی بەهێزە کە ڕۆڵی لە گۆڕینی چەشنی خەباتدا بووە و هەیە و پانتاییەکەشی دەتوانێت بواری نەتەوەیی بێت.

# نەخشی زانیاری

# لە جیهانی ئەمڕۆدا

شاهۆ فەرازمەند

هـــەزارەی ســێهەم، بـەڕای زۆربــەی بیرمەنــدانو هزرڤانــان چــاخی زانیــاری و هــەر بـەو پێیــەش سەردەمی"ئای تی"یان بە واتایەکی دیکە "تێکنۆلوژی زانیاری"یە. ئەو ڕەوتــە ســاڵانێکی زۆرە کــە دەستی پێکردوە و کۆمەڵگاکانی پیشەیی بـەو ئاراسـتەیە دەڕۆن، بــەڵام لــە ســەرەتای دەیــەی ٩٠ی زایینییەوە خێرایی ئەو ڕەوتە بە شێوەیەکی سەرسور هێنەر لە بەرەوپێشچوون دایە. ئــەمڕۆ هێنــدیك دەستە واژەو واتـای نـوێ وەك "کۆمــەڵگای ئێلێکترونیــك"، "فێرکــاری ئێلکترونیــك"،" دەوڵــەتی ئێلکترونیــك" و "بازرگــانی ئێلکترونیــك"و... ســەریان هەڵــداوە کــە لــە راســتیدا بەرهــەمی ئــەم هەلومەرجەیە. تەنانەت لەو کۆمەڵگایەنەی کە کەمتر پەرەیان ستاندوە یان گەشــەیان نــەکردوە، ئــەم دەستەواژانە نامۆنین.

هەر ئەم هۆکارانەشە کە بیرمەندانی هێناوەتە سەر ئەو بڕوایەی کــە ئــەم ســەردەمەی بــە "چــاخی زانیاری ناوزەد بکەن و بڵێن کە زانیاریو پێشکەوتنەکانی پێوەندیدارە کە سیســتمی نــوێی جیهــانی بەرهەم هێناوە و شکڵی پێدەدات. پێرسپێکتێوی ئەم وەزعییەتەش، ئەوەمان پێشان دەدات کــە هــەر کەس بە خێرایی خۆی لە گەڵ ئەو سیستمە نەگونجێنی، بە خێرایی حەزف دەبێ.

**سیستمەکانی زانیاریو پێوەندی**

لە ڕاستیدا سیستم بە واتای یەکەیەکی تێك هەڵکێشی پێکهاتوو لە بەشە جۆراوجۆرەکانــە کــە لــە ژێر کاریگەری پلانێکی هاوبەشو بۆ ئامانجێکی هاوبەش کاردەکات.

کە واتا کاتێك باس لە سیستمی زانیاری و پێوەندی دەکەین،بەو مانایەیە کە ئامانجی ئەو سیستمە لە بەردەستنانی زانیاری بە واتای گشتییە.سیستمی زانیــاری دەتوانێــت چەشــنەکانی زانیــاری وەك، هەواڵ، بابەتی زانستیو پــەروەردەیی، موســیقی، داتا،ســەرگەرمی، کۆمەڵایــەتی، ئایــدئولوژیك... بگوازێتەوە بۆ بەکارهێنەرەکانی خۆی.

کە وابوو تایبەتمەندی ئەو سیستمە ئەوەیە کە زانست و زانیاری لە نێو خەڵكدا بڵاو دەکاتەوە. هەر بەم پێیەش دەبێ سێ شتی بنەرەتی وڵام بداتەوە:

یەکەم: بە بەکارهێنەر نیشان دەدات کە لە کوێ زانیاری پێویست وەدەست بێنێ.

دووهەم: هەرکاتو ساتێك کە بەکارهێنەر ویستی، دەبێ بتوانێ زانیاری وەدەست بێنێ.

سێهەم: لە کاتێکی زۆر کەم و بەخێرایی زانیاری لە بەردەست بەکارهێنەر بێ.

جۆرەکانی سیستمی زانیاری و پێوەندی:

**الف: سیستمی یەك ناوەندی:**

ئەم سیستمە بە شێوەی یەك لایەنە، لە سەرێ بۆ خوارێ و بە شێوەیەکی نایەکسان پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دادەپۆشی دەدات. بەکگراوەندی ئەم سیستمە ئەوەیە کە رەوتی زانیاری دەبێ لە کۆنترولی خاوەن دەسەڵاتەکاندا بێت.

بە واتایەکی دیکە خواستی نیزامی سیاسی حاکم ئەوەیە کە چاوەدێریو کۆنترۆڵی چڕی لە سەر جەریانی زانیاری هەبێت و بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی کەڵکی لێ وەرگرێ.

**ب: سیستمی چەند ناوەندی**

ئەم سیستمە چەند لایەنە و چەند ئاراستە عەمەل دەکات، و بە هۆی سەر هەڵدانی تێکنولوژی زانیاری و پێوەندییەکان و بەربلاوتر بوونی زانست سەری هەڵداوە.

هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم سیستمە بریتین لە:

— بەربلاوتر بوونی تێگەیشتنی گشتی لە کۆمەڵگاکانو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

— پێشکەوتنی کۆمەڵگای مەدەنی و پەرەگرتنی ئورگانیزاسیونی کۆمەڵگا

— پەرە گرتنی مافی تاك لە کۆمەڵگادا

— تێگەیشتن لە رۆڵ و کاریگەری هۆکارەکانی راگەیاندن

**ج. سیستمی جیهانی:**

بەو واتایە کە تەواوی خەڵك لە سەرانسەری جیهان و لە هەر چین و توێژیك توانای بەرهەم هێنان و بەشداری لە هۆکارەکانی راگەیاندن و گواستنەوەی زانیاریان هەیە.

واتا دەتوانن ناوەرۆکی راگەیەنەکان دیاری بکەن و بە سانایی کولتوور، ئەرزشەکان، ئەزموونەکان و شێوەی ژیانی خۆیان لە ئاستە جۆراوجۆرەکاندا بلاو بکەنەوە.

تایبەتمەندی سیستمی جیهانی ئەوەیە کە زۆر بە توندی لە ژێر کاریگەری تێکنولوژی زانیاری و پێوەندی دایە.

هەر سەرهەڵدانی ئەو سیتمەشە کە بۆتە بنەمایەکی بەهێز بۆ" پارادیمی جیهانی بوون". واتا کاتێك باس لە چەمکی جیهانیبوون دەکەین بە خێرایی سیستمی گشتی پێوەندی جیهانی لە ناخماندا وێنا دەبێ.

**چەمکی تێکنۆلۆژی زانیاری:**

لە جەریانی بابەتەکەمان چەند جارێك باسی تێکنولوژی زانیاری کرا، بەڵام مەبەست لەو چەمکە چی‌یە؟! لە راستیدا تەواوی ئامراز و کەرەستەکانی کە بە هەر جۆرێك دەبنە هۆکاری بەرهەمهێنان، کۆ کردنەوە و بڵاو کردنەوەی زانیاری، پێیان دەگوتری"تێکنولوژی زانیاری".

بە واتایەکی دیکە، تێکنولوژی زانیاری بە کۆی کەرەستەکان، زانست، مێتۆد، توانایی کەڵك وەرگرتن، گواستنەوە و دابەشکردن، ئامادەکاری و بە کارهێنانی زانیاری‌یە. کە وابوو هەر راگەیەنەرێك کە توانای گواستنەوەی زانیاری لە شوێینەکەوە بۆ شوێنێکەوە دیکە هەیە، دەچێتە چوارچێوەی " تێکنولوژی زانیاری"(IT)یەوە. ئەم شتەش دەتوانی لە کتێبخانەیەکی بچووکەوە تا ئینترنێت و...بگرێتەوە.

**لە راستیدا پەرەستاندنی تێکنولوژی زانیاری لە کۆمەڵگای مرۆیی لە سەرەتا تا ئێستا بەم قۆناغانەدا تێپەریوە،**

ـــ قۆناغی کرومانیرن یان قۆناغی سەرهەڵدانی زمانی وەك ئامرازی پێوەندی (٣٥٠٠ساڵ پێش زایین)

ـــ نووسراوە سومری‌یەکان لە لەوحە گڵی‌یەکان

ـــ چاپی کتێب لە چین (٦٠٠ساڵ پێش زایین)

ـــ چاپی کتێبو بەرهەمهێنانی دەزگای چاپ، بەهۆی گۆتنبێرگ(١٤٥٣زایینی)

ـــ بەرهەمهێنانی ئامێری مۆرس بە هۆی ساموئل مۆرس (١٨٤٨)

ـــ بەرهەم هاتنی یەکەم ناوەندی هەواڵنیری بە ناوی ئاسۆ شیتدپرێس(١٨٤٨زایینی)

ـــ ساز کردنی تەلەفوون بە هۆی گراهام بێل(١٨٧٦ز)

ـــ ساز کردنی بێ‌سیم بە هۆی مارکۆنی (١٨٩٥ز)

ـــ ساز کردنی لامپی دوربین، بە هۆی زوربکین (١٩٢٣ز)

ـــ ساز کردنی یەکەم کامپیۆتر لە ئامریکا(١٩٤٢ز)

ـــ ساز کردنی یەکەم تەلەفزیونی کابلی (١٩٥٠ز)

ـــ ناردنی یەکەم سەتەلایتی یەکیەتی سوڤییەت لە ژێر ناوی ئیسپوتینگ بۆ ئاسمان (١٩٥٧ز)

ناردنی یەکەم سەتەلایتی تەلەفزیونی ئەمریکا بە ناوی"تێلەستار"(١٩٦٢ز)

ـــ بڵاوکردنەوەی وال ستریت ژورنان بە هۆی سەتلایت(١٩٧٥ز)

ـــ پەرەستاندنی کامپیوتری شەخسی بە کەمتر لە ٥٠٠دۆلار(١٩٨٠ز)

ـــ قۆناغی پەرەستاندنی شەبەکەکانی ئێلێکترونیك (١٩٩٠ز)

# راگەیەنەگشتییەکان و کاریگەرییان لە کۆمەڵگەدا، لە روانگەی بەڕێز غازی حەسەن، سەرنووسەری هەفتەنامەی "بارزان نیوز"ەوە




دیمانە: تیشك

**تیشك: بەرێز مامۆستا غازی حەسەن پێشەکی سپاسی جەنابتان دەکەین بۆ بەشداریتان لەم وتوویژەدا تکایە، بفەرموون راگەیاندن لە کۆمەڵگە چۆن پێناسە دەکرێت، واتە جێگەی راگەیاندن لە کۆمەڵگە لە کوێ دایە یان ئەرك و رەسالەتی راگەیاندن لە کۆمەڵگەدا چییە؟**

و: وەکو فۆکۆ دەبێژێت هێز زانیارییە، میدیاش گەیاندنی ئەو زانیاری و پەرەپێدانی ئەم هێزەیە، راگەیاندن لە سەردەمی زانیاری و پێشکەوتنی تێکنولۆژی و مانگە دەستکردەکان و ئینتێرنێت هەمان ئەو پێناسە کلاسیکییەی نییە، کە لە کۆمەڵگەی کۆنو دەرەبەگی و دواکەوتووەکاندا هەیانە. وەکو چۆن کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی گۆرانی بە سەردا هاتوە، بە هەمان شێوەش پێناسی راگەیاندن گۆرانی بە سەردا هاتوە. راگەیاندن گەیاندنی زانیارییە پێویستەکانە، ناساندنی کولتوورە جیاوازەکانە بە تایبەتیش لە سەردەمی بچوکبوونەوەی دونیاو کرانەوەی شارستانییەکان بە روی یەکتردا.

لە سەردەمی پێشکەوتنی تێکنۆلۆژیدا راگەیاندن رۆژانە، سات دوای سات بەنوێترین زانیاریو هەواڵ و بابەتی تازەوە لە پشت کیشوەرەکانەوە بە خێرایی تیشکی رۆژ دەگاتە تاریکترین قوژبنی دونیا، راگەیاندن لە رێگەی ئینتێرنێتەوە هەموو سانسۆرو دەسەڵاتو هێزیکی سەرکوتکەری پوچەڵ کردۆتەوە. لەبەر ئەوە ئاساییە پێناسەی راگەیاندن بە تێکشکانی سانسۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی بزانرێت.. ئازادی راگەیاندن هێندە کاریگەر بووە، تەنانەت دامودەزگە سەرکوتکەرەکانی دژ بە ئازادیش ناچار بوون بە بایەخەوە لەم پێشکەوتنە بنۆڕن.

سەبارەت بە کاریگەری راگەیاندن لە کۆمەڵگە دەکرێت بە پوختی وەها سەرەنجەکان بخەینە روو، زۆر لە زانایانی بواری کۆمەڵناسی لە سەر ئەوە کۆکن کە شۆڕشی زانیاری هەر بە تەنیا دەوڵەتی نەتەوەیی نەگۆریەوە، بەڵکوو سنوری بۆ هیچ کولتوور و پێکهاتەیەکیش نەهێشتۆتەوە، راگەیاندن کاریگەری لە سەر تاکی کۆمەڵگە دواکەوتووەکانیش دروست کردوە، تەنیا لە رێگەی راگەیاندنی نوێ، خەریك کەسایەتیەکی جیهانی بێتە ئاراوە.. لەرێگەی مانگی دەستکردو ئینتێرنێتەوە، هەموو تاکێك دەتوانێت لە ماڵەکەی خۆیدا لە رۆژهەڵاتەوە، ئاشنایەتی لەگەڵ ژیان و پێشکەوتنی رۆژئاوا پەیدا بکات... واتە رێگای دوورەکان، گۆرانە کۆمەڵایەتییەکان و پێشکەوتنی ئابووری و رۆشنبیری لەم چوارچێوە بەرتەسکەدا نەماون، چونکە راگەیاندن رۆژانە زانیارییە گرینگەکان لە گروپە باڵادەست

و سەرکردە باڵاکانەوە، دەگوازێتەوە بۆ خەڵکی سادەو کۆمەڵگە هەژارو دواکەوتووەکان بە بێ جیاوازی و بێ سانسۆر. ئەمە وایکردوە راگەیاندن وەکوو بەشێك لە کۆمەڵگە رۆڵ بگێرێت.

**تیشك: هەروەك دەزانین راگەیاندن بە جۆرێك لە دەسەڵات واتە دەسەڵاتی چوارەم ناو دەبرێت، شرۆڤەی بەرێزتان لەم پەیوەندییەدا بۆ خوێنەرانی تیشك چییە؟**

و: دەسەڵاتی راگەیاندن لەگەڵ گۆرانکارییە دیارەکانی کۆمەڵگە ئەویش پەرە دەستێنێت، راگەیاندنی سەردەمی دەرەبەگایەتی، کە پتر خۆی لە کاغەزو ئەدەبیات دەنواند، لە سەردەمی پیشەسازیدا چۆتە قۆناغێکی دیکەوە، داهێنانی چاپ و دواتر فرەبوونی ئامرازەکانی گەیاندن دەسەڵاتی راگەیاندنی فرەو کاریگەرتر کرد، لە سەرەتای سەدەی بیستەم و دواتریش لە شەستەکانی رابردوو، بە هۆی بەکارهێنانی کۆمپیوتەرو گەیاندنی زانیاری و شۆرشی نوێی گەیاندن، راگەیاندن پێی نایە قۆناغێکی ئێجگار گەورە، تا وای لێهاتووە کەسانی وەك جۆزیف نای و ویلیام ئۆنزا لە ئەمەریکا بەجۆرە باسی دەسەڵاتی راگەیاندن لە نێو پێشکەوتنە گرینگەکانی دونیا بکەن: ئەو وڵاتەی لە شۆرشی زانیارییەکاندا یەکەم بێ ئەوا بە هێزترین دەبێ، ئەگەر لە رابردوودا باڵادەستی لە بواری چەکی ناوەکیدا بووە بۆ سەرکردایەتی کردنی هاوپەیمانییەکان، ئەوا لەم سەردەمەدا باڵادەستی لە بواری زانیارییەکاندا دەتوانێ ئەم رۆڵە بگێرێ، زانیارییەکان فەرمانرەوایی ئیمپراتۆریەتی نوێی جیهانی دەکەن.

بە پێی ئەم بۆچوونە دەردەکەوێت کە دەسەڵاتی کلاسیکی لە سەرکردایەتی کردن کە خۆی لە هێزی سەربازی و لەشکرو چەکی ناوکی دەنواند، ئێستا خۆی لە زانیاری و گەیاندن دەنوێنێتو واتە راگەیاندن دەکرێت سەرکردایەتی گۆرانکارییە بنەرەتییەکان لە نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، پێکهاتەی چینایەتی کۆمەڵایەتی، کێشەی ئابووری و هەتا دەروونییەکانی دواکەوتووترین کۆمەڵگەش بکات. لێرەدا بە روونی بۆمان دەردەکەوێت ئەو دەسەڵاتە دیکتاتورو سەرکوتکەرانەی هێشتا بە شێوەی کلاسیکی مامەلە لە گەڵ پێشکەوتنی تێکنۆلۆژیو سەردەمی زانیارییەکان دەکەن، هێشتا لە کاریگەری راگەیاندن و ئامرازە نوێکانی گەیاندن نەگەیشتوون، پێیان وایە لە رێگەی

لەشکرو دامودەزگە سەرکوتکەرەکانیان دەتوانن پێش لە پەرەسەندنی راگەیاندن و دەسەڵاتی راگەیاندن بگرن.

**تیشك: بە سەرنجدان لە پرسیاری پێشوومان راگەیاندن بە جۆرێك چاوو گوێی کۆمەڵگەیە، ئێستا ئەو پرسیارە دەوروژێ کە پەیوەندی راگەیاندن و راگەیاندنکاران بە دەسەڵاتی حکومەت و دەولەتییەوە دەبێ چۆن بێت؟**

و: من بڕوام وایە بە هۆی ئەو گەشەکردنە خێرایە کە لە بواری گەیاندن لە ئارادایە، دەسەڵات و ئەرك و پەیامی راگەیاندنی بە شێوەیەکی بەرچاو بە هێز کردووە، راگەیاندن دەسەڵاتی لە ئابوری و لەشکر کەمتر نییە، بۆیەشە لەم بوارەدا ئەرکی رۆژنامەنووس و کارمەندانی راگەیاندن زۆر کاراو کاریگەر بووە. ئەو رۆژنامە تەقلدییەو کۆنە نەماوە کە پێش چارەگە سەدەیەك بەر لە ئێستا هەبووە. رۆژنامەنووس لە سەردەمی ئەمرۆدا کار دەکات تا ئاستێکی زۆر وەکوو زمانحاڵی دەسەڵات خۆی پێشان نەدات، سنوری کارکردنی فراوان بووە، دەسکەوتنی زانیاریی رۆژانە خێراو بەرفرەتر بووە. بەکارهێنانی مۆبایل و کومپیوتەر و ئینتێرنێت رۆلی رۆژنامەنووس و کارمەندانی بواری راگەیاندنی کارا کردوە، بۆیە نە حکومەت و دەسەڵاتە شمولیەکان دەتوانن وەکو پێشوو کۆنترۆڵی راگەیاندن بکەن، نە راگەیاندکاران دەتوانن بە هەمان شێوازی کۆنو دابڕاو لە پێشکەوتنە خێراکانی تەکنەلۆژیا کار بکەن.

**تیشك: ئەمرۆ چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی و رەهەندەکانی مەجالێکی بەرفرەی بۆ راگەیاندن رەخساندووە، پێتان وایە پەیوەندی و باندۆری کۆمەڵگە بە گشتی و کۆمەڵگەی مەدەنی و راگەیاند لە سەر یەکتری چۆنە؟**

و: هەموو ئەو گۆرانکاریانەی بە سەر کۆمەڵگە جیاکان داهاتوو، پێش هەر شتێك بە گۆرانکاری ناودەبرێن، پەیوەندیان بە چاکسازیو باشتر بوونی ئاستی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەیە، گۆرانکاری لە سیستەمی شێوەی بەرێوەبردن و سەرکردایەتی کردنە. ئێمە دەزانین لە ئەوروپا لە سایەی پێشکەوتنی ئابوری، گەشەکردنی کۆمەڵایەتی هاتۆتە ئاراوە، سیستەمی ژیانو بەرێوەبردن و مافە مەدەنییەکانی

تاك، هەروەها ڕێکخراو و پێکهاتە جیاکان گۆڕانی بەسەردا هاتوە. لە ئەمەریکا لە سایەی کۆتایی هاتن بە کێشەی ڕەگەزپەرەستی و پێشکەوتنی ئابوری و بەردەوام نوێبوونەوەی کاپیتالیزم و پەرەسەندنی ئاستی داهاتی تاکی ئەمەریکی ئازادی ڕادەربڕین و مافە مەدەنییەکانیش بەرچاوتر جێگەیان گرتووە. لە نەوەدکاندا لە ئاسیا مالیزیاو ئەندونوسیاو سەنگافورە هەندێك هەنگاویان بەرەو کرانەوەو گەشەکردن نا، کەچی تاکو ئێستاش چین ناتوانێت وەکو پێویست دەرگە بە رووی ئازادی گەیاندن بکاتەوە، کێشەی گۆگلی هەیە، تەنیا وایلێهاتووە لە جیاتی شەڕی سەربازی و دیپلوماسی، شەڕی گۆگل بکات، ئەمە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ڕۆلی ڕاگەیاندن چەندە چۆتە پێش. ئەمە یەکێکە لە بنەما بەرچاوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، کە زانیاریو دێموکراسی و دوور کەوتنەوە لە توندوتیژی شوێنی هێزو سڕینەوەو سەرکوتکردن دەگرێتەوە. ئەمە ڕاگەیاندنە کە زۆر بە خێرایی تێکەلی کۆمەڵگە دەبێت.

**تیشك: ڕاگەیاندن لە گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵگە پشکی زۆری بەردەکەوێت، پرسیارەکە ئەوەیە کە ڕاگەیاندن چۆن دەتوانێت یارمەتی بە گەشەکردنی کۆمەڵگە بدات و لەپێشکەوتنی کۆمەڵگەدا چ ڕۆلێك دەگێڕێت؟**

و: لەبەر ئەوەی ڕاگەیاندن بە شێوەی ڕابردوو لە دەستی دەسەڵات و لایەنە فەرمانڕەوایەکان نەماوە، بۆتە بەشێك لە دەسەڵاتی خەڵك بەگشتی، پێکهاتە جوداکان دەتوانن بەشێوازی جودا زانیاری بڵاو بکەنەوە، لە خێراییەکی بێ وێنە دەنگ و ڕەنگ و وشە دەگەیەننە خەڵك لە سەرتاسەری دونیا، سانسۆر ئەو ترس و دەسەڵاتەی پێشووی بەسەر بڵاوکردنەوە نەماوە، بۆیە ئاساییە تاکیش ئازادانەتر لە جاران مامەلە لەگەڵ ڕاگەیاندن بکا، ئەوەی لە تەلەڤیزیۆنەکان و ڕۆژنامەکان بەدەستیان ناکەوێت بە ئاسانی لە ڕێگەی ئینتێرنێتەوە بەدەستی دێنن.

ڕاگەیاندن هەر بەتەنیا زانیاری بڵاوناکاتەوە، بەڵکو سەرکردایەتی ڕووداوەکانیش دەکات، شەڕی ئێستا هەر تەنیا پشت بە چەك و لەشکر نابەستێت، بەڵکوو ڕاگەیاندن و گەیاندن وەکو هێزێکی گرینگ و جێگەی بایەخ بەکار دەهێنرێت، لە ڕاپەڕین و نارەزاییەکانی ساڵی ڕابردووی ئێران ئینتێرنێت ڕۆلێکی دیاری لە هاندانو وریا کردنەوەی خەڵکی گێڕا.

له هەمان کاتدا ڕاگەیاندن ئەمڕۆ وەکو دەسەڵاتێکی دیاری پەروەردەکردن و بڵاوکردنەوەی زانیاری بەکار دێت.

هەروەها لە پێناو ئاشنا کردنی کولتوورو ڕۆشنبیری نەتەوەو کۆمەڵگە جوداکان ڕۆل دەگێڕێت. ڕۆلی ڕاگەیاندن لەبیناکردنی کۆمەڵگە بەرچاوە. شێوازی ژیان و جلوبەرگ و خواردن و بیرکردنەوەو شێوازی مامەلەکردن لە کۆمەڵگە بە یەکتر ئاشنا دەکات.. جیاوازییەکان کەم دەکاتەوە. کەوایە ڕاگەیاندن لە سەردەمی ئەمڕۆکەدا، بە کردەوە سەرکردایەتی کۆمەڵگە دەکات، یەکسانی لە دەستخستنی زانیاری لە نیوان تاکەکانی یەك کۆمەڵگەو هەروەها کۆمەڵگە جیاکانی دونیا دروست دەکات، دەرفەتی فێربوون دەداتە خەڵك، سنوری بڵاوکردنەوەی نەهێشتووە. ئەمانە و گەلێك هۆکاری دیکە وایان کردووە ڕاگەیاندن ڕۆلی کارا لە پێشکەوتن و گەشەپێدانی کۆمەڵگە بگێڕێت.



بەهات حەسیب قەرەداغی

# پێناسەو رۆڵی راگەیاندن لە دیمانەیەك دا، لە گەڵ بەڕێز بەهات حەسیب قەرەداغی، مامۆستای زانكۆ

**دیمانە: تیشك**

**تیشك: بەرێز مامۆستا بەهات حەسیب قەرەداغی پێشەکی سپاسی جەنابتان دەکەین بۆ بەشداریتان لەم وتووێژەدا، تکایە بفەرموون ئێوە ئازادی چۆن پێناسە دەکەنو پێوەندی راگەیاندن و ئازادی چۆن دەبینن؟**

و: "ئازادی" کرۆکی کەرامەتی ئینسانە، بە بێ ئازادی هەستێکی قوورسی تاڵو تاقەت پڕوکێن جەستەو هزرو دەروونی تاکەکان داگیر دەکات. مرۆڤی کویلە تام لە ژیان ناکات، چێژی خۆشیی‌یەکان ناکات... دڵی بە خۆیی و بەوەی کە هەیەتی خۆش نابێ. مرۆڤی ژێر دەستەو خەفە کراو چ جیاوازییەك لە نێوان ژیان و مەرگدا نابینێتەوە. بگرە زۆر جار خۆزگە بە مەرگ دەخوازێ و چاوی بە ژیاندا هەڵنایە. دەی کە وابێ مرۆڤ "بێ ئازادی" لە مرۆڤایەتی و لە ژیان و لە خۆشیو بەختەوەری بێ‌بەشە. سەرباری ئەمانەش هەموو چرکە ساتێك تاڵاوی سووکایەتی پێکردنو کەمزانین و حساب بۆ نەکردن دەچێژێ.

هەڵبەت"ئازادی" چەمکێکی بەرفراوانەو پارچە پارچە کردن و دابەشکردنی قبوولّ نیە. راستە رەنگە هەندێ جۆری یان فۆرمی ئازادی، بکەوێتە پاش یان پێش لە هاتنەدیو پیادە کردنیدا...راستە زەروورەتی ئەم یان ئەو فۆرمی ئازادی، لێرەو لەوێ، ئێستا و ئەوسا، بۆ من یان ئەوانیتر، پاش و پێشیان تێ دەکەوێ... بەڵام لە دوا جاردا "ئازادی" بۆ خۆی بە هەموو فۆرم و جۆرەکانییەوە، دەبێتەوە بە یەك(پاکێج) و بە یەکبوونەوەی هەموو فۆرمەکانی، کەرامەتی پێشیلکراوی مرۆڤەکان و کۆمەڵگە و مرۆڤایەتی پارێزراوو رێز لێگیراو دەبن.

یەکێکیش لەو فۆرمانەی"ئازادی" کە زۆر جار دەکەوێتە پاش بە دەستهێنانی "ئازادی" خاك و نیشتمانەوە... بریتی‌یە لە "ئازادی رادەربڕین" و پاشانیش" ئازادی راگەیاندن".

ئەو دوو فۆرمەی ئازادی، نایەنە دی و نابنە راستی، تا لە سەر خاك و ئاوێکی ئازاددا نەژێی... تا ئەو ساتەی نان و ئاوت، خەون و خۆراکت تا ڕادەیەکی بەرچاو ئازاد نەبێ، "ئازادی رادەربڕین و راگەیاندن" ئەستێرەی بەختیان کز و نەبینراوە دەنگیان نەبیستراوە... بەڵام هەر کە مرۆڤەکان ئاو و خۆراك و جێگەو رێگەو هاتو چۆیان ئازاد بوو، ئیدی ئازادی رادەربڕین و دواتریش ئازادیی راگەیاندن،

وەك زەروورەت سەر هەڵئەدەن ئەستێرەیان بە رۆژی رووناکیش دەدرەوشـێتەوەو دەنگیـان دەبیسـرێ و هێنانە دییان دەبێتە ئەرکێکی هەرە لە پێشی دەوڵەتو کۆمەڵگە.

**تیشك: بە سەرنجدان لە وەڵامی پرسیاری پێشوومان میدیای ئازاد یان راگەیاندنی ئازاد کامانەن و ئەو ئازادییە تا کوێیە و چۆن سنووردار دەکرێ؟**

و: لە بەر ئەوەی چەمکی ئازادی چەمکێکی مردوو نیە، بەڵکوو زۆر زیندووە و بەردەوام لە گەشـە سەندندایە، بۆیە زۆر سەختە پێناسەیەکی کۆنکرێتی و تا هەتایی بـۆ هـیچ بوارێـك بکـەین کـە بـە ئاستەم لکا بێ بە"چەمکی ئازادییەوە". لە گەڵ ئەوەشدا دەتوانین لە جێی پێناسـە کـردن، پـەنا بـۆ "ناسینەوە" ببەین... واتا خۆمان خەریکی ئەوە بکەین کە ئایا چۆن"راگەیاندنی ئازاد" بناسـینەوە؟ نەك پێناسەی بکەین.

لەم روانگەیەوە بۆم هەیە بڵێم، راگەیاندنی ئازاد ئەو راگەیاندنەیە کە فەزایەك بۆ ئازادی رادەربڕین فەراهەم دەکات، ئەو راگەیاندنەیە کە فەزایەك بۆ هاوسەنگی دەپارێزی و بەیەك دووری لە گشت بـیرو بـــاوەڕە جیاوازەکـــان و دەســـتەو گـــروپ و تاقمـــە سیاســـیو فیکـــریو کۆمەڵایەتیـــەکان دەوەستێ...راگەیاندنی ئازاد خۆی لە سەنگەر نانێ و هیچ جۆرە شەڕێك ( جگە لە شـەری پاراسـتنی ئازادی) بەڕەوا نازانێ، نە بۆ خۆی نە بۆ هیچ لایەنێکی بە ڕەوا دەزانێ.

ـ ئازادی تا کوێ؟! بۆ ئەمەیان سـێ فاکتـەر رۆلی یەکلاییکـەرەوە دەگێڕن...یەکـەم، دەسـتوور و یاساکانی وڵات، دووەم، کەلتوور و دابو نەریت و هۆشیاری کۆمەڵایەتی بە ئاینیشەوە.

سێهەم؛ خواستو تواناو لێهاتوویی و باکگراوندی پەروەردەییو فیکری و فەرهەنگی تاکـەکان. بـە کار لێکردنی ئەم سێ فاکتەرە سنووری ئازادییەکان دیاری دەکرێن...

هەڵبەتە ئەوەش پەیوەندییەکی دانەبڕاوی بە شوێن و کاتەوە هەیە... ئەوەی لـەم سـەردەمەو لـەم وڵاتەدا بە خەتی سوور دادەنرێ لە سەردەم و زەمانێکیتردا و هەر لەم وڵاتـەدا رەنگـە ببێتـە خـەتی سەوز!

ئەوەی لەم وڵاتە ریپێدراوە لە وڵاتێکیتر و لە هەمان سەردەمدا خەتێکی سووری خۆیناوییە!

**تیشك: چ جۆره تێگەیشتن و لێك تێگەیشتنێك پێویسته بۆ ئەوەی ڕاگەیاندن عینوانی ڕاستەقینەی خۆی، واته"ویژدانی وشیاری"کۆمەڵگا وەرگرێ؟**

و: بەر له هەموو شتێ دەبێ هەم دەوڵەت و هەم کۆمەڵگەو هەم ڕۆژنامەنووسان و تاکەکانی‌تری کۆمەڵگە، ئەو ڕاستیه بۆ یەکتری بسەڵمێنن که: ئازادی پاداشت نیه، ئازادی مافه! ئازادی نادرێ، ئازادی دەسێنرێ!

که واته بۆ بەدەستهێنانی ئازادی(به هەموو فۆرمەکانیەوه) تێکۆشانو ململانێ و بگرەو بەردەو کات و زەمانمان پێویسته.. به پای ئەوانەشەوه هەل و مەرجی ماددی و مەعنەویی گەرەکە.. هەروەها دەبێ هەموو لایەکمان ئەوه بسەلمێنین که"ژیانێکی ئازاد" و"فەزایەکی ئازاد" له بەرژەوەندیی هەموومانه و تیایدا کەرامەتی هەموو لایەکمان پارێزراو و ڕێز لێگیراو دەبێ. تیایدا خۆش بەختی و ئارامی و ئاشتی و دڵنیایی بۆ هەمووان دێته دی...

سەرنج بده وتمان ئازادی به(ململانێ) دێته دی، که چی دەرەنجامی ئەو ململانێیه بەرژەوەندیی هەموو لایەکانی لێدەکەوێتەوه... واتا به پێچەوانەی هەموو جۆرەکانی تری ململانێ، که به سەرکەوتنی لایەك و دوڕاندنی ئەوانیتر کۆتایی دێ!

لێرەوەیه که بۆمان دەردەکەوێ ململانێ بۆ به دەستهێنانی ئازادی ڕادەربرین و پاشانیش ئازادیی ڕاگەیاندن، ململانێیەکی ئەقلانی و مەدەنی و ڕۆشنگەرانەیه... نەك ململانێیەکی توندوتیژ و هێرش بەر وسەنگەر له یەکتر گرتن.

هەموومان دەبێ دان بەو ڕاستیه دابنێین که ئەو کانیاوەیه که هەمووان ئاوی لێ دەخۆینەوه.. نەکەس بۆی هەیه مۆنۆپۆڵی بکا.. نه کەس بۆی هەیه خۆی به خاوەنی بزانێ.. نه کەسیش بۆی هەیه به ناوی ئازادییەوه کوێرەی بکاتەوه.. هەر کەس و هەر لایەنێکمان ئەوەی کرد مانای وایه به دەسی خۆی و به خواستی خۆی، خۆی له گەمەی به دەستهێنانی ئازادی کردە دەرێ و جگە له زبڵدانی مێژوو هیچ جێیەکی‌تری شایسته نابێ.

ئەرکی دەوڵەته به یاسا و به هێزی جێبەجێ کردن ئازادی بپارێزی و دەسدرێژیکەران سزا بدات..

ئەرکی کۆمەڵگەیشه بژارێکی داب و نەریته ئیکسپایەرەکانی خۆی بکا و دەسبەرداری ئەوانەیان ببێ که ڕێگرن له ژیانی ئازاد و پێکەوه ژیانی سەردەمیانه.

ئەرکی میدیاکاران و رۆشنبیرانە کە هەموو ئەو راستیانە بە روونی بۆ کۆمەڵگەو تاکو دەزگاکانی دەوڵەتیش رابگەیێنن.

**تیشك: دیمۆکراتیك بوونی کۆمەڵگاو دەسەلآت راستەوخۆ کاریگەری لە سەر سەرجەم رەهەندەکانی کۆمەڵگا دادەنیٚ، لەوانەش راگەیاندنکاران. بفەرموون ئەو باندۆرە بە چ شێوازێك دەبیٚ؟**

و: هەر وەك پێشتر وتمان، ئازادی راگەیاندن، فۆرمێکی باڵای ئازادییە.. بۆ هێنانە دی ئەم ئازادییە پێویست بە هەلومەرجی شیاوو گونجاوی خۆی دەکات.. لە سەرو هەمووشیەوە بوونی سیستمێکی دێموکراتی‌یە لە حوکمڕانیی وڵآتدا.. چونکە بە بیٚ بوون و سەقامگیر بوونی ئەم سیستمە زەمینەساز و لە بار نابیٚ بۆ پیادەکردنی ئازادیی راگەیاندن.. تەنیاو تەنیا سیستمێکی دیموکراتی لە توانایدا هەیە و لە بەرژەوەندیەتی بە یاسا و رێسا و بەر لەوەش بە دەستوور، مافی ئازادی راگەیاندن رابگەیێنیٚ و پارێزگاریشی لێبکات.

هەر چی کۆمەلگەیشە، کاری بە دێموکراتی کردنی، گەلیٚ سەخت و دژوارە و ماوەیەکی درێژخایەنی گەرەکە.. حەوسەلەو پشوودرێژی دەویٚ. هەر بۆیەشە زۆر جار دەبینین پرۆسەی"ئازاد کردنی راگەیاندن" هەڵکشان و داکشان بە خۆوە دەبینیٚ، چونکە هێشتا کۆمەڵگەو دابو نەریت و کەلتوورەکەی وەك پیویست نایەن بە دەم خواستی ئازادیی راگەیاندنەوەو زۆر شتیان پیٚ هەرس ناکریٚ، لە بەر ئەوە دەبینی هەر لە ناو خودی کۆمەڵگەوە رێگری بۆ ئازادی ڕادەربرین و راگەیاندن دروست دەبیٚ و تا دەگات بەوەی رەنگە پشێویی و نا ئارامیی کۆمەڵآیەتیی لێبکەوێتەوە. لێرەشدا دەوڵەت و دامو دەزگاکانی بە ناچاری و دوور لە خواست و ئیرادەی خۆیان دەکەونە نێوان دوو بەرداشی( دەنگی تووڕەیی کۆمەلگە) و (دەنگی ئازادیی راگەیاندن)ەوە..

**تیشك: بەرێز مامۆستا، ئەخلاق کۆڵەکەی سەرەکی کاری راگەیاندنە، با پێناسەی ئەخلاقی رۆژنامەوانی لە زمانی مامۆستایەکی راگەیاندنەوە ببیستین؟**

و: (ئەخلاقی رۆژنامەوانی) هاوشان و هاوتای یاساکانی دەوڵەت و داب و نەریتەکانی کۆمەڵگە دەوەستێتەوە..

بەو مانایە کە ڕۆژنامەوان دەبێ لە ناخی خۆیدا، لە هزرو هەستو ویژدانی خۆیـدا، هـەڵگری بـڕی بەهاو پیرۆزی ئەوتۆ بـێ کـە هـەم لە(قەدەغـەو یاسـاغەکانی) دەوڵـەت و هـەم لـە (تـاپۆ و هێڵـە سوورەکانی) کۆمەڵگە بیپارێزن.

ڕۆژنامەوان دەبێ ئەو ڕاستیە بزانێ کە ئەمیش تاکێکە لەو کۆمەڵگەیە، نە زیاترو نەکەمتر.. دەبێ ئەوە بزانێ ئەو مافانەی بە خۆیی رەوا دەبینێ.. ئەو ئەرکانەی لە ئەستۆی خەڵکیتری دەنێ، دەبێ لە ئەستۆی خۆیشی بنێ.. ئەو ئەنگیزە و خاڵە لاوازانەی لە دەروون و رەفتارو گوفتاری ئەوانیتردا بەدیی دەکات، با لە خۆیشیدا بە دیبکات، ئەوەی بۆ خەڵکی بە حەرام دەزانێ با بـۆ خۆیشـی بـە حـەرامی بزانێ.. نە ئەم فریشتەیەو نە ئەوانیتر شەیتان.

# دێموکراسی، کۆمەڵگای مەدەنی،
# راگەیاندنی ئازاد،
# سێ چەمکی لێک گرێدراو



کەیهان یوسفی

ئازادیویەکسانیخوازی، چەمکانێکن کە لە مێژووی مرۆڤ و بە تایبەت لەم چەند سەدەی دواییدا و لە رۆژئاوا بوونە هۆی شکلْ گرتن و داهێنانی هزرو ئەندیشەی نوێ و هەروەها سەرهەڵدان و پێکهاتنی جووڵانەوەو بزووتنەوە گەلێك بە مەبەستی وەدیهاتنی ئەم چەمکانە لە ژیانی مرۆڤەکانو لە کۆمەڵگادا.

بە وتەی بیرمەندو فەیلەسووفی بە ناوبانگی سەدەی بیستەمی ئورووپا کارڵ پووپێر:"هەنووکە دێموکراسی رۆژئاوایی(لیبرال دێموکراسی) چاك ترین چەشنی سیستەمی دەسەڵاتدارییەو دەبێت بۆ پاراستنی ئەم جۆرە سیستمە دەسەڵاتدارییە تێ بکۆشین".

دەزانین یەکێك لە ئەرکە بنەڕەتیو سەرەکییەکانی سەرشانی خەڵك لە پێکهاتەیەکی دێموکراتیکدا، بەرگریکردن لە مافە سەرتاییەکانیان واتە؛ ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی ئایین، مافی بەهرەمەندبوون لە پشتیوانی یاسا و هەروەها دەرفەتی رێکخستن و بەشداری کاملْ لە کاروباری سیاسی، ئابووری و کولتووری کۆمەڵگایە.

مێژووی دێموکراسی وەکوو سیستمێکی دەسەڵاتدارێتی دەگەرێتەوە بۆ نزیکەی ٢٥ سەدە لە مەو پێش و سەردەمانی دەسەڵاتدارێتی دەوڵەت ـ شارەکانی(cite) یونانی کەونارا و بە تایبەت دەوڵەت ـ شاری ئەسینا(ئاتێن) دێموکراسی لە سەردەمانی گەورە پیاوانێك وەکوو پریلکس، سوقرات، ئەفلاتوون و ئەرەستوو.

بە بەراورد کردن لەگەلْ دەسەڵاتە دێموکراتیکەکانی هەنووکەیی، دێموکراسی لەوێ و لەو سەردەمەدا بە جۆرێك ساویلکانە و سەقەت بوو. دێموکراسیەك لە جۆری دێموکراسی راستەوخۆ. واتا لەوێ نە رێکخراوی سیاسی( حیزب)، نە رێکخراوی مەدەنی و چاپەمەنییان راگەیاندنی ئازاد لە ئارادا نەبوو یان بە وتەیەکی دیکە بوونی نەبوو.

هەر چەند کۆرو کۆبوونەوە و وەرگرتنی دەنگی گشتی بۆ بەرێوەبردنی کاروباری رۆژانە لە ئارادا بوو. خاڵێکی لاوازی دیکەی دێموکراسی لە ئارا بووی ئەو کات پێناسە و تێگەیشتنی جیاواز و پڕ لە هەڵاواردن لە چەمکێك وەکوو شارۆمەند(citizen) بوو کە تەنیا کۆمەڵێکی تایبەت لە خەڵکی لە

خۆ دەگرت. ژنان، کۆیلەکان، بیانیەکان، مافی بەشداریکردنیان لە کاروباری سیاسی کۆمەڵگادا نەبوو، واتا چەمکی شارۆمەندی ئەم سێ بەشە لە کۆمەڵگادا لە خۆ نەدەگرت.
بە لەناوچوونی پێکهاتەی دێموکراتیکی یۆنانی کەونارا، دیکتاتوریی و دەسەڵاتە تاکە کەسی و ئایدیۆلۆژییەکان باڵیان بە سەر جیهاندا کێشا و جیهان بوو بەشوێنی زیدەخوازی و ململانی نێوان ئەوان
democracy پێکهاتوە لە دوو وشەی یونانی(demos)و (kortos)( دەسەڵات و حکوومەت) دەسەڵاتی خەڵك و خەڵك تەوەری رەوایی ئەم چەشنە سیستمەیە
ـ قۆناغی دووهەمی دێموکراسی لە ئاستی جیهانداو سەرهەڵدانی شکڵ گرتن و پەرەسەندنی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم چەند سەدەی دوایی لە رۆژئاوا و بە تایبەت دوای شۆڕشی پارلمانی بریتانیا دژی "چارلز" یەکەم پاشای ئەم ولاتەو شکستی هێزەکانی پاشا و لە سێدارەدانی چارلز لە ساڵی ١٦٤٩زایینی. دێموکراسی پارلمانی لە بریتانیا، لە سەدەی حەڤدەهەم بە دواوە رەوتی کاملبوونی خۆی پێواو بە شێوەیەکی ئارام و هێمنانە دەسەڵات و ئیختیاراتی پاشای سنووردار و بەرتەسکتر کردەوە.
ـ فەرانسا دوای سەرکەوتنی شۆڕشی مەزنی ئەم ولاتە لە ساڵی ١٧٧٩ زایینی بۆ یەکەمین جار دێموکراسی ئەزموون کرد.
بەلام بە هۆی گەشە نەکردنی عەقلیەتی گشتی کۆمەڵگا و دۆخی ئەوکات وای لە خەڵك کرد کە دیسانەوە روو بکەنەوە لای دەسەڵاتی پاشایەتی، تاکوو شۆڕشی ساڵی ١٨٤٨ زایینی کە بۆ جاری دووهەم دێموکراسی لە فەرانسا دامەزرا، بەڵام بەدەستەوە گرتنی دەسەلات لە لایەن "لویی ناپیلیۆن" و کودەتاکەی لە ساڵی زایینی١٨٥٢ بۆ جارێکی دیکە دەسەڵاتی دێموکراسی تێك رووخا. دوای رووخانی دەسەڵاتی ناپیلیۆن، دیسانەوە لە ساڵی ١٨٧٠دێموکراسی هاتەوە سەر کار تاکوو شەڕی دووهەمی جیهانی و دوای شەڕی دووهەمی جیهانی و لە ساڵی ١٩٤٦وە دوای ٦ساڵ لە رووخانی دێموکراسی لە شەڕدا(١٩٤٠) زایینی دیسانەوە دێموکراسی لەم ولاتە دەسەڵاتی بە دەستەوە گرتەوە.
ـــ یەکێکی دیکە لەو ولاتانەی کە مێژوویەکی کۆنی لە ئەزموونی دێموکراسی هەیە، ولاتی بێلژیکە کە یاسای بنەڕەتی دێموکراتیکی ئەم ولاتە لە ساڵی١٨٣١ی زایینی دامەزرا.

ـ خەڵکی وڵاتی سوویسیش لە ساڵی ١٨٤٨دا یەکەمین یاسای بنەڕەتی خۆیان لە سەر بنەمایەکی دێموکراتیکو بە بەشداری خەڵك بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان پەسەند کرد. بەڵام شیاوی ئاماژەیە کە خەڵکی هەرێمەکانی"کانتۆنەکانی" سوویس هەر لە ناوەراستی سەدەکانی حەڤدەهەمەوە، جۆرێك دێموکراسی راستەوخۆ وەکوو دێموکراسی ئەسینایان ئەزموون کردبوو.

ـ وڵاتی ئەمریکا، یەکەمین وڵاتی غەیرە ئورووپایی بوو کە هەر لە رۆژی راگەیاندنی سەربەخۆیی خۆیەوە لە ساڵی ١٧٧٦ بنەماکانی دێموکراسی و حکوومەتی هەڵبژێردراوی خەڵکی ئەزموون کرد. یاسای بنەڕەتی ئەمریکا لە ساڵی ١٧٨٧ دیاریو پەسەند کرا.

مەبەست لە هینانەوەی ئەو مێژووە کورتەی سەرەوە، ئەمەیە کە بابەتی"کۆمەڵگای مەدەنی" و "راگەیاندنیان چاپەمەنی ئازاد" کەئێمە دەمانهەوێ باسی لێ بکەین و بە جۆرێك لە جۆرەکان پەیوەندییەکانی نێوانیان تاوتوێ بکەین، بێگومان هەر دوویان پێوەندییەکی قووڵیان بە دێموکراسی چ وەکوو سیستمێکی دەسەڵاتدارێتی و چ وەکوو شێوە و میتۆدێك بۆ ژیان هەیە.

دێموکراسی بەر لەوەی شێوەو سیستمێکی دەسەڵاتدارێتی بێت، بە جۆرێك لە جۆرەکان شێوەیەك لە ژیانە، بەم واتایە بنەماو بنەچەی لە بیرو روانگەی تاکەکانی کۆمەڵگادا هەیە و لە کۆمەڵگایەك دا دەتوانێت وەکوو سیستمێکی حکوومەتی شکڵ بگرێت و سەقامگیربێت کە خەڵك لە بواری کۆمەڵایەتی‌یەوە خاوەنی کولتووری"دەرکی بوونی ئەوانی تر (دیگری)"و لە بواری سیاسی‌یەوە ئامادەیی وەرگرتن و قەبوولکردنی بیرو بۆچوونی جۆراوجۆریان هەبێت.

بێگومان هەم شکڵ گرتن و هاتنە ئارای دێموکراسی نوێ، هەم لە دایك بوونی چاپەمەنی و هەمیش درووستبوونی کۆمەڵگای مەدەنی پێوەندییان بە چەند هۆکار و رووداوی گرنگەوە هەیە کە لانیکەم لە ٦٠٠ساڵی رابردوو لە ئورووپادا ئەو هۆکارو رووداوانە بریتین لە:

١ـ شۆڕشی زانستی ـ کە لە نووسینی کتێبی فەلەکانی کۆپرنیکەوە دەستپێدەکات هەتا کتێبی بنەماکان لە نووسینی نیۆتۆن درێژ دەبێتەوە(١٤٣٥_١٦٨٧ز) زانست، شێواز وتیروانینی زانستی وەکوو هێزی سەرەکی رێنومایی‌کەری ژیان، مەیدانی بە تیۆلۆژی(خوداناسی) و ئەدەبیات چوڵکرد.

٢ـ پرۆتستانیزم: لە ساڵی١٥١٧ بە هەڵواسینی راگەیاندراوی ٩٥خاڵی یەکەی"مارتین لۆتەر" لە بەردەم دەرگای کلێسای‌وێتێنرگی ئاڵمان و هەروەها کارو چالاکیەکانی جان کالڤین _ هەروەها

ملهۆری و هەلوێتەکانی هینری هەشتەم پاشای بریتانیا لەو کاتەدا و لە بەرانبەر یاسا و داب و نەریتەکانی پاپای کاتۆلێکی رۆما.

٣ـ هیۆمانیزم _مرۆڤ تەوەری کردە جێگری خوداتەوەری ـ هێومانیزمی مەسیحی تێکەلێك بوو لە فەلسەفەی مەسیح بە لێکدانەوەکانی ئاراسمۆس و فەلسەفەی یۆنان و رۆمی کەونار ـ هیومانیستە مەسیحیەکان لە جیاتی تیۆلۆژی( خوداناسی) لە سەر ئەخلاق و لەبری روالەتە ئایینیەکان جەختیان لە سەر باوەڕی دەروونی دەکرد.

٤ـ هەروەها دەتوانین ئاماژە بە رووداو گەلێك وەکوو دوزینەوەی ئەمریکا لە سالی١٤٩٢ لە لایەن کرستیف کولۆمب بکەین

٥ـ دروستکردنی دەزگای چاپ لە لایەن "گۆتێنبرگەوە" لە ئالمان و لە سالی١٤٥٤ کە بووە هۆی پێکهینانی گورانێکی بنەڕەتی لە ئوروپا و بلاو کردنەوەی زانیاری و ئاگایی و هەروەها سەرهەلدانی دیاردەیەك بە نێوی رۆژنامەگەری و لە دواییدا زۆربوونی کتێب وبلاڤۆگ و...

٦ـ دروستبوونی ماتۆڕی هەلم( موتوربخار) لە لایەن جێمزواتەوە لە سەدەی حەڤدە و لە ئاکامیشدا رووخانی سیستمی فیودالی و لە دایك بوونی سیستمێك بە نێو کاپیتالیزم کە دینامیکترین سیستمی بەرهەم هێنانە کە تاکوو هەنووکە مێژووی مروڤایەتی بە خۆیەوە بینیوە.

زۆربەی دژبەران و نەیارانی دێموکراسی، بەتایبەت چەپە مارکسیستەکان لیبرال دێموکراسی بە دیاردەیەکی بەرهەمی کاپیتالیزم دەزانن و نکۆلی لە باشبوونی ئەم سیستمە و وەدیهێنانی بەختەوەری بۆ مرۆڤ دەکەن.

لێرەدا دەکەوینە شرۆڤەو تاوتوێ کردنی چەمکی کۆمەلگای مەدەنی.

## کۆمەلگای مەدەنی(civilsociety)

کۆمەلگای مەدەنی پێکهاتووە لە دوو وشەی کۆمەلگا و مەدەنی(civil+society)

کۆمەلگا بریتیە لە کۆمەلە کەسانێك کە پێوەندی واتادار و پەرچەکرداری دوو لایەنە لە نێوانیاندا هەیە و بەرهەر کۆرو کۆمەلێك ناتوانرێ بگوترێت کۆمەلگا.

مەدەنی(civil)بنەماکەی دەگەرێتەوە بۆ مەدەنیەت و شارنشینی ـ و بە گشتی کۆمەڵگای مەدەنی، ژیانی کۆمەلآیەتی شاری لە گەڵ ژیار(تمدن) نیشان دەدات. بەلآم لە مانادا پێناسە گەلی جۆراوجۆر لە خۆ دەگرێت کە شرۆڤەی دەکەن.

کۆمەڵگای مەدەنی، چەمکێکی نوێیە کە لە سەدەکانی ١٧تا١٩ زایینیەوە هاتووەتە ئاراوە و بە جۆرێك بە مانای جیاکردنەوەی دونیای سیاسیو کۆمەلآیەتی لە یەکترە. ئەوەڵین نیشانەکانی دەرکەوتنی چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی دەگەرێتەوە بۆ هزرو ئەندیشەکانی هزرڤانانی ئورووپایی و بۆ دابەشکردنەکانی بیرمەندانێك وەکوو: هایز، جان لاك و رۆسۆ" لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدەی زایینی، بەلآم لە ئاسەواری ئەم بلیمەتانەشدا جیاوازی کۆمەڵگای مەدەنیو سیاسی بە وردی شرۆڤە نەکراوە.

ئەم بلیمەتانە زۆرتر کەوتوونە پێناسەی دۆخی سروشتی و کۆمەڵگای مەدەنیان زیاتر بە خالّی بەرانبەری دۆخی سروشتی زانیوە بە واتایەکی دیکە کۆمەڵگای مەدەنی، کۆمەڵگای قەراردادی بوو کە ئەویش دەسکردی بیری گشتی بوو. ئەمان دەیانەویست بە حازر کردنو دەستنیشانکردنی مافی تایبەتی هەرێمێکی دوور لە دەستدرێژی و دەستێوەردان دروست بکەن کە پارێزەری مافە سەرتاییەکانی مرۆڤ بێت. لە واقعدا خاوەن بۆچوونانی گرێبەستی کۆمەلآیەتی، بە گشتی جەخت یان دەکردە سەر جیاوازییەکانی دۆخی سروشتی و کۆمەڵگای مەدەنی تاکوو جیاوازییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە کۆمەڵگای سیاسی.

بیرمەند و ئابووریزانی بریتانیایی و خاوەن پەرتووکی بە ناوبانگی"سامانی نەتەوەکان"، ئادام ئێسمیت لە پێناسەی کۆمەڵگای مەدەنیدا دەڵێت": کۆمەڵگای مەدەنی سازکراوی قازانج خوازی تاکەکانە تاکوو هونراوی خۆزگەو هەڵوێستی دەوڵەت. بە واتایەکی دیکە ئەوە حەزو خوزگەی تاکەکانە کە دەبێتە هۆکاری دروست بوونی کۆمەڵگای مەدەنی.

بەلآم هێگڵ فەیلەسووف و زانای ئالّمانی بە جۆرێکی دیکە چاو لەم بابەتە دەکات. کۆمەڵگای مەدەنی لە فەلسەفەی هێگڵدا "چرکەیەك" لە نێوان خێزان و دەوڵەت دایە. کۆمەڵگای مەدەنی بە بەراورد لە گەڵ خێزان، شکلێکی ناتەواو لە دەوڵەت و لە بەراورد لە گەڵ دەوڵەت چەمکێکی ئاساییە. ئەو کۆمەڵگای مەدەنییەی کە هێگڵ باسی پێوەدەکات تایبەت بە فەزایەکی ئابووری

نییه و له روانگەی هێگڵەوە کۆمەڵگای مەدەنی ئەوەڵین قۆناغ لە درووستکردنی دەوڵەتە، کە وابوو کۆمەڵگای مەدەنی شکڵێکی ناتەواو و نارێکتر لە دەوڵەتی ئاسایییان گشتییە. لە فەلسەفەی هێگلدا، دەوڵەت بە سەنتەری بنەماڵەو کۆمەڵگای مەدەنی دادەنرێت.
کارڵ مارکس کە بە بیردارێژی ئایدیۆلۆژیای سوسیالیزمی زانستی ناسراوە و بیرو بۆچوونەکانی ئەو لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە تاکوو کۆتاییەکانی سەدەی بیست توانی گۆڕانو وەرچەرخانێکی مەزن لە جیهاندا بێنێتە ئاراوە بە جۆرێکی دیکە بۆ ئەم بابەتە دەڕوانێت. ئەو بە رەخنەگرتن لە فەلسەفەی مافی هێگڵ ئیستدلال دەکات کە کۆمەڵگای مەدەنی تەنیا فەزایەك نیە کە لەوێ قازانجی تایبەتی مرۆڤێك لە گەڵ مرۆڤێکی تر دژایەتی هەبێت، بەڵکوو کۆمەڵگای مەدەنی گۆرەپانی چەوساندنەوە بەمانایەکی تایبەتی. شوێنێك کە پاوان و داگیرگردنی کاری ئیزافی روو دەدات. مارکس بە ئەولەویەت دان بە کۆمەڵگای مەدەنی لە پێشەوە بوونی کۆمەڵگای مەدەنی زیندوو دەکاتەوە و دەوڵەت وەکوو ژێر دەستی کۆمەڵگای مەدەنی پێناسە دەکات. ئەمەش لە واقعدا خاڵی بەرانبەری روانگەی هێگلە.مارکس بە پێڕەوی کردن لە نەریتی ئابووری سیاسی، کۆمەڵگای مەدەنی بە قۆناغێك لە ژیان دەزانی و لە زۆربەی نووسرەکانیدا بە کۆمەڵگای بورژوازی ناوی دەبات.
تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە روانگەی مارکسەوە بریتین لە: رکەبەرایەتی، تاك گەرایی، ململانێ بەم پێشەکیەی سەروە کە لە سەر کۆمەڵگای مەدەنی باسمان کرد دەبێت ئەم خاڵەش رەچاو بکرێت کە کۆمەڵگای مەدەنی دەبێت لە پرۆسەیەكدا کە زەمەنێکی دەوێت شکڵ بگرێت و بە وێکڕا دروست نابێت.
ئەسڵی دروستبوونی کۆمەڵگای مەدەنی لە سەر ئەم بنەمایەیە کە بەرپرسانی دەوڵەتی و خاوەن دەسەڵات هەڵە دەکەن و ئیمکانی هەڵە کردن لەو کاروبارەی کە خەڵك پێیانی ئەسپاردووە هەیە. بۆیە خەڵك دەبێت بە شێوەیەکی یاسامەند، ئاگایانەو بە بێ ئاڵوزی و توندوتیژی بە کار بهێنن بتوانن دەسەڵاتی دەوڵەت سنووردار و کۆنترۆڵ بکەن و خۆشیان خاوەنی پێگەیەکی سەربەخۆی غەیرە دەوڵەتی بن، تاکوو بە پشتبەستن بە وانە لە دەسەڵات و ئوتۆریتەی دەوڵەتدا بەشدار بن. لێرەدا چەند پێناسەیەکی نوێ لە کۆمەڵگای مەدەنی باس دەکەین.

یەکەم: کۆمەڵگای مەدەنی بیاقی گشتی نێوان دەوڵەت و هاوولاتیانە و هەروەها گۆڕپانی بە کار هێنانی دەسەڵاتە لە لایەن هاوولاتیانەوە کە بەکار هێنان و بە کارگێری دەسەڵاتی ئەم دوو جەمسەرە( دەوڵەت و کۆمەڵگا) یاسا دیاری دەکات هەر تاکێکی کۆمەڵگا بە مەرجی پاراستنی مافەکانی خۆی، ئیمتیازات و مافەکانی خۆی بە کەس یان گرووپێك دەسپیرێت.

(سیدمحمدایازی- جامعەمدنی و ایران امروز)

دووهەم: کۆمەڵگای مەدەنی جیاکەرەوە یان شتێك لە نێوان چوار بەشی سەرەکی کۆمەڵگای گشتی یە( ئابووری، سیاسەت، کولتوورو کۆمەڵگا) کە لەوێ ئەنجوومەنگەلی دڵخوازانە، پارتە سیاسی یەکان و گروپە جۆراوجۆرەکان دەورێکی سەرەکی یان لە بوارگەلی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ...هەیە. مسعوچلبی - جامعە شناسی نظم ص٢٨٨.

سێهەم: کۆمەڵگای مەدەنی لە مافداربوون(هەقداربوون)و دەسەڵاتی(اختیار) خەڵك دەستپێدەکات و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان شکڵ دەگرێت و لە کۆتایی دا بە پلۆرالیزم لە کۆمەڵگادا کامڵ دەبێت.
عبدالکریم سروش. متن سخنرانی

چوارەم: کۆمەڵگای مەدەنی کۆمەڵێك رێکخراوی چالاك و دامەزراوەی سینفی، کۆمەڵایەتی و سیاسی یاسامەند و سەربەخۆیە کە دەنگدانەوەی روانگەو بۆ چوونەکانی تاکەکانی کۆمەڵگایە لە مەڕ سیستمی زاڵ و ناوبژیوانی نێوان دەوڵەت و خەڵکە. ئەم رێکخراوانە پشتیوان و گەرەنتی سەقامگیری و جێ خستنی ئازادی و پەرەپێدانی بەشداری خەڵکن کە لە هەسار کردن و سنووردار کرنی دەسەڵاتی سەرەڕۆدا، دەورێکی سەرەکی دەگێڕن. هادی فانیکی - رسانە توسعە نیافتە

بە گشتی بەم بەرەنجامە دەگەین کە کۆمەڵگای مەدەنی، گۆڕەپانێکە بۆ دیاریکردن، ئاسانکردنەوەی پێوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا. کە لە لایەکەوە روانگەکانی خەڵك دەگوازێتەوە بۆ دەوڵەت و لە لایەکی دیکەشەوە، ئەرکەکان و کار و کردەوەکانی پەسەندکراوی دەوڵەت دەگەینێتە کۆمەڵگا.
هەروەها بە پێی ئەو پێناسەگەلەی کە لە پێشەوە کردمان، دەبینین کە گۆمەڵگای مەدەنی پێکهاتووە لە کۆمەڵێك رێکخراوی غەیرە دەوڵەتی کە ئەم رێکخراوانە دەبێت خاوەنی ئەم تایبەتمەندیگەلەی خوارەوە بن؟

١ـ سەربەخۆ لە دەوڵـەت بـن  ٢ــ دژی تونـدو تیـژی بـن ٣ــ خۆرِسـك ( خودجـوش) و دڵخوازانـە (داوطلبانـە) بـن ٤ــ سیاسـەتەکانی دەوڵـەت تـاوتویَ بکـەن و رەخنـەی لیَ بگـرن ٥ــ خـاوەنی پیَکهاتەیەکی ئازادیخوازن

ئەم ریَکخراوە غەیرە دەوڵەتیانـە بـریتین لـە: گـرووپ ، ئەنجۆمـەن، کلـووپ، ئەسـناف، سـەندیکا، فیدراسیۆن، یەکیەتیەکان کە ویَرای ئەوەیکە لە هیَزی خەڵکی و جەماوەری پیَکهاتوون لە راستیدا بە مەبەستی درووست کردنی ناوبژیوانی  لە نیَوان خەڵك و دەوڵەتدا پیَکهاتوون، کە ئەمەش بە جۆریَك دەبیَتە هۆی بەشداربوونی خەڵك لە دەسەلاتی سیاسـیدا. شـایانی ئاماژەیـە کـە دەوڵـەتیش ئـەبیَت بەستیَنی چالاکی ئەوان ئامادە بکات و لەوان پشتیوانی بکات. کە بیَ گومـان ئـەویش ( پشـتیوانی لەم ریَکخراوانە)کارو ئەرکیَکە کە تەنیا دەوڵەتیَکی دیَموکراتیك دەتوانیَت جیَ بەجیَ بکات. واتا ئەم ئەرکە خەسڵەت و جەوهەری دەسەلاتیَکی دیَموکراتیکە، چونکە دەسەلاتە سەرەرِۆ و دیکتاتۆرەکان بە هۆی خەسڵەتی پاوانخوازییانەوە، هیچ کـات حـازر نـابن کـە یارمـەتی و پشـتیوانی لـە ریَکخـراو و گرووپانیَك بکەن کە دەسەلاتیان سـنووردار بکەنـەوە. بۆیـە بـوونی کۆمـەڵگای مـەدەنی، مانـەوەو بەردەوام بوونی پیَویستی بە بوونی دەسەلاتیَکی دیَموکراتیکە.

بەلام شتیَکی دیکە لیَرەدا دەبیَت لـە بەرچـاوی بگـرین و پیَویسـتی بـە لیَکدانەوەیـە، تیَگەیشـتن و هەڵیَنجانەکانە سەبارەت بە کۆمەڵگای مەدەنی کە لیَـرە سـیَ تیَگەیشـتنی جیـاواز لـە کۆمـەڵگای مەدەنی باس دەکەین:

یەکەم: کۆمەڵگای مەدەنی وەکوو کولتوور:

ئەم بۆچوونە لە دوای ریَنسانسەوە و لە رۆژئاوا هاتە ئاراوە و کۆمەڵگای مـەدەنی بـە کۆمەڵگایـەك دەزانیَت کە خاوەنی دابونەریت، دامەزراوە، بایەخەکان و نۆرمـەکانی تایبـەت بـە خۆیـەوە و هـەر نەتەوەیەك بیهەویَ جیَبەجیَی بکات دەبیَت پابەند بەو دابونەریتانە بیَت و وەکوو کولتووریَك باوەری بە کۆمەڵگای مەدەنی هەبیَت، لەم بوارەشـەوە کۆمـەڵگای مـەدەنی زۆرتـر هاوئاهـەنگی لـە گـەڵ کۆمـەڵگای رۆژئـاوایی هەیـە و لـەم چەشـنە کۆمـەڵگا و کولتوورانـەدا توانـایی بەریَوەچـوون و جیَبەجیَکردنی هەیە.

٢ـ کۆمەڵگای مەدەنی وەکوو ئایدیۆلۆژی:

لەم حالەتەدا کۆمەڵگای مـەدەنی لـە حاڵـەتی کولتـوور دەچـێتە دەرەوە و ئایـدیای ئەندیشـەیەکی گشتیـیە کە بە بەرپرسـیاریەتیەکان و کۆڵەکـە و بنـەمای تاکـەکانی کۆمـەڵگا، ئامـانج و ڕێبـازی مەبەست نیشان دەدا و بەم جۆرە تەڵقین دەکرێت کە بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا و بەختـەوەری کۆمـەڵ لە گرەوی وەدیهاتنی ئایدیاکانی کۆمەڵگای مەدەنیە.

٣ـ کۆمەڵگای مەدەنی وەکوو میتۆد:

لەم ڕوانگەیەوە کە هەنووکە لە ئارادایە، کۆمەڵگای مەدەنی شێوازیان میتۆدی حکومەتکردنە، کـە لەم ڕوانگەیەوە هەر کۆمەڵگایەك دەتوانێت لە میتۆدی کۆمەڵگای مـەدەنی بەهرەمەنـد بێـت و لـە پێناوی گەیشتن بە ئاوات و مەبەستە کۆمەڵایەتی‌یەکان و بـە لـە بـەر چـاو گرتنـی کولتـووری ئـەو کۆمەڵگایە کەڵکی لێوەر بگرێت.

بە پێی ئەم چەشنە تێگەیشتن و ڕوانگەگەلە، کۆمەڵگای مەدەنی ئەگەر وەکوو میتـۆدو ڕەوش چـاوی لێ بکرێ دەتوانرێت لە هەر کۆمەڵگایەکدا وەدی بێت و بەکار ببرێت. کە وابوو کۆمـەڵگای مـەدەنی پێکهاتەی نەریتی هێرمی دەسەڵات دەگۆرێت و پێوەندی یەك لایەنەی دەوڵەت و خەڵك دەگۆرێت بـۆ پێوەندییەکی دوو لایەنە، تا دەسەڵات بە شێوەیەکی هاوسەنگ لە تـەواوی ئاسـتی کۆمـەڵگادا بـڵاو بکرێتەوە.

بەم پێیەش لە کۆمەڵگایەکی دێموکراتێکدا کـە دەسـەڵات سەرچـاوەو ڕەوایـی خـۆی لـە خەڵکـەوە وەردەگرێت، خەڵك بۆ خسـتنە بەرباسـی مەسـایلی ناوچـەیی و نەتـەوەیی و هـەروەها تاکەکەسـی، سینفی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ... لە چاپەمەنی‌یان ڕاگەیاندنی ئازاد کەڵك وەردەگرن، ڕاگەیانـدنی ئازاد کە زمانی خەڵکی دەرەوەی دەسەڵاتە بۆ دەربڕینی خواستەکانیان.

لێرەدا ئاماژەیەکی کورت بە ئەرك و بەرپرسیارییەتیەکانی ڕاگەیاندنی ئازادیش دەکەین.

## ڕاگەیاندنی ئازاد:

ڕاگەیاندنی ئازاد چاوی کراوەی خەڵکە، وێنای باوەڕی مرۆڤ بە خۆ و پێوەندی ئاشکرای تاکە لە گـەڵ دەوڵەتو جیهان؛ ڕاگەیانـدنی ئـازاد زمـان و دان پێـدانانی بـێ پـەردەی خەڵکـە لـە مـەڕ خۆیـان. ڕاگەیاندنی ئازاد زمانی خەڵکە و دەتوانێـت دەوری چاوەدێری هـەبێت لـە سـەر کـارو کردەوەکـانی

دەسەڵات. هەڵەکان و کەم کوڕییەکانی دەوڵەت دەستنیشان و مافەکانی خەڵك و ئەرکی دەوڵەت دەخاتە بەرچاو. بەڵام هەر وەك بە کورتی پێشتر ئاماژەمان پێکرد، راگەیاندنی ئازاد تەنیا کاتێك دەتوانێت ئەرکەکانی خۆی جێبەجی بکات کە لە پشتیوانی یاسا بەهرەمەند بێت.

کاتێك دەسەڵاتێکی دیموکراتێك بوونی هەیەو یاسا پێوەری بەرزی زاڵ لە نێو کۆمەڵگایە، ئەو کات راگەیاندنی ئازاد دەبێتە کۆڵەکەیەکی بنەڕەتی کۆمەڵگاو دەتوانێت بەستێن خۆش کەر بێت بۆ پێکهینان و دروست بوونی کۆمەڵگایەکی ئازاد و دیموکراتێك یان بە وتەیەکی دیکە دروست کردنو شکڵ گرتنی کۆمەڵگای مەدەنی کە باسمان لێکرد.

هەر لە سەرەتای دروستکردنی دەزگای چاپ لە لایەن گوتێنبرگی ئاڵمانیەوە لە ساڵی ١٤٥٤و لە دایك بوونی پیشەیەك بە نێوی رۆژنامەگەری، ئەوە رۆژنامەو چاپەمەنی ئازاد بوو کە لە وڵاتانی رۆژئاوایی بووە زمانی تیژی ئازادیخوازان و مافخوازان لەم رەهەندەوە کەوتنە لە قاودانی دەسەڵاتە سەرەڕۆکان و رەوایی و شەرعیەتی ئەو دەسەڵاتانەیان بردە ژێر پرسیار.

ئیدمۆندبرێکی بریتانیایی پێ وایە راگەیاندن وەکوو دەسەڵاتی چوارەم گرنگایەتی لە دەسەڵاتەکانی دیکە( راپەراندن، داد، یاسادانان، زۆرترە. هەر وەك وتمان راگەیاندنی گشتی بۆ ئەوەی بتوانێت ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات دەبێ ئازادی رادەربڕین و نووسینی بۆ دابین بکرێت. دەبێت لە یاسادا پارێزەری لە راگەیاندن بکرێت، تا راگەیاندن ئەرکەکانی خۆی بە ئەنجام بگەیێنێ کە دەتوانین لەو ئەرکانەش ئاماژە بە زانیاریدان دەنگوباس و راپۆرتدان بکەین.

بەڵام راگەیاندن کاتێك دەتوانێت هەڵگری ناوی ئازاد بێت کە بێ لایەن بێت . واتا ملکی دەسەڵات و حاکمییەت نەبێت. لە گواستنەوەی زانیاری و دەنگوباسدا بێ لایەنی بپارێزێ و ئامرازێك بێت بۆ چاوەدێری کردن بە سەر کاروبارەکانی دەوڵەت دا رۆڵێکی ئەکتیڤ و کاریگەر بۆ باشتر بوونی چۆنیەتی دۆخی کۆمەڵگا بگێرێ .

هەر بۆیەش دەبی لە راگەیاندنی ئازاد دوو خاڵی بنەڕەتی لەبەر چاو بگیرێت١ـ بێ لایەنی ٢ـ گشت لایەنی

١ـ بێ لایەنی بەو واتایە کە رۆژنامەڤانان و دەزگاکانی راگەیاندن دەبێت بە بێ ئەوەی دەستکاری زانیاری و دەنگوباس بکەن، بە بێ ئەوەی لایەنگر یان دژی بن، رووداو یان زانیارییەکان بڵاو بکەنەوە.

٢ـ گشت لایەنی بەو مانایە کە بیرو ڕای جیاواز بکاتە ناوئاخنی بابەت و راپۆرتەکەی.

دەسەڵاتی چوارەم یان راگەیاندنی ئازاد دوو ئەرکی سەرەکی لە ئەستۆیە:

١ـ سەرەکی‌ترین ئەرك و کاری رۆژنامەوانی بریتیە لە چاوەدیری کردن، پێداچوونەوە و کۆنترۆڵکردنی کارو کردەوەکانی دەسەڵاتداران و بەڕێوەبەرانی حکومەتی، بۆ ئەوەی لە بەرامبەر هاووڵاتیاندا وەڵامدەر بن و لە بەرامبەر کارەکانی خۆیاندا بەرپرسیار بن. دوو چەمکی بەرپرس بوونو وەڵامدەر بوون، بڕبڕەی پشتی دەوڵەتێکی دیموکراتیکە. حکومەت کە هاوکات بەرپرسە لە بەرامبەر کارەکانی خۆیدا ، وەڵام دەریشە لە بەرامبەر هاووڵاتیاندا.

٢ـ راهێنانی هاووڵاتیان کە چۆن بتوانن بڕیاری سیاسی بدەن. ئامرازی راگەیاندنی گشتی دەتوانێت گەورەترین رۆڵ لە بە دیموکراتیکردنی کۆمەڵگا بگێڕێت( پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی پتەو بەهێز، ئەویش بەو مەرجەی کە لە دانی زانیاری‌دا بەرێکوپێکی و تێروتەسەل کار بکات.

هاووڵاتیان لە کارو بریاری دەوڵەت ئاگادار بکاتەوە. هەروەها بە بێ کەم و زیادکردنی بیروڕای هاووڵاتیانیش، لە رێگای ئەو ئامرازانەی کە کاری تێدا دەکات( مەبەست لێرە رۆژنامەڤانە) بە حکومەت رابگەیەنێتەوە ـ ئامرازی راگەیاندنی گشتی ئاڵقەی نێوان دەسەڵات و هاووڵاتیانە، راگەیاندنی ئازاد دەتوانێت کەشو هەوایەکی ئارام و هێمن لە کۆمەڵگادا دروست بکات، تاکوو گشت کێشە و پرسە جۆراوجۆرەکان لە رەهەندێکی عەقلانیەوە دەرباز بن.

بۆیە هەر ئەو جۆرەی کە وتمان، دیموکراسی، کۆمەڵگای مەدەنی و راگەیاندنی ئازاد، جەستەیەکن کە نەبوونی یەکیان ئەوانی‌تر تووشی کێشەو گرفت دەکات. بە بوونی دەسەڵاتێکی دیموکراتیکە، کە راگەیاندنی ئازاد دەتوانێت ئەرکەکانی خۆی بە جێ بگەینێ و کۆمەڵگایەکی ئەکتیڤ و زیندوو و تاکەکان ماف و ئەرکەکانی خۆیان بناسن و تێبگەن و کۆمەڵگاش بتوانێت باڵا دەستی و ئەولەویەتی خۆی بە سەر دەوڵەتدا بسەپێنێ و ئەویش تەنیا لە کاتێکدایە کە کۆمەڵگایەکی مەدەنی بە هێز و پتەو پێکهاتبێت.

## ژێدەر:


١ـ فیکری سیاسی لە رۆژئاوا، لە مەکیاڤیلی‌یەوە تا مارکس. د.موسا ئیبراهیم. و.شوان ئەحمەد.

٢ـ تاریخ اندیشەی سیاسی در غرب. دکترکمال پولادی. جلد اول و دوم

٣ـجامعە مدنی در ایران امروز ـــــ سیدمحمد علی ایازی

٤ـ جامعە شناشی نظم. مسعود چلبی

٥ـ رسانە توسع نیافتە ــــ هادی خانیکی

٦ـ نسبت دین و جامعە مدنی ــــ محسن کدیور

٧_جامعە مدنی ـــمبارزە مدنی ــ جین شارپ و رابرت هلوی

٨ـ کارل مارکس ــ زندگی و دیدگاههای او ــ د. مرتضی محیط

٩ـ فرهنگ جامع و سیاسی ـ تالیف ـ محمود

١٠ـ هەروەها وتارەکانی بەرێزان کاوە موزەفەری و بەرێز قەرەنی قادری ـ لە ئینتەرنێت

# هەڵومەرجی نوێی دنیاو زەرورەتی بە خودا چوونەوە

هەژار رەحیمی

ڕەوڕەوی بەرەوپێشی ژیان و پێشکەوتنەکانی مرۆڤ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاسۆی نـویێو شـێوازی نویێ دەخەنە بەردەست بۆ چۆنیەتی  ژیانو گەیشتن بە ئاواتە تاکە کەسی و بە کۆمەڵـەکان. بـە سەرنج دان بەوهەموو شۆڕشو ئاڵ و گۆڕە زانستییانـەی کەبـە درێـژایی مێـژووی مـرۆڤ بـە دەستی مرۆڤ خۆی هاتوونەتە کایەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە سەرکەوتنی مرۆڤ لـە هـەرکام لە بڕگەو ساتە مێژووییانەدا پەیوەست بووە بە ڕادەی تێگەیشتنو هەوڵدانی بۆ خۆگونجاندنی لە گەڵ داهێنراوە نوێیەکان. شۆڕشوداهێنراوە زانستیەکان دابڕانـی مـەزن ـ بەرەوپێشـەوە ـ لـە بڕگە جیاوازەکانی مێژوودا دروست دەکەن، بـەڵام ئـەوەی کـە لـەم مەودایـەدا گـرنگتر خـۆی دەنوێنێ ئەوەیە کە تا چەندە ئەو داهێنراوە نوێیە سوودی لێ وەردەگیرێ. یا بە دەربڕینێکیتـر مرۆڤەکان چەندە دەتوانن بە سەرنجدان بەو توانایانەی کە هەیانـە خۆیـان لـە گـەڵ داهینـراوە نوێیەکان بگۆنجێنن وخۆیانیان لەگەڵ ئاشنا بکەن.

١

یەکێك لەمۆسیقاژەنە بەناوبانگەکان ( کورت فونگات ) دەڵی شۆڕشی پیشـە سـازی یەکـەم هێزی بازووی خستە لاوە. بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین کە ئەم وەلا خستنە نـەبووە هـۆی ئەوەی کە مرۆڤ نائومێد بێت، بەڵکوو زەینی مرۆڤو هێزی بازووی مرۆڤی گواسـتەوە تائـەوەی کە وەك ئەو دەڵێ شۆڕشی ئەلکترۆنیشی کرد، کە لێرەشدا کاری زەینی مرۆڤەکانی کـەم بـەها کرد و خستیە لاوە. مەبەستم لێرەدا ئەوەیە کە لەگەڵ هەر پێشکەوتنو بەرەو پیش چـوونێکدا پێویستە بەخۆماندا بچینەوە و لە سەر بنەمای ئەو ڕاستیانەی کە لە دوای ئەو ئاڵو گۆڕانـەوە لە لامان بەدی هاتوون خۆمان پێناسە بکەینەوە، هێزو تواناکانمان شی بکەینـەوەو ئاڕاسـتەیان بگۆڕین. بەم جۆرە دەتوانین خۆمان لەگەڵ هەل و مەرجە نوێیەکان بگونجێنینو نەهێڵن لە دوای وەستاوی و دوگمـاتیزم گـیر بخـۆین. چـونکە لـە غـەیری ئەمـەدا جۆرێـك یاسـای ئەبـەدیو ئەزەلی(هەمیشەیی)خۆی دەنوێنێ کە ئەوەندەی هەوڵ دەدات پێشهات و گۆڕانەکان لە دەرەوەی

هێزی مرۆڤو ئیرادەی مرۆڤەوە شـی بکاتـەوە، نیـو ئەوەنـدە سـەرنج ناداتـە سـەر توانـا بـەر چاوەکانی مرۆڤ. لە ڕاستیدا ئەمە دەتـوانین بـە جۆرێـك لـە جۆرەکـان بـە کەوتنـە نـاو داوی میتافیزك و هەڵاتن لە واقیع پێناسەی بکەین کە بەداخەوە، تا هەنووکەش بمانەوێو نەمانەوێ لە زەینی زۆر کەسدا کـارایی و ئامـادەیی هەیـە. بۆیـە لـەم بەسـتێنەدا ئەگـەر دەمانهـەوێ کەسانێك بین کە خاوەنی توانای داهێنان و پێگەی شیاو بین لە نـاو مرۆڤایەتیـدا، ئـەوا دەبـێ هەڵگری ڕۆحی پێداچوونەوەو ناساندنی بەردەوامی خۆمان بین. نەك بەردەوام لە ژێر کاریگەری کۆمەڵێك یاساو پێوانەی هەمیشەییدابین کە  لە سەرووی زەمەن و شوێنەوە کار دەکەن.

ڕۆحی میتافیزیکیو وەستاو هەمیشە هەوڵدەدات کە کۆمـەڵێك یاسـای جێگـر بسـەپێنیو بەهێنانی ئەو یاسایانەو سەپاندنیان بە سەر دیاردەو چالاکیە مرۆییەکاندا، وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە. ئەمە بە دوورە لە ڕۆحی کۆنجکۆڵ و ئاوەزمەندانەی مۆدێرن، کە پێشکەوتنی کۆمـەڵ و گەیشتن بە ئامانجە باڵاکانی لێ دەکەوێتەوە.

## ٢

دنیای ئەوڕۆ لە سایەی ئەو داهێنانە مەزنانەی کە لە برِگە مێژووییـە جیاوازەکانـەوە بـەدی هاتوون گەیشتوە بە ئاستێك کە هەموو کەسێك سەری سوڕ دەمێنێ. هەر لـە ڕووی سیاسـیو کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە بگرە تا داهێنانە بەرچاو و سەرسوڕهێنەرەکانی بواری تیکنۆلۆژی و زانست. ئەمڕۆ لە سایەی ئەو هەموو داهێنانە مەزنانەو لە سایەی ئەو هـەموو پێشـکەوتنانە دنیا گۆڕاوە بۆ گوندێکی چکۆلەو(کاتوشوێن) مانایـەکی ئـەوتۆیان بـۆ نەماوەتـەوە. یـا بـە دەربرینێکی دیکە مانای کۆنی خۆیان لە دەست داوە.

ئێمەو هەموو مرۆڤەکان لە سایەی ئەو پێکداچـوونەوە بەشـێکین لـە کۆمـەڵگای مرۆیـی و کاریگەرییەکانی سەریەکتری زۆر بەرچاو ڕونن. ئەمڕۆ ئاگاییەکی جیهانی سەبارەت بە مـرۆڤو پێگە و ڕێزی مرۆڤ لە دنیادا بەدی هاتووە و هەموو کەس شاهیدیەتی، بەڵام سەرەڕای هـەموو پێشکەوتن وپێکدا چوونانە هێشتا چەوسـانەوەو بـێڕێزکردنـی مـرۆڤ لـە ئارادایـە و هێشـتا

ئایدیۆلۆژییەکان ئەوەندەی پێیان بکرێت خەریکن زیاتر مرۆڤ لە قاڵب بدەن و زیاتر کۆشش دەکەن کە ئاسۆی ڕوونی خۆشبەختی لە سەر بنەمای فکرێکی تایبەت نیشان بدەن. واتە سەرەڕای ئەوەی کە ئەزموونە جیاجیاکان لە سەر ڕووی زەوی بە درێژایی مێژوو سەلماندوویانە تاقە ئایدۆلۆژی و فکرێك ناتوانی خۆشبەختی بۆ مرۆڤەکان بێنێ بەڵام ئێمە هێشتا شاهیدی ئەوەین کە ئایدۆلۆژی چەکی دەستی زۆر کەسە. ئایدۆلۆژی و هەوڵدان بۆ چەسپاندنی ئایدۆلۆژیەکی دیاری کراو بە مانای دروست کردنی دوو بەرەیە، بەرەیەك کە لایەنگری ئایدۆلۆژییەکەیە و بەرەیەکیش بە پێچەوانەوە، کە دواجار لە ڕوانگەی بەرەی یەکەمەوە نەهێشتنی ڕێ پێدراوە. ئەمەیە کە دەبێتەو هۆی بەدی هێنانی چەوسانەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ.

بێگومان هاوکات لەگەڵ ئەم گۆرانە مەزنانەی دنیا شێوازەکانی چەوساندنەوەش دەگۆڕێن. ئەگەرچی ئەنجامی هەموو چەوساندنەوەیەك ڕەنگە بێ نرخ کردنی مرۆڤی چەوساوە بێت، بەڵام مەرج نیە ئامرازەکانی چەوساندنەوە هەمان ئامرازەکانی پیشوو بن. لە سەردەمانی رابردوو کۆیلەداری هەبوو بە شێوازێکی تایبەت، ئەمرۆش هەیە بەڵام بە شێوەیەکی دیکە. لە هەر دوو حاڵەتەکەیاندا تەنیا مکانیزمەکە گۆراوە ئەگینا بێ نرخ کردنەکە هەر لە جێی خۆیدایە.

مەبەست لەم وتانە ئەوە بوو کە نیشانبدرێت هیشتاش سەرەرای ئەو هەموو پێشکەوتن و چالاکیە مرۆڤدۆستانەیە کە لە گۆشەو کەناری دنیادا ئەنجامە دەدرێن، کە چی هێشتاش هەر چەوساندنەوە هەیە و لە ئارادایە. هێشتا کەسێك هەیە کە دەچەوسێنێتەوەو کەسێکیش هەیە کە دەچەوسێتەوە. واتە هەوڵی مرۆڤە مرۆڤدۆستو ئازادیخوازەکانیش لە ئارادایە.

ڕەنگە هەموومان بکەوینە ژێر کاریگەری ئەو دروشمە جوانانەی کە ئەورۆ لە پێوەندی لەگەڵ مافی مرۆڤدا چ لایەن مرۆڤەکان و ناوەندە ناحکومییەکانەوە چ لە لایەن دەوڵەتەکانیشەوە دێنە سەر زمان. هەر بۆیە زۆر جار دەڵێین و دەبیستین کە سەردەمی ئێمە سەردەمی پاراستنی مافی مرۆڤە. بەڵام هێشتاش ئەفغانستان و ئێران و سودان و تەنانەت ئەمریکاو وڵاتەکانی

دیکە دەبینین کە مرۆڤیان تێدا دەچەوسێنتەوە. ئەمە نیشاندەری ئەوەیە کە مافی مرۆڤ چەندە شتێکی بنەرەتییەو پەیوەستە بە گەوهەری مرۆڤەکانەوە، زیاتر لەوە پەیوەستە بە سیاسەت و بەرژەوەندی نێوان وڵاتان و مرۆڤەکانەوە. هەر بۆیەشە دەبینین کە بەردەوام مرۆڤەکان دەچەوسینەوەو مافیان پێ شێل دەکرێ. تا ئەو کاتەی کە بەرژەوەندی وڵاتێك لە گەڵ وڵاتیکی دیکە نەکەونە دژایەتییەوە، ئەوا هەر جۆرە چەوساندنەوەیەكو بێ رێزی کردنێك بە مرۆڤ، نایێتە رۆژەڤەوە.

مەبەستم لێرەدا ئەوە نییە کە ڕوانینێکی رەش بینانە سەبارەت بە مافی مرۆڤو پێوەندی نێوان مرۆڤەکان بدەمە بەرچاو، بەڵام ئەمە دەتوانێ تەنیا وەبیرهێنانەوەیەك بێت کە بە ڕوانگەی خۆش بینانەی خۆماندا سەبارەت بە دروشمەکانی مافی مرۆڤو دەرەوەستی رواڵەتی دەوڵەتەکان و مرۆڤەکان لە هەمبەر پاراستنی ئەو مافانە، بچینەوە.

## ٣

بە دەرختستنی ئەوەی کە چەوسانەوە هەیە، کە واتە هەوڵدان بۆ ڕزگار بوون لە چەوسانەوەش لە ئارادا دەبێت. واتە چەوسێنەرو چەوساوە ئەمرۆکەش لە سەردەمی شۆڕشی زانیاری و گۆرانی دنیا بۆ گوندێکی چکۆلە دوو لایەنی هاوکێشەی چالاکی و دیاردە مرۆییەکانن. چەوسانەوە لە ژێر هەر ناوو ئایدۆلۆژی و دروشمێکی ئاسمانیو زەمینیدا بێت توانای بێ نرخ کردن و ئەستاندنی ژیانی مرۆڤەکانی نییە. هەر بۆیەشە شتێکی ئەقڵانی و ئەخلاقییە کە هەر مرۆڤێك لە بەرامبەر چەوسانەوەدا رابوەستێت. هەر وەکوو پێشتریش گوتمان مکانیزمەکانی چەوساندنەوە، ئەورۆ جیاوازترن لەوانەی کە لە رابردوودا بەکار دەبران. هەر بۆیەشە دەبێ لایەنی دووەم خۆی بە گوێرەی ئەم هەل و مەرجی نوێ رابێنێو هەوڵبدات بە گوێرەی ئەو مکانیزمانە دژە مکانیزمی گونجاو هەڵبژێرێ.

ئەوەی کە ئێمە لە مێژوودا شاهیدینی، ئەوەیە کە لە بەر ئەوەی هەمیشە خەباتی چەوساوەکان لە سەر بنەمای کارێکی لە پێشینەتر راوەستاوە(واتە هەبوونی چەوساونەوە) بۆیە رەهەندێکی دژ کردەوەیی هەبووەو دواجار ئەمەش وای کردوە کە لە هەنگاوی یەکەمدا کاروکردەوەکەیان بە دوور بێت لە داهێنانێکی پلەیەك. یا بە دەربڕینێکیتر ئەوە چۆنیەتی چەوسانەوەکە بووە کە شێوازی خەباتی چەوساوەکانی دیاری کردوەو میکانیزمەکانی دەست نیشان کردوە. بۆیە زۆر جار ئەو کارانەی کە مرۆڤە چەوساوەو ئازادیخوازەکان ئەنجامیان داون ئەوەندەی رەنگدانەوەی دژکردەوە بەرامبەر بە کارو هەڵویستی چەوسێنەران بووە، نیو ئەوەندە هەڵقوڵاوی خواستی دەروونی و هەناوی خۆیان نەبووە. هەر بۆیەشە زۆر جار کردەوە شۆرشگێرانە و ئازادیخوازەکان دەکەونە ژێر تانەو تەشەرو ڕەخنەی نا بابەتی ئەوتۆوە.

ئێمە دەکێشێتە ناو بەستێنێکی دیکەوە، کە ئەویش بەستێنی بنەماکانی چەوساندنەوەیە کە دەشێت لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا، بە گوێرەی ئەو کولتورەی لە سەری راوەستاون جیاوازبن.

جۆری چەوسانەوە ریشەی لە کولتورێك دایە کە خاوەنیەتی. ئەو جۆرە چەوسانەوەیەی کە ئێمە لە رۆژهەڵاتدا دەیبینین جیایە لەو چەوسانەوەیەی کە لە رۆژئاوادا دەیبینین(دەبێ ئەوە بزانین، هەر وەکو گوتمان هەر دووکیان بە یەك شت کۆتاییان دێت ئەوەش بێ نرخ کردنی مرۆڤە، لێرەدا زۆرتر مەبەست لە رێگاو رێکارەکانی چەوسانەوەیە). ئەم لێکدانەوەیە بەو مانایە نییە کە چەوساندنەوەی رۆژئاوایی باشترە یا بە پێچەوانەوە تەنیا لێرە مەبەست ئەوەیە کە ئەو جۆرە چەوساندنەوەیەی کە لە رۆژئاوادا هەیە بە سەرنجدان بەو کولتورو تایبەتمەندییە ژینگەیی و سیاسیەی کە هەیەتی جیاوازترە. هەر بۆیەشە رێگای رووبەڕوو بوونەوەشی جیاوازە.

باوەڕ هەبوون بە جیاوازی کولتوریو دواجار هەڵسوکەوتی نێوان نەتەوەو مرۆڤە جیاوازەکان، رێگایەکی بابەتیمان بۆ دەگاتەوە لە هەمبەر هەڵێنجانی کۆمەڵێك یاساو پێوانەی بابەتی بۆ بە گژدا چوونەوەی هەر جۆرە چەوسانەوەیەك. چونکە نابێت لە بیرمان بچێت

هەڵێنجانی کۆمەڵێك یاسای نابابەتیو نەگونجاو لەگەڵ نەریت و هەل و مەرجی کۆمەڵایـەتیو ژینگەیی سەرچاوەی بەشێکی بەرچاو لەو کەم و کورتی و شکستانەیە کە لە ڕەوتی هەستانەوە بە دژی ناتەواوییەکان تووشی بووە.

بۆیە ئێمە لە هەنگاوی یەکەم و لە هەر ئاڵو گۆڕێکدا دەبی هەوڵبدەین یاساو پێوانەکان بـە گوێرەی هەلومەرجی زاڵی ناو دیاردەکان هەڵبهێنجینو یاسای نامۆ نەسەپێنین بە سەر خۆمـان و بە سەر دیاردەکاندا.

## ٤

کاتێك کە دێینە سەر خەباتی گەلی کوردو هەوڵدانەکانی بۆ بە گژدا چـوونەوەی ناتـەواویو چەوسانەوەی نەتەوەیی دەتوانین بە ڕوونی ئەو هەلو مەرجانەی کـە لـە سـەرەوە باسمـان کـردن بیانبینین. خەباتی کوردلە هەر سەر دەمێکدا بـە دژی هـەر جـۆرە چەوسـانەوەیەك بـووەو لـە ڕاستای ئاگادارکردنەوەی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایـەو، لـە هەمبـەر ئاگادارکردنـەوە هەرچـی زیاتریان سەبارت بە مافو ئازادییەکانیان هەنگاوی ناوە. ئەم ئاگاکردنەوەیە لە بڕگـەو سـاتە مێژووییە جیاوازەکاندا میکانیزمی جۆرا و جۆری ویستوە. لە سەردەمێکدا بەرگری چـەکداری و لە سەردەمێکدا خەباتی سیاسی و لە سەردەمێکیتریشدا خەباتی کولتووری. بەڵام ئەوەی لە هەموو حاڵەتەکاندا بەر چاو دەکەوێ ئامانجەکەیـە، کـە مەبەسـتەکەی بـەرز ڕاگـرتنی ڕۆڵـی کوردانەو کوردایەتی بووە. تەنانەت دەبـێ ئـەوەشمان لـە بـیر نەچـێت کـە ئـەو کوردایەتیـەی ئەمڕۆباسی لێوە دەکرێت دەبێ بە جۆرێك بێت کـە نـامۆ نـەبێت بـە بنـەما جیهانییـە مـرۆڤ تەوەرەکان. هاوکات لەگەڵ ئەم دەبێ زمان و هەڵسو کەوتێك بـۆ گەیانـدنی ئـەو کوردایەتیـە بدۆزرێتەوە کە ئاشنا بێت بە پێوانە و ڕێو شوێنە ئەورۆپییەکان. بـۆ نموونـە هـەموو چـالاکی و کردەوانە دەچنە ناو خانەی ناسیۆنالیزمەوە، بەڵام زمان و کردەوەی ناسیۆنالیستی ئێمە نابێـت زمانێکی توندو دەمار گیرانە بێت و لە ڕەگەز پەرستی نێزیك بێتەوە.

بمانەویّو نەمانەویّ دنیا گۆڕانێکی زۆری بە سەردا هاتوە. بەڵام لە بەرامبەردا دوژمنانمان گۆڕانێکی ئەوتویان بە سەردا نەهاتووە. ئێمە وەکو نەتەوەیەکی ئازادی خوازی خاوەن ئەزموون لە ژێر کاریکەری گۆڕانی دنیا لەلایەکەوە ونەگۆڕانی دوژمنەکانمان لە لایەکیترەوە کەوتووینەتە ناو دوو بەرداشەوە. ئایا پێویستە نەگۆڕێین و هەموو هەڵسو کەوتێکمان لە سەر بنەمای کاردانەوەی دژ بە دوژمنەکانمان بنیات بنێین یان لە سەر بنەمای خۆ گونجاندن لە گەڵ بنەماجیهانیو ئاڵوگۆڕە جیهانییەکان. یان لە حاڵەتێکی مام ناوەندیدا.

دیارە دەبێ ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە ئەم گۆڕانە وە نەبێت بە هیچ شێوەیەك توخنی وڵاتە بەڵالێدراوەکانی داگیرکەری کوردستانیش نەکەوتبێ. بەپێچەوانەوە ئەو ئاڵ و گۆڕە توخنی کۆمەڵگای ئێمەش کەوتووە (بەتایبەتی لە رووی تێکنۆلۆژیەوە ) بەڵام ئەوەی وامان لێدەکات بڵێین ئەو کۆمەڵگایانە نەگۆڕاون ئەوەیە کە ئەوان سەرەڕای ئەو هەموونزیکایەتی و گۆڕینەوەی زانیارییانە لە نێوان مرۆڤەکاندا، کە چی ئێستاش بەو پەڕی توندی و پێداگرییەوە خەریکی لە ناو بردن و بێ هێز کردنی کەسایەتی مرۆڤەکانن. کۆماری ئیسلامی ئێران ئەمڕۆ زیاد لە هەر کاتێکی تر لاسارترو چەوسێنەوەترە. ئەمڕۆ لە ئاستی دنیادا کۆماری ئیسلامی لە رووی چەوساندنەوە بێ ڕێزکردنی مرۆڤەکان، لە زۆر لایەنەوە لە پلەی یەکەمدایە. لە پێشێل کردنی مافی نەتەوەکان، کەمینە ئایینیەکان، ژنان و...هتد کەواتە هەموو پێشکەوتنەکانی ئەمڕۆی وڵاتەکەمان پێشکەوتنی سەخت ئەفزارین واتە زۆرتر لە بەرجەستەکردنی ئامراز و ئامێرە و داهێنراوە ئەمڕۆییەکانن نەك بەرنامەیەکی تۆکمە هەبێت تا هاوکات لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە، پێشکەوتنیش بە ئاراستەی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤو بەرز راگرتنی کەرامەتی مرۆڤ بەدی بێت.

**٥**

هەر وەکو گوتمان ئێمە لە نێوان دوو بەرداشدا گیرمان کردووە. لە لایەکەوە نەگۆڕانی سیستمە دیکتاتۆرە زاڵەکان و لە لایەکیتریشەوە گۆرانی دنیا. ئێمە دەبی چی بکەین؟

ئێمە هیچ کاتێك ناتوانین خۆمان وەك هاولاَتیەکی جیهانی بخەینە لاوە. بەشێك لە مۆری باوەر پێکراو بوونی ئێمە پەیوەستە بە ڕادەی لەبەر چاوگرتنی بەها مرۆییە جیهانیەکان. ئەلبەتە نەك بە دروشم بەلکوو بەکردوە .

ئێمەی کورد لە رابردوشدا سەرە ڕای ئەو هەموو زەبرو زەنگو توندو تیژیەی کە بەرامبەرمان بە کار هاتووە پشتمان لە زۆر لایەنی مرۆیی نەکردوە. هەمیشە ڕێزمان لە مرۆڤەکان گرتووە، تەنانەت تا ئەو ئاستەش چووەتە پێشی کە بۆ ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤ، ڕێزمان لە دوژمنانیشمان گرتووە. بە کورتی ئەوەی کە ئێمە ناتوانین خۆمان لە کۆمەلگای جیهانیدا ببڕین، بەلاَم ئەمە بەو مانایەش نییە کە هەموو شتێکمان تەنانەت بوونیشمان ببەستین بەو پێوانەیەوە.چوونکە زۆر جار دەشێت هەلو مەرجی ناوچەیی زالّ پەیوەست بێت بە مان یان نەمانی مرۆڤەوە. ئیدی لەو حالّەتەدا هیچ پێوانەیەك نییە کە ڕەوایەتی بدات بە لایەنێك لە هەمبەر ئەستاندنی گیانی مرۆڤەکان و گوێرایەلّی لایەنەکەی دیکەش.

مەبەست لەم باسە کورتە لەم پاژەدا ئەوە بوو، کە بە داخەوە ئەمرۆ کەسانێك لە ئارادان بە هەموو شێوەیەك خەریکی لاسایی کردنەوەیەکی رووکەشانو هەولّدەدەن هەموو پێوانەکان لە سەر لایەنێك لەو لایەنانەی سەرەوەدا برێژن.(هەلّس‌وکەوت کردن بە پێی پێشکەوتنە کولتوریو فکریو تیکنۆلۆژییەکانی دنیا لە لایەكو بە پێچەوانەشەوە کارکردن ـ تەنیا لە سەر بنەمای دژایەتی کردنی چەوسێنەران). هەر بۆیەشە بوونەتە هۆی بەدی هێنانی دەمەقالێ تەنانەت ئەم دەمەقالێ تا ئەو رادەیە چووەتە پێشێ کە بێ ڕێزی کردن بە رابردوو و هەموو هەلّو تێکۆشانە کاریگەرەکانی لێ بکەویتەوەو لە لایەکیتریشەوە، هەر جۆرە هەولّدانێکی دیپلۆماتیك و ئاشتی خوازانەی پێ بێنرخ دەکرێ. ئەم دوو لایەنە هیچکامیان ناتوانن وەلاَمی دروست بە هەلومەرجی مرۆڤایەتیو بە تایبەتی ئەو مرۆڤانە بدەنەوە کە گیرۆدەی دەستی چەوسانەوەو دەسەلاَتدارە یاخیەکانن.

## ٦

ئێمەگوتمان کە ستراتیژی سەرەکی بزوتنەوەی کورد بە درێژایی سەردەمە جیاوازەکـان بریتـی بووە لە ئاگاکرنەوەی خەڵکانی ئەو سەر زەوییەی کە کوردی تێدا نیشـتەجێ بـووە. هـەروەکوو دیارەیشە ئەم ئاگاکردنەوەیـە بـە درێـژایی سـەردەمە جیاوازەکـان میکـانیزمو هەلومـەرجی جۆراوجۆرە بە خۆوە بینیوە. ئەمرۆش لە سایەی ئەو هـەموو پێشـکەوتنانەی کـە لـە ئاسـتی دنیادا هاتوونەتە پێشێ دەتوانین ئەم ئاگاکردنەوەیە زێدەترو زێدەتر بکەین. ئەمرۆ راگەیانـدنو بەرنامەی تۆکمەی فکریو کۆمەڵایەتی هەڵقوڵاو لە ناخی نەتـەوە دەتـوانن بـە هـەمان ڕادەی رابردوو رۆڵێیان هەبێت لە وروژاندنی هەستی ئاگایی نەتەوەیی. بەڵام دەبێ ئێمە وەکوو کـورد دان بەوشدا بنێین کە بە شێوەیەکی تۆکمە و دارێژراو پێناسەمان بۆ ئەم هەلومەرجە زاڵە نییە ئەمەش لە نـەبوونی تێورییەکـدا خـۆی دەنـوێنی کـە بتـوانێ رێگاکانمـان بـۆ شـی بکاتـەوە میکانیزمەکانمان پێ بناسێنێ. دواجار تواناو پۆتانسێلەکانیشمان بخاتە بەرچاو. بەڵام بەداخەوە ئێمە لەم بەستێنەدا زۆر کەمکارین.

ئەو هەڵومەرجـەی کـە ئـەمرۆ لـە ئاسـتی دنیـادا هەیـەو ئـەو پێشـکەوتنەی لـە بـواری تیکنۆلۆژیو پێکەوە بەستنی مرۆڤـەکان بـەدی هـاتووە، دەتـوانێ ئەگـەر لـە ڕابـردوو رۆڵـی کاریگەرتەر لە ئاگاکردنەوەی مرۆڤەکان نەگێرێ کەمتر نەگێرێ کە مادام وایە بۆ دەبـێ هـەوڵ نەدەین پێناسەی بکەین.

تەنانەت لە ناو حیزبە سیاسیەکانیشدا هێشتا ڕوانگەیـەکی روون بـۆ شـێوازەکانی خـەباتو ئاگادار کردنەوەی هەرچی زیاتر خەڵك لە ئارادا نییە. ئەمەش دەتوانین لەو گوتـە دژ بەیـەكو پارادۆکسانەدا ببینینەوە کەرۆژانە دینە سەر زمان. بەناو حیزبی وا هەیە کە لە لایەك پێداگری دەکات لە سەر ئەوەی کە سەردەمی ئەمرۆ سەردەمی نوێیەو سەردەمی مافێ مرۆڤ و چـالاکی مەدەنیو خەباتی دیپلۆماسیە. بەڵام لە لایەکیترەوە دێت و لە سەر بنەمای چەند چالاکییەکی نیزامی کە دەیانکات ئامادەیە کۆی ڕابردووی حیزبو سازمانەکانی دیکە بشواتەوەو لـە بـەر

ئەوەی کە چالاکی نیزامیان نەماوە، زەربی سفریان بکات. ئیدی غافڵ لەو هەموو دەسکەوتە سیاسییە بەرچاوانەی کە چ لە ئاستی نێونەتەوەییو چ لە ئاستی ناوخۆیی بە دەستی هێناون.

بەڵێ، ئەگەر خوێندنەوەیەکی واقیع بینانەمان هەبێت بۆ هەلومەرجی نوێو تایبەتمەندییەکانی بخەینە ڕوو هیچ کاتێك ناکەوینە ناو داوی ئەم قسە دژبەیەکانەوە. دیارە نابێت ئەوەمان لە بیر بچێت کە ئاراستەی بەرامبەر ئەوەش هەر لەم پێوەندییەدا کیشەی هەیە. لەم ئاراستەیەدا بەردەوام دەگوترێ بە سەرنجدان بە هەلو مەرجی نوێ هیچ جۆرە خەباتێك وەلانەنراوە، تەنانەت خەباتی چەکداریش، بەڵام لە کردەوەدا خەباتی چەکداری وەلانراوە. کاتێك حکومەتێکی وەکو کۆماری ئیسلامی دەبینین کە بە هیچ شێوەیەك گۆرانی بنەڕەتی بە سەردا نەهاتووەو رۆژانە دەستی بە خوێنی لاوی کورد سور دەبێ و هەرچی بیەوێ دەیکا، ئیدی خەباتی چەکداری بە کەڵکی چی دێ. چونکە نابێت لە بیرمان بچێت ئەگەر خەباتی چەکداری بەشێکی بۆ ئاگاردار کردنەوە بووبێت بەشێکی هەرە گرنگیشی بۆ پاراستنی گیانی هاوڵاتیان بووە کە نەکوژرێن و بێ سەروشوێن نەکرێن.

منیش وەك زۆر کەسو لایەن باوەڕم وایە کە هەلو مەرجی ئەورۆیی خەبات دەست بۆ خەباتی چەکداری نادات. بەڵام ئەمەندە بەس نیەو زۆر کەس هەیە بەمەندە تێراو نابێت. بۆیە پێویستە هەوڵ بدرێت تێوریزە بکرێت، فاکتی زیاتر بهێنرێنەوە، شیکردنەوە زیاتری بۆ بکرێت. ئەمە تەنها بەمەندە کۆتایی نایێت، بەڵکوو دەبێ تواناو لێهاتوویەکانی خۆشمان هەڵسەنگێنین واقیعەکەمان بخوێنینەوە، تا بتوانین لە ناو واقیعەکەمانەوە یاساو پێوانەکان هەڵێنجین نەك لە دەرەوە. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە باشترینو گونجاوترین میکانیزمیش بۆ خەبات پێشنیار بکرێت. یەکێکی دیکە لە دیارترین کاریگەرییە پۆزەتیڤەکانی ئەم ناساندنو تێوەریزە کردنە( ئەگەر بکرێت). ئەوەیە کە تواناو پۆتانسێلی خەڵك کانالیزە دەکات. بە بێ هەبوونی ناساندنێکی وردو تەواو بەشێکی بەرچاو لە هێزی مرۆیی ئەم کۆمەڵگایە لە نێو دەچێت. چونکە زۆر کەس هەیە کە لەبەر هەر هەلو مرجێك بووبێت توانای هەڵسوکەوت کردنێکی

ئەوتۆی نییە لە گەڵ پێشهاتە نوێیەکانی ئەمڕۆو پێشکەوتنە بەرچاوەکانیو بە پێچەوانەشـەوە هەر ڕاستە. کە واتـە سـەرکەوتنی هـەر بزوتنەوەیـەك و بـە تایبـەتی بزوتنـەوەی کـورد لـەم سەردەمەدا پەیوەستە بە سود وەرگرتن لـە تواناکـانی مرۆڤـەکانو کانـالیزە کردنیـان ئەگـەر تێوەریزە کردنی تواناو هێزی تاکـەکان نـەبێت، ئـەوا هێزێکـی مرۆیـی زۆرو زەبەنـد لـە نێـو دەچێت. لە بزوتنەوەیەکی ئەخلاقیشدا نابێـت هێـزی مرۆیـی تاکـە مـرۆڤێکیش وەبـەر چـاو نەگرێتو بخرێتە لاوە. هەر لەم ڕوانگەیەوە نەبوونی ناساندنێکی ڕوونی هەلو مەرجی ئـەوڕۆیی جیهانی، بووتە هۆی ئەوەی کە لێك نزیـك بوونـەوەی حیـزبو ڕێکخـراوە کوردییـەکان شـکڵ نەگرێ. چونکە هەر وەکو پێشتر گوتمان لایەنی وا هەیە بـە کردنـی کـارێکی سـادەو ئاسـایی ئامادەیـە کـۆی رابـردووی حیـزبو ڕێکخراوەکـانی دیکـە بشـواتەوەو دواجـار دێـتو داوای یەکگرتنو لێك نزیك بوونەوە دەکات!!

### ٧

ئەوەی لێرەداخستمە بەرچاو ڕوانینێکی کورت بوو لە سەر هـەلو مـەرجی ئـەمرۆیی دنیـاو زەرورەتـی بـە خوداچـوونەوە و خـۆ ڕێکخسـتن وخۆناسـاندن. ئەمـە تیـۆەری نیـە، بـەڵکوو پێشنیارێکە بۆ تیۆریزە کردن چونکە تیۆری دانان بەر لە هەر شتێك کەسانێکی دەوێن کـە لـە نـاو نـاخی ڕووداو و هـەلو مەرجەکانـدا بـن و هاوکـات لەگـەڵ ئـەوەش توانـای دەسـت پێراگەیشتنیان هەبێت بە سەرچاوەکانی تواناو هێزی لایەنەکان لە لایەكو خەڵك بە گشتی لـە لایەکی دیکە، بۆ ئەوەی یاساو پێوانەی بابەتیو عەمەلی هەڵبهێنجین.

بەڵام لە ئەنجامی ئەم لێکدانەوەیەوە دەتوانین بڵێین، کە ڕاستە دنیای ئەوڕۆ گۆرانی زۆری بـە سەر داهاتووەو شـێوازەکانی ژیـان گـۆراون، بـەڵام هێشـتاش چەوسـانەوە لـە ئارادایـە و ئـەم چەوسانەوەیە بـە گـوێرەی هەلومـەرجی کولتـوریو سیاسـیو ژینگـەیی ناوچـەکان شـێوازی جیاوازی بە خۆوە گرتووە.

---

ئێمەش کە هێشتا وەکو نەتەوەیەکی بندەست دەچەوسێنەوە لە ناو ئەم هاکێشەیە داین‌و بە سەرنجدان بە هەل‌و مەرجی ناوچەیی‌و سیاسی خۆمان دتوانین شێوازی بەرپەرچدانەوە دیاری بکەین. بەڵام دەبێ هەموو کاتێك خۆشمان وەك هاوولاتیەکی کۆمەڵگای جیهانی لە بەرچاو بێت. واتە دەبێ باڵانسێك لەم نێوەدا بپارێزرێ، ئەم نەبوون‌و ڕەچاو نەکردنی باڵانسە بووەتە هۆی زۆر کێشەی تایبەت بە بزوتنەوەی کورد لە ڕووی بە فیرۆدانی هێزی مرۆیی‌و یەکتری نەخوێندنەوەو بێ ڕێزکردنی رابردووو هەروەها پشت گوێ خستنی هەر جۆرە چالاکیەکی ئەورۆیی.

دواجار ئەوەی کە دەتوانێ لەم کێشانە رزگارمان بکات هەوڵدانە بۆ خوێندنەوەو تیۆریزەکردنێکی واقعیی هەنووکەیی هەل‌ومەرجی جیهانی‌و ناوچەیی‌و ناوخۆیی، تا ئاسۆیەکی ڕوونمان لە سەر هەبوونی گوتارێکی هاوبەش‌و شێوازێکی خەباتی گونجاو، بۆ بخاتە بەرچاو. هاوکات لەگەڵ ئەمە دەتوانی بەشێکی بەرچاو لە هێزە ئینسانییەمان بۆ بگەرینێتەوە کە لە غیابی وەها ناساندنێکدا بە فیرۆ چووە. رەنگە گرینگترین دەرئەنجامی ئەم خوێندنەوە واقیعی‌و هەمە لایەنە ئەوە بێت کە کۆمەڵێك یاساو پێوانەی هەڵێنجراو لە ناخی راستیەکانی خۆتت پێ دەبەخشێ کە دواجار کاریگەری‌و ئەنجامیان زۆرتر دەبێت.

# فیدرالیزم باشترین چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا




Rojanashtab @ yahoo.com

وڵاتی فرەنەتەوە بە وڵاتێك دەگوترێ کە پێکهاتەی ئیتنیکی سەرجەم دانیشتوانی لە چەند نەتەوەی جیاواز پێکهاتبێت و نەتەوەکان بە هۆی چەند فاکتوری تایبەتی وەك زمان و فەرهەنگ و رابردووی مێژوویی جیاواز لە یەك جیا بکرێنەوە.

هەر دوو چەمکی زۆرینەو کەمینەی نەتەوەیی لەو وڵاتانەدا سەری هەڵداوە و باسو مناقەشەی لە سەر دەکرێت، کە پێکهاتەی نەتەوەیی و دانیشتوانی جیاوازە و لە چەند نەتەوەی سەربەخۆ پێکهاتبێت.

مێژووی سەدەکانی رابردوو لە جیهان بە گشتی و لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوە راست بەتایبەتی ئەوراستییەی دەرخستوە کە هەمیشە کەمینەی نەتەوەیی لە هەر وڵات ودەوڵەت وکیانێکی فەرەنەتەوەدا ژێردەستەو بەردوام لە لایەن زۆرینەی نەتەوەی واتا نەتەوەی خاون دەسەڵات دەچەوسێنەوە و هەمیشە بە ویستوو ئارەزووی خۆیان هەموو شێوازەکانی دەسەڵاتداریان لە سەر تاقی دەکەنەوە. چەوسانەوەی نەتەوەیی لە هەموو بوارێکدا بە ئارەزووی خۆیان بە سەر نەتەوەی کەمینەدا دەسپێنن. بێگۆمان نەتەوەی کەمینەش بۆ بەرگری لە شەرف وسەروەری خۆی و مافە ڕەواکانی نەتەوەیی خۆی ململانێ وبەربەرەکانی دەکات لە دژی دەسەڵاتی زاڵمانەی نەتەوەی زۆرینە.

کولتوور و سیاسەت و فەلسەفەی زاڵیەتی دەسەڵاتی زۆرینە دەبێتە هۆی لە خۆبایی بوون لە هەموو بوارەکانی گۆڕەپانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی. هیچ مافێکی نەتەوەی کەمینە پێناسە ناکات و بەرەسمی ناناسێت , لەگەل ئەمەشدا هەر بیرو باوەرێکی جیاواز و داواکاریەك لە مەر بە ڕەسمییەت ناسینی مافی خۆی لە لایەن دەسەڵاتی هەتا چەنگ و ددان چەکدار بە زۆری سەرکوت دەکرێت و بۆ بە رواڵەت راگرتن و پاراستنی یەك پارچەیی وڵات ونەتەوە لە هیچ جەنایەتێك و چەوسانەوەیەك خۆ نابوێرن.

لە نێوەراستی سەدەی بیستەم بە تایبەت دوای کۆتایی هاتنی شەری جیهانی دووەم زۆر گوڕانکاری بنەڕەتی بە سەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا هات. ئەو گۆرانکاریانە بوونە هۆی بەرز

بوونەوەی هەستی هوشیاری نەتەوەیی‌و لەو ماوەیەدا دەیان نەتەوەی کەمینە و بن دەست مافی سەربەخۆی خۆیان بەدەست هێناوە ویا لە چوارچێوەی دەوڵەتی فەرە نەتەوەیی مافی خودموختاری و یا فیدڕالیان وەچەنگ هێناوە.

ئێستا لە جیهان هەنگاوی بە کەڵك هەڵگیراوە بۆ چارەسەر کردنی پرس وکێشەی نەتەوەیی لەو وڵاتانی فەرەنەتەوەدا وهەروەها گۆڕانکاری زۆر لەم وڵاتانە لە پێناو ئاشتی و ژیانی پێکەوە لە رێگای دێموکراسییەوە روویان داوە و هەر ئەم گۆڕانکاریانە وایان کردوە کە کولتووری دەسەڵاتداری زۆرینە بەرەو کزبوون و تەسك بوونەوە بچێ و نەتەوەی کەمینە بەشدارە لە حوکم و فەرمانڕواییدا و دەسەڵات دابەشکراوە و هەر نەتەوەیەك بە پێی تواناو ئیمکاناتی خۆی لە بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی، کۆمەڵایەتی وفەرهەنگی خۆیدا ئازادە و هیچ تەنگوچەڵەمەیەك نییە بۆ بەرێوەبردنی رێورەسمی ئایینی و ئیتنکی نەتەوەی کەمینە.

هەڵبەتە لێرەدا جێگای ئاماژە پێکردنە کە مەبەستم لە وڵاتانی پێشکەوتوو وخاون فیکرو ئیدیولۆژی دێموکرات و مرۆڤدوستانە، کە ئەو کێشەیان لە رێگای دێموکراسی و هەڵبژاردن و مسۆگەرکردنی مافەکانی نەتەوەی کەمینە لە دەسەڵاتداریتی سیاسی وڵاتدا چارەسەرکردوە.

دیارە هەر ئێستاش لە زۆر شوێنی ئەم جیهانە بە تایبەت لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەراستدا زۆر لە وڵاتان هەن کە بە هەمان بیروباوەری شوفێنانە و دواکوتووانە هەر وەك سەدەکانی پێشوو مافی کەمینە نەتەوەکان پێشێل دەکەن و شێوازی فەرمارەوایی و دەسەڵات لە سەر بنەمای زۆرینە پێك دێنن و بنەماکانی ماف وئەرکەکان لە سەر بنچینەی کەمینە و زۆرینە دادەنێن زوڵم و زۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی ونەتەوەیی و هەتا لە ژینۆسایدیش بۆ سڕینەوەی ئاسەواری نەتەوەیی ولە نێوبردنی نەتەوەی کەمینە کەڵك وەردەگرن.

سەرەڕویی وزوڵم وزۆری لە وڵاتانی فەرەنەتەوەدا لە هەموو بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی و **ئایینی** کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی نێو راستی گرتوتەوە, هەڵسوکەوتی دەوڵەتی ناوەندی لە هەر چوار دەوڵەتی داگیر کەری کوردستان لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست

زۆر کونەپەرەستانە و شوڤینیستانەیە. هەر ئەو تێگەیشتن و بیروباوەرە بۆتە کوسپی هەرە گەورە لە سەر رێگای پەرەسەندنی کۆمەڵگای مەدەنی وگەیشتن بە شارستانییەت لەم ولاتانەدا.

رۆژهەلاتی نێوەراست یەکێك لە ناوچەکانی هەرە گرینك وستراتیژیکی ئەم جیهانەیەو لە هەموو بارێکەوە لە نێو کۆروکۆمەڵی نێو نەتەوەییەوە گرینکی و تایبەتی خۆی هەیە, دەولەمەند بوونی کوردستان لە رووی کانزا ، ئاو و نەوتەوە کە لە بواری ئابووری و کێشە وگرفتە چاوەروان نەکراوەکانی داهاتووی ولاتانی ناوچە پێویستیان بەو سەرچاوە سروشتیانە هەیە، رەهەندێکی گرینکی دیکەی ژێئوپولەتیکی پێ دەبەخشیت بە تایبەت بۆ ئەو ولاتانەی کە خاك و نەتەوەی کوردیان تێدا بەشکراوە.

هەر بۆیە ئەمرۆ لە کوردستان لە سایەی پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و ئالووگۆری ناوچەی و جیهانی و پێشکەوتنی ئاشتی و بیرو باوەری دێموکراسی، خەڵکی کوردستان مل نادەن بە ئەمروفەرمانروایی نەتەوەی زۆرینە لە ولاتەکەیان و حازر نین وەك هاولاتی دەرەجە دوو حیسابیان بۆ بکرێت و لە چارەنووسی سیاسی خۆیاندا بێ دەسەلات بن.

ئێستا بە خوشیەوە لە سەرەتای سەدەی بیست ویەکەمدا لە سایە گۆرانکاری کۆمەڵگای جیهانی پێشکەوتوو و دێموکرات هیچ بایەخێك بۆچەمکی نەتەوەی زۆرینە لە ولاتانی فەرەنەتەوەدا نەماوە و لە سایەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و دێموکراسیی بیروکەی زاڵ بوونی زۆرینە و دیکتاتوری زۆرینە بە تەواوی شکست وفەشەلی هێناوە و بەرەو نەمانێکی هەمیشەیی و یەکجارەکی چووەو دەچێت.

ئەمرۆ پارێزگاری لە مافی مرۆڤ بۆتە بە پرسێکی سەرەکی کۆمەڵگای جیهانی پێشکەوتوو بە هیچ شێوازێك رێگانادەن رژێمە توتالیتار و دیکتاتۆرەکان بە مەیلو ویستوی خۆیان گەلانی کەمینە بچەوسێننەوە, کاتێك لە سالانی حەفتاکان دەوڵەتی عیراق شەری لە نێوبردنو قرکردنی نەتەوەی کوردی دەست پێکرد و زوڵم و زۆری نەتەوەیی گەیشتە ئاستی ژێنوساید

لەو سەریشەوە کۆمەڵگای نێو دەوڵەتیش بە بیانووی جۆراوجۆر و دەستی نەختسنە ناو کاروباری وڵاتانی بە رەواڵەت سەربەخۆ و پێشێل نەکردنی سەروەریان بێدەنگی و بی ئاگاییان هەڵبژاردبوو، کۆمەڵێك مرۆڤی ئینسان دۆست و خاوەن بیروباوەری دێموکراسیانە لە دژی ئەو تاوانانە راوەستان وگوتیان دەبێ کۆمەڵگای جیهانی چیدیکە رێگا نەدات بە رێژیمی‌بەعس خەڵکی کوردستان لە خۆین بگەوزێنی، من دەتوانم وەك نمونە ئاماژە بە هەڵوێستی مرۆڤ دۆستانەی بەرێزان دوکتور بێرناردکوشنێر لە فەرانسە و پرۆفیسور ئاندری ساخارۆڤ لە یەکییەتی سۆڤییەتی پێشوو بەکەم . ئەم بەرێزانە داوایان لە رێبەرانی سیاسی وڵاتانی خۆیان وکۆمەڵگای جیهانی کرد کە چی دیکە رێگا نەدەن بە رێژیمی عیراق مافەکانی گەلی کورد پێشێل بکات و داویان کرد کە چیدیکە چەك و تفاقی شەر بۆ عیراق نەنێرن و داوای دەست تێوەردانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دیفاع و پاریزگاری لە خەڵکی کوردستان، کە بێگومان ئەو هەڵوێستە ژیرانە، ئەو بیروکە نایاساییەی فەشەل کردەوە کە هیچ دەوڵەتێك و یا هیچ کەسێك بۆی نییە لە کاروباری سیاسی و ناوخۆی وڵاتانی دیکە دەخاڵەت بکات. ئیمرۆ دەبینین کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و دەوڵەتانی زلهێز لە پێناو پاراستنی مافی مرۆڤ , ئازادیو دێموکراسی و بە گوێرەی بەرژەوەندی خۆیان هەنگاو هەڵدەگرن وئەگەر بە شەری چەکداریش بێت رێگا نادەن بە دەوڵەتانی دیکتاتور و توتالیتار بە مەیلی خۆیان ئازادی ومافی مرۆڤ پێشێل بکەن.

کوردستان وەکوو ولاتێکی دابشکراو بە سەر چوار دەوڵەتی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا نمونەی زیندووی زاڵبوونی نەتەوەی زۆرینە بە سەرکەمینەدایە، هەمیشە دەسەڵاتی سیاسی لەم وڵاتانە بە دەست نەتەوەی زورینەی عەرب وتورك و فارس بووە و هەموو ئەو تاوانانەی کە دژی کورد کراوە لە ئەستۆی نەتەوەی زۆرینە دایە. لێرەدا ئەو ڕاستییە دەردەکەوێ کە لە وڵاتانی فەرەنەتەوەییدا چەمکی کەمینە و زۆرینە نابێ لە پێکهاتەی رادەی نفوزی گشتی وڵات بە حیساب بێت، چوونکە وەك کەمینەی نەتەوەیی دەمێنێتەوە و ئەگەریش هەڵبژاردنو

دەنگدانی خەڵکیش لە بەر چاو بگیرێ  دیسان دیکتاتوری  زۆرینە دەیباتەوە. هەر بۆیە لە سەردەمی ئێستا کە لە باری سیاسی و دیپلۆماسی گۆرانکارییەکی زۆر لە جیهاندا روویداوە. دابشکردنی دەسەڵاتی سیاسی بە رادی دەنگ نابێ ببێت و دەبێ دەسەڵاتی سیاسی، ئابووری، و کۆمەڵایەتی  لە رێگای دیالۆگ وتوافق و بە فەرمی ناسینی مافەکانی نەتەوەی کەمینە چارەسەر بکرێت. چوونکە ئەمرۆ کەمتر بوار بۆ بیرکردنەوەی تەسکی بیری زۆرینە بە سەر کەمینە ماوە و هیچ نەتەوەیەکی کەمینە لە وڵاتی فرەنەتەوەدا حازر نابێ  وەك هاووڵاتی دەرەجە دوو چاوی لێبکرێت. ئەمرۆ لە کوردستان خەڵك و هیزە سیاسییەکان بە هیچ شێوازێك حازر نین و قەبوول ناکەن کە دەسەڵاتی زۆرینە چارەنووسیان دیاری بکات و دیاری کردنی دەسەڵات و پێوانە کردنی بە پێوەری  زۆرینە بێت.

پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی نێوەراستدا ، یەکێك لە بابەتە هەستیارو گرینگەکانی رۆژە ، رێزگرتن و پاراستنی مافەکانی کورد یەکێك لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی هەرمۆدێلێکی دێموکراسی سیاسییە. خۆێندنەوەی سیاسی بۆ پرسی کورد لە توێژینەوە ستراتیژییەکاندا بە دوو ئاراستەدا دەڕوا، یەکیان مانەوەو پێکەوە هەڵکردنو ژیانێکی ئاشتیانە بەمەرجی گەرەنتی پاراستنی مافی وەك یەك لە سیستەمی دێموکراتیك وفیدارلیدا، ئاراستەی دووەم پێدانی سەربەخۆیێ بە کورد کە لە ئێستادا ئەم ئەگەرەیان کارێکی هاسان نیەو زۆرێك لەدەوڵەتانو هاوکێشە سیاسییەکانی پێوەندی نێودەوڵەتیو شکۆمەندی دەوڵەت لە لایەکی دی، ئەم ئەگەرەیان قورستر کردوە. دەوڵەتانی ناوچە لە دەرەوەی ئەو دوو ئاراستەیەدا، پێشێلکاریو توندوتیژی و ململانێی زیاتر لە پێوەندی لە گەڵ کورد هەڵدەبژێرنو درێژەی پێدەدەن، ئەم سیاسیەتە لە کۆنسێپتی نۆیی فەرهەنگی سیاسی وکولتووری دێموکراسیدا جێگای نییە. فیدرالیزم داینەمۆی پرۆسەی پێکەوە ژیانی گەلانە لە سەر دەستوری سیاسیو ئابووری و کۆمەڵایەتی هاوبەش لە گەل نەتەوەکانی دیکە، ئەم مۆدیلە سیاسییە رۆحی دێموکراسی وپرۆسەی بە کۆمەڵایەتیکردنی دێموکراسی بە هێزو زیندوو دەکات. خاڵێکی گرینکی دێکە،

بوونی ویستێکی سیاسی ئاشتیخوازانەیە کە بۆتە مۆڕاڵێتی سیاسیو بانگەشە دەکات بۆ پێکەوە ژیانی سیاسی و هاونیشتمان بوون لە وڵاتدا ڕێگا چارەسەرێکی دیکە لە گۆڕێدا نییە.

ئەمڕۆ زۆربەی هەرە زۆری هێزە سیاسییەکانی کوردستان داوای مافی فیدراڵی دەکەن لە چوارچێوی ئەو وڵاتەی کە تێیدا دەژین و چارەسەری کێشەی کورد لە ڕێگای ئاشتیو دێموکراسی بۆ ژیانێکی دوور لە چەوسانەوە و بێ بەشی لە دەسەڵاتی سیاسیو کۆمەڵایەتی لە هەرێمی خۆیاندا. کارکردن لە وڵاتی خۆیاندا لەسەر بنەمای تەوافوقو ڕێککەوتن لە شێوازی حوکمڕانی و گەیشتن بە هەموو مافەکانیان لە چوارچێوەی وڵاتانی سوریە وعیراق و ئێران و تورکیەدا. ئەوەی پێوەندی بە کوردەوە هەبێت وەکو پێکهاتەیەکی نەتەوەیی سەرەکی و زیندوو و کاریگەر هەمیشە هەنگاوی باشی هەڵێناوە بۆ ئاشتی و دێموکراسی لە ناوچەکەدا و لەم ڕێگایەشدا قوربانی زۆری داوە، کە هیوادارم دەوڵەتانی ناوچەکەش بەزەییان بە خۆیانو نەوەکانیان دابێت و دەست لە سیاسەتی دیکتاتوریو درێژە پێدانی شەر لە کوردستان هەڵگرن و فیدرالیزم وەك باشترین شێوازی چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی لەم وڵاتانە کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە هەڵبژێرن چوونکە لە سیستەمی فیدرالیدا هەموو ئەرك ومافەکانی نەتەوەکان لە چوارچێوەی وڵاتی یەکگرتوودا دابین دەبن. دێموکراسیو ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەراستدا دابین دەکات وباشترین چارەسەرە بۆ کێشەی ناسنامەی نەتەوەیی و ڕێزی هەموو تاکێکی ئەندامانی نەتەوەکان لە بەرچاودەگرێ ئاستی ژیانو گوزەرانی خەڵك لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە باشتر دەکات.



# لیبرالیزم چی یە؟

آ ـ س
وەرگێڕان: جەلال کیشوەردوست

## ئەزموونی رۆژئاوا

ئەزموونی مێژوویی رۆژئاوا لە سێ توخم، کولتووری یوونانی، کولتووری رۆمیو مەسیحییەت پێکهاتوە. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا ناتوانین بڵێین کە رۆژئاوای سەردەمی نوێ کۆی ئەم سێ توخمە یان زاڵبوونی توخمێك یان توخمگەلێك بە سەر توخمێکی دیکەدایە. ئەزموونی مێژوویی رۆژئاوای سەردەمی نوێ لەسەرەتادا کاردانەوەیەکە دژ بە مەسیحییەت ـ وەکوو بە سیستمی کردنی ئایینو زیندووکردنەوەی چەمکگەلێك لەکولتوورەکانی یوونانیو رۆمیو پاشان پێشکەشکردنی راڤەیەکی نوێتر لەواتای مەسیحییەتو لەئاکامیشدا پێکهێنانی جیهانێکی نوێ کە لەهەر سێ توخمە بنەماییەکان دەگوزەرێو زانستو تێکنۆلۆژی توخمی زاڵ لە دوائەزموونی مێژوویی دەبێ.

لیبرالیزم دیاردەیەکە تایبەت بە جیهانی رۆژئاواو هەروەها سەردەمێکی نوێیەو لەنێوان سەدەکانی پازدەو شازدە، کاتێ کە تەکوزمەندیی نوێی ژیان جێگای فیودالیزمی دەگرتەوە، لە ئەورووپای رۆژئاوادا پێکهاتو لەسەدەکانی حەڤدەو هەژدەدا لەرێگەی کۆچبەرە ئەورووپاییەکانەوە گەیشتە ئەمریکای باکوور. بیرمەندانێ کە لیبرالیزم واتا بنەڕەتییەکانی لەوانەوە وەرگرتوە هیچکامیان وەها ناوێکیان لەسەر ئەندێشەکانیان دانەنا. چەمکی لیبرالیزم تایبەت بە سەدەی نوزدەیە.

## واتای لیبراڵو لیبرالیزم

وشەی لیبراڵ لە زمانە ئەورووپاییەکاندا لەوشەی لاتینی Liberalis لە liber بەواتای"ئازاد"وەرگیراوە کە بەواتای "شایستەی ئازادپیاو" یان "کەرەمکارە".ئەم وشەیە لەسەردەمی رێنسانس لەلێکدانەوەی liberal arts، "پیشەگەلی ئازاد"،بەکار دەبرا(دوو دەستەی سێ دانەییو چواردانەیی لە زانست بۆ بارهێنانی فیکری)،بەڵام بەرەبەرە واتایەکی خراپ بەخۆوە دەگرێ، بەجۆرێك لە بەرهەمەکانی شکسپێردا بەواتای مرۆڤی"سووك"(gross)یان "سەربزێو"(Licentious) ە. بەڵام ئەم وشە بەرەبەرە واتای کۆنی خۆی، "ئازادە"، لەگەڵ تەواوی لایەنە واتاییەکانی لەخۆ دەگرێتەوە، واتە، مرۆڤی"دەست ئاوەڵا"یان "

دڵئـــــاوەڵا"(Open- handed bountiful)و " کـــــەرەمکار"(generous)و"چاوکراوە"(-open minded )و"خاوەنی سینگێکی فراوان"( open-hearted ).
دەستەواژەی"لیبرالیزم" بۆ هێماکردن بە تیۆرییەکی سیاسی لەمەڕ ئـازادی، لـە نـاوی حیزبێکـی سیاسی لە ئیسپانیا وەردەگیرێ، واتـە لیبراڵـەکان(Liberales) کـە لـە سـەدەی نـۆزدەو لـە ئیسپانیا پشتیوانییان لە پێکهاتنی حکوومەتێکی "مشروطە" مەرجدار(لە سەر بنەمای یاسـای بنەڕەتی ـ Constitutional )دەکرد.پەرەگرتنی وشـەی لیـبراڵ لـەوڵاتانی ئـەورووپایی یـان وڵاتانی دیکە لەسەر رابردووی حیزبگـەلێك دامـەزراوە کـە لەوڵاتەکەیانـدا کـەڵکیان لـەم نـاوە وەرگرتوەو قورسیو سووکی ئەم حیزبانەش لە"مقبولیت" یان "نامقبولیت"ی کۆمەڵایـەتی ئـەم ناوە بەشداربوون. بۆ وێنە، لە فەرانسە یـان ئینگلیـز بابـەتی لیـبراڵ(مقبولیـت)ی کۆمەڵایـەتی هەیەوئـــەوە لەکاتێکدایـــە لـــە ئـــەمریکا بـــەو شـــێوە نیـــەو بـــەجێگای ئـــەوە دەبـــێ بڵێین"دیمـــوکرات".لیبرالیزم لـــە ســـەرەتای گەشـــەکردنییەوە تیۆریـــك بـــووە دژ بـــە زاوتەخوازی(Authoritarianism). بەم پێیە، لە سەردەمی کۆندا کلیسـاو حکوومەتگـەلی سەرەڕۆو لە سەردەمی نوێشدا فاشیزمو کۆمۆنیزمو بەمدواییانەش ئەهلی شەریعەت(بە پێی راڤەی رۆژئاواییەکان ـ بناژۆخوازان)لە دوژمنانی سەرەکیو سروشتی ئەو بە ئەژمار دێن.

گـەورەکانی کلیسـا"لیبراڵەکان بـە لایـەنگری(بێ سـەروبەرەییی جینسی)وکۆمۆنیسـتەکانو فاشیسـتەکانیش ئـەوانیان بـە لایـەنگری"کاپیتالیزم"و دوژمنـی خـەڵك نـاوزەد دەکـرد. لـە بەرانبەریشـدا لیبراڵـەکان دژبـەرانیان بەکۆنەپەرەسـتو دوژمنـی ئـازادی نـاوزد دەکـەن. بـەڵام راستییەکە ئەوەیە کە لیبرالیزم ، بێجگە لەدوژمنە سروشتییەکانی جیاواز لەهەر باسوخواسـێکی ئایـدیۆلۆژی، رەخنـەگرانێکی هەیـە کـە فاشیسـت نـینو نـاتوانین بـە فاشیسـت ناوەزدیـان بکەین(هەڵبـەت ئـەم دژبەرانـە یـان رەخنەگرانـە فرەتـر بیرمەنـدن تـاکوو بەسـتراوە بـە حیزبـە سیاسییەکان). بە هاووراتـا زانینـی "لیبرالیزم"و"کاپیتالیزم"(ئەگـەر شـتێکی خـراپ بێـت)یش بەشێوەی لۆژیکی دروست نیە، گەرچی کاپیتالیزم مەزنترین پشتیوانی مەعنەویو فیکری خۆی لە لیبرالیزمدا دەبینێتەوەو سەرهەڵدانی ئەم دووانە هاوکات لەگەڵ یەکدابووە.

بیرمەندانێك كە ئەندێشەكانیان لەمەڕ ئازادی، گوڕوتینی بە ئایدیۆلۆژی سیاسی لیبرالیـزم داوە بـریتین لـە: (جـان لاك١٧٠٤ــ١٦٣٢)، ئیمانوئێـل كانـت(١٨٠٤ــ١٧٢٤)، بێنـژامین كنسـتان(١٨٣٠ــ١٧٦٧)،(ویلـهلم فـۆن هومبۆلـت ١٨٣٠ــ١٧٦٧)،(جـان سـتوارت میـل١٨٧٣ــ١٨٠٦)،(تـامێس هێـل گـرین١٨٨٢ــ١٨٣٦)،(لێئونـاردۆ ترلاونـی هابهـاوس(١٩٢٩ـــ١٨٦٤)،(و لـەنێوەی دووهـەمی سـەدەی بیسـتەم،(ئایزا برلین١٩٩٨ـ١٩٠٩)،(هێربێر لایونل ئادلفۆس هارت ١٩٩٢ــ١٩٠٧)،(جان راولـز لـەدایكبووی ١٩٢١)و" رانێلد دوركین"،" ژان ژاك رۆسۆ" لەگەڵ ئەوەدا كە دەبـێ بـە پاڵـەوانی داكـۆكی لـە ئازادی بژمێردرین بەدژواری دەتوانین پێیـان بڵـێین لیـبراڵ. لەپێوەنـدی لەگـەڵ "هێگـل"یـش دا گومانو دوودڵی هەیە كە پێی بوترێ لیبراڵ، هەرچـەند دەتـوانین خوێندنەوەیـەكی لیبراڵیانـە لـە فەلسەفەكەی بەدەستەوە بدەین.

مـەزنترین رەخنـەگری لیبرالیـزم، بێگومـان "كـارل ماركس"ە(هێگـل، نیچـەو هایـدگریش رەخنەیەكی زۆریان لە لیبرالیزم گرتوەو ئەوكارەش ئـەوە شـرۆڤە دەكـا كـە بۆچـی فاشیسـتەكان لەپێناو مەبەستەكانیان كەڵكیان لە دەنگی ئەوان وەرگرتوەو لەبەرچی لیبراڵەكان بەردەوام بەچاوی گومانەوە سەیری ئەم كەسـانەیان كـردوەو تەنانـەت هێنـدێ جـاریش وایـان بـەباش زانیـوە كـە فەلسەفەكانیان بە فاشیستی لەقەڵەم بدەن تاكوو خەیاڵی خۆیان بۆ هەتا هەتایە ئاسوودە بكـەن)و ئەوڕۆكـە نـوێترین رەخنـەگرانی لیبرالیـزم، جگـە لـە ماركسیسـتە رۆژئاواییـەكان، هـۆگرانی كۆمـەڵگا(Communitarians)ن. لەراسـتیدا هێنـدێ لەوانـە دەیانـەوێ تێكـەڵاوێك لـە لیبرالیزمو رەسەنایەتی كۆمەڵگا بە دەستەوە بدەن.

## لیبرالیزم چییە؟

لیبرالیزم فەلسەفەیەكی سیاسییە كە گرینگییەكی زۆر بە مافە مـەدەنیو سیاسـییەكانی تـاك دەدات.لیبراڵەكان خوازیاری گارانتی قەلەمڕەوی بنەڕەتی بۆ ئازادی تاكەكەسـی ـ پێكهـاتوو لـە ئازادی ویژدان، پەیڤ، ئەنجومەنو كارنو پێداگری لەسەر ئەوە دەكەن كە نابێ دەوڵـەت جگـە لـە

پشتیوانی لەکاتی خەسارلێ کەوتندا، دەست لـە کاروبارەکـان وەربـدات. بـەم پێیـە، لیـبراڵ بـە حکوومەتو حیزبو سیاسەتێك دەوترێ کە لە بەرانبەر زاوتەخوازی(فەلسەفەیەك کە دەڵێ هێندێ تاك مافی ئەوەیان هەیە بە بێ راوێژ لەگەڵ کەسانی دیکەو پاراستنی روانگـەکانیان هـەر کارێـك بکەنو لە هەرجۆرە لێپرسـینەوەیەکیش پـارێزراو بـن) لایـەنگری ئازادییـە.لیبرالیزم، لـە پلـەی فەلسەفەدا، سیستمێکی داخراو لە بیرکردنەوەلەسەر بنەمای وەستاو نەگۆڕ نیـە. رەنگـە بتـوانین لیبرالیزم بە تێڕوانینی یەك بۆ ژیانو ئاریشەکانی ژیان بشوبهێنین کە جەخت لەسەر بایەخی ئازادی بۆ تاكو کەمایەتیو نەتەوەکان دەکا. گرینگترین بنـەماکانی لیبرالیـزم یـان گـرینگترین چـەمك گەلێك کە لیبرالیزم پێداگرییان لەسەر دەکا، بریتین لە: ئازادیی تاك، ئازادیی ویژدان، حکوومـەت بە خواستی خەڵكو بەرابەری مافەکان.

## لیبرالیزمو ئازادی

باوەڕی پتەو بە هەبوونی ئازادی بۆ گەیشتن بە هەر ئامانجێکی شیاو،سیفەتی بەرچاوی لیبرالیزم لە هەموو سەردەمەکانو نیگەرانی قووڵ بۆ ئازادی تاك ئیلهام بەخشی دژایەتی لیبرالیزمە دژ بـە زاوتەخوازی رەهایە،ئیدی زاوتەی دەوڵەت، کلیسا یـان هـەر حیزبێکـی سیاسـی بێـت. بنـەمای بنەڕەتی لیبرالیزم بەهای موراڵیو بەهای رەهاو کەرامەتی زاتی کەسێتی مرۆڤ بووە. بـەم پێیـە، دەبێ لەگەڵ هەرتاکێك دا وەك دەرئەنجامی خۆبەخۆ هەڵسوکەوت بکـرێ، نـەوەك ئامرازێـك بـۆ پێشڤەچوونی رقەکانو بەرژەوەندی کەسانی دیکـە.ئازادی سیاسـی تـاك بـە پێـی راگەیەنـدراوی فەرانسەیی مافی مرۆڤ ، بریتییە لە :"دەسەلاتی ئەنجامدانی هەرکارێك کە زیان بەکەسـی دیکـە ناگەیەنێ..سنووری ئەوەش تەنیا یاسا دیاریی دەکا". لیبراڵەکان بەقووڵی باوەڕیان بەوە هەیە کە ژیان بە بێ ئازادی بەهای ژیانکردنی نیە. بەم پێیە، ئەوان بەردەوام خوازیاری ئازادبوونی تاك لـە زۆرەملێی نادادپەروەرانە و لەمپەرێکن کە حکوومەتەکان،دامەزراوەکانو نەریتەکان بە سەر تاکدا دەیسەپێنن. تاکی خودموختار دەبێ ئازاد بێ تـاکوو کارەکـەی هەڵبـژێرێ، باوەڕەکـانی دەربخـا، میللییەتی خۆی بگۆڕێو لە شوێنێکەوە بچێ بۆ شوێنێکی دیکە. ئەوەی کە لەگەڵ ئازادی تاکـدا

پێوەندییەکی نزیکی هەیە ئازادی ئەنجومەنە. لیبرالیزم لایەنگری مافی دامەزراندنی ئەنجومەنەکانە لە هەرجۆرێ ـ سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئایینی، فەرهەنگی ـ ، مەبەستیان پێشقەچوونی بەرژەوەندی رەوای ئەندامەکانیانە.

تاك بە بێ ئازادی ئەنجومەن دژایەتی لەگەڵ ئەو زۆرەملییانەی کە تەکوزمەندیی زاڵ بە سەریدا دەیسەپێنێ بێ ئامیار دەبێ ـ بەدەسەلاتێکی هەڵقولاو لەگرووپێکی یەکگرتووی تاکەهاوبیرەکانە، تاك دەتوانێ لە بەرانبەر نادادپەروەریو ملهۆڕیدا بوەستێ.

## لیبرالیزمو تاك

رەنگە بتوانین چەمکی تاك وەك تەوەری تەواوی چەمکەکانی دیکەی لیبرالیزم بژمێرین. چەمکی تاك وەك ئازادی، لەگەڵ ئەوەیکە لەکولتوورەکانی یونانیو رۆمیو مەسیحییەت دا ناسرابوو، بە تەواوی پێوەندی بە سەردەمی نوێوەیەو واتایەکی نوێی هەیە.لە راستیدا، ئەگەر ناوی ئازادی لەخودی وشەی لیبرالیزم دایە، تاکگەرایی (Individualism)تا رادەیەك هاوکێشەیەکی دیکە بۆ لیبرالیزمو هەم خاڵی بەهێزو هەم خاڵی لاوازییەتی.

تاکگەرایی لیبرالیزم ماکەی لە چەمکی تاك لە سەردەمی رێنسانسە، مرۆڤێك کە دەزانێ چی دەوێو چی بکاو تاکوو بە مەبەستی خۆی بگا، بێ ئەوەی کە ترسێکی لەناوو ریسوایی هەبێ. ئەم بەرداشتە لە تاك، کە دەستپێکی لەگەڵ ماکیاولییە، هێزێکی زۆر لە هەناویدا ئازاد دەکاو بەجۆرە ناوبراو هەم لەخێرو هەم لەشەڕیشدا تا کۆتایی دەرەجە دەڕواتە پێش. تیۆریسێنانی لیبراڵ تاك بە تەنیا توخمی راستەقینەو داهێنەری هەر کۆمەڵگایەك دەزانن، چونکە مێژوو نیشانی داوە لە هەر شوێنێکدا کە تاکبوون و سەرکوتکراوە کۆمەڵگا رێگەی داڕوخانی پێواوە.

## لیبرالیزمو ئازادی ویژدان

لیبرالیزم لە سەر ئەو بنەماییە گەشەی کرد کە" وێکهەڵکردن"(Tolerance) تەنیا رێگای کۆتایی هێنان بە شەڕە ئایینیو مەزهەبییەکانە. پاش ئەوەیکە شەڕە بێ ئەژمارەکانی ئایینیو

مەزهەبی مێشك‌وگیانی ئەورووپاییەكانی پڕووكاند، پرۆتستانەكان‌و كاتولیكەكانیش قەبووڵیان كرد چیدی دەوڵەت بۆی نیە لایەنی ئایینێكی یەكە بگرێ یان ئیمانێكی یەكە بەسەر هاووڵاتیاندا بسەپێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا كە تەنیا بنەمای پتەو بۆ دامەزراندنی سیستمێكی سیاسی جیاكردنەوەی كلیسا لە دەوڵەتە.لیبرالیزم ئەم بنەمایەی لەبیاڤی ئایینەوە ئاراستەی سنوورەكانی دیكەی ژیانی كۆمەلایەتی كرد، چونكە هاولاتیان باوەڕگەلێكی پارادوكسیكاڵیان لەمەڕ واتاو مەبەستی ژیان هەیە. دەوڵەتی لیبراڵ لەبیری چارەسەركردنی ئەم پارادوكسانەدا نیە، بەڵكوو دەیهەوێ ناوبژیوانێكی بێ لایەن بێت‌و هەمووكەس بتوانێ كارو ژیانی خۆی بكا. بەمجۆرە لیبرالیزم خۆی بە تەنیا وەلامدەری مرۆڤی بەفرەیی‌و جۆراوجۆرییە ناچارییەكانی كۆمەڵگا دەناسێنێ.

## لیبرالیزم‌و حكوومەت بەرەزاهەندی‌و خواستی خەڵك

لەروانگەی لیبراڵەكانەوە مەبەستی سەرەكی لە حكوومەت پاراستنی ئازادی‌و بەرابەری‌و تەناهی تەواوی هاوولاتیانە.بەو هۆیەوە، حكوومەتی لیبراڵ، چ لەشێوازی مەشرووتەی سەڵتەنەتی‌و چ لە شێوازی كۆماری، لە سەر بنەمای یاسایە: یاسای پەسەندكراوی یاسادانەرانێك كە لە هەڵبژاردنێكی ئازاددا هەڵبژێردراون. بەم پێیە، بە پێی لیبرالیزم، هیچ حكوومەتێك رەوا نیە، مەگەر ئەوەیكە لە سەر بنەمای خواست‌و ئیرادەی خەڵك بێت.

لیبرالیزم، بۆ پشتیوانی لە مافەكانی تاك‌و كەمایەتییەكان، گرینگییەكی زۆر بە سنووردار‌كردنی دەسەلاتی حكوومەت داوە.ئەم سنووردار‌بوونانە حقووقین كە بە ناوگەلی جۆراوجۆر ناسراون،"ئازادییە مەدەنییەكان"و"مافە زاتی‌و سروشتییەكان"و"مافی مرۆڤ"و بە پێی راگەیەندراوی سەربەخۆیی ئەمریكا بریتین لە:"مافی ژیان‌و ئازادی‌و كەوتنە شوێن بەختەوەری"و بە پێی راگەیاندراوی مافی مرۆڤ لە شۆڕشی مەزنی فەرانسە بریتین لە:" مافی ئازادی‌و خاوەنداریێتی‌و تەناهی‌و بەربەرەكانێ لە بەرانبەر ستەم". ئەم مافانە پێشێل نەكراوو وەرنەگیراوەو گەردوونین. تەوای كردەوەكانی حكوومەت بەرانبەر بە تاكی هاوولاتی دەبێ پێ بە

پێی ڕەوتی یاسا بێتو ئەگەر بە جۆرێك لە جۆرەکان ئەم ڕەوتە پێشێل بکرێ، دەبێ دەسەڵاتی سەربەخۆی دادوەری پێشی پێ بگرێ.

## لیبرالیزمو بەرانبەری مافەکان

لیبرالیزم لە هەموو شوێنێك بانگەشەی بەرابەری ماف بۆ تەواوی مرۆڤەکان دەکا. هەڵبەتە ئەو قسە بەو واتایە نیە کە هەموو تواناکان پێکەوە بەرابەرن، یان هەستی مورالّی یەکسان یان کەسایەتییەکی بەرابەریان هەیە. مەبەست لەوە ئەوەیە کە هەمووان لە بەرانبەر یاسادا مافی وەك یەکیان هەیەو مافی ئەوەشیان هەیە لە ئازادییە مەدەنییەکان بەهرەمەند بن. نابێ هیچ یاسایەك بە هێندێ ئاوانسی تایبەتی بداو بە سەر هێندێکی دیکەش دا هەڵاواردن بسەپێنێ. یارمەتیو پشتیوانیو سزادان دەبێ بۆ هەمووان یەکسان بێت.

لیبرالیزم شەڕێکی بێ ئەمانە دژ بە ئاوانس گەلێك کە کۆسپن لە بەرانبەر گەشەی تاکدا، ئەگەرچی ئەم ئاوانسانە لە لەدایکبوونەوە بێت یان لە سامان، نژاد، باوەڕو جنسییەت. لیبرالیزم دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی لە بەرچاوە کە لەوێدا بۆ هەمووان دەرفەتی یەکسان بوونی دەبێ تاکوو زۆربەی لێهاتوویی سروشتییەکان بەدیبێن، ئەگەرچی ئەم لێهاتوویانە بچووکبن یان مەزن.

## لیبرالیزمو ڕەخنەگرانی

لیبرالیزم تیۆرییەك بوو کە چینێکی تازە پێگەیشتوو بەناوی چینی مامناوەندی یان کاپیتالیزمی کردە دروشمی خۆی تاکوو ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی ڕێکووپێك بکاو بتوانێ لەبەرانبەر چینی خاوەن زەویو خاوەن ناونیشانو سیستمی سەڵتەنەتیو کلیسا ڕاوەستێ.ئەوەی بووە هۆی سەرکەوتنی ئەم چینە تەنیا لە بەردەستدا نەبوونی چەند چەمکێکی فەلسەفی لەمەڕ حکوومەت نەبوو، مێژوویەکی دوورو درێژ لە دەمارگرژیو خورافەیەك بەناوی ئایین، شەرگەلی لەبڕان نەهاتووی سەڵتەنەتو کلیسا لەسەر دەسەڵاتو دەرکەوتنی هەتاوی زانستو دۆزینەوەی پلەی مرۆڤو بە فەرمی ناسینی هێزو تواناکانیو گەشەکردنی بیری فەلسەفیو زانستی لەسەردەمی

ڕێنسانس بەدواوەو لە ئاکامیشدا، دۆزینــەوەی سەرچــاوەی نــوێی دارایی،کــە خولقێنــەری کــارو بازرگانیو ئاڵوێرو پیشەو کار لە شارەکاندا بوو، نە راوڕووتی دەوڵەتەکان، بەم چینەی سەلماند کە چیدی ناتوانن لە جیهانێکدا بژین کە پلەوپایەو میراتو نەبوونی ئەمنییەتی مەدەنی بە سـەریدا زاڵ بێ.

تاکەکانی چینی مامناوەند ناتوان جگە لەخۆیان پشت بە کەسی دیکە ببەستن، بەم پێیــە، ئـەم چینە هانای بــۆ تیۆرییــەك بــرد کــە ئــازادی تاکەکەســیو دەرەتــانی کێبــەرکێی دادپەروەرانــەو گارانتیکردنی پاشکەوتەکانی بە فەرمی دەناسێ. لەگەڵ ئەوەشدا، هاتنە ئــارای کۆمــەڵگای لــەو چەشنە، وەکوو هەر شتێکی دیکە، لەکردەوەدا کونو کەلەبەرەکانی دەرخسـت. بیرمەنـدانی ئـەم چینە تازەپێگەیشــتوە لەســەرەکیترین رەخنــەگرانی ئــەم کۆمــەڵگا نوێیــە بــوون، بــێ ئەوەیکــە کۆنەپەرەســت بــن یــان بیانــەوێ بەرئەنجامــەکانی بەکــەم بــژمێرن. "گئۆرك ویلــهلم فریــدریش هێگل"(١٨٣١ـ١٧٧٠)و "کارل مارکس"(١٨٨٣ـ١٨١٨)تــا هەنووکــە مــەزنترین رەخنــەگرانی لیبرالیزمن.

لەروانگەی هێگلەوە کۆمەڵگای لیبراڵ سێ کەموکورتی یان وێنای ناتەواوی هەیە:

١ـ ئازادی مورالّی ٢ـ ئازادی ئابووری ٣ـ تاك.

کۆمەڵگای لیبراڵ وێنایەکی ناتەواوی لە ئازادی هەیە، چوونکە ئازادی لە نەبوونی چوارچێوەو سنوورەکان دەشوبهێنن. لەسەر بنەمای ئەم بەرداشتە ناتــەواوە لــەئازادی کــە دەڵــێ مــن ئــازادم بەمەرجێك کەسانی دیکە دەست لە کاروبارەکانم وەرنەدەنو ناچــارم نەکــەن بــەوەی کــە نامــەوێ بیکەم.بەڵام لەروانگەی هێگلەوە، ئە بەرداشتە لەئازادی یەك لایەنانەیەو ناتــەواوە بــۆ ئەوەیکــە، توانایی هەبوونی ئەوەی دەمەوێ ئەنجامی بدەم نیشانەی ئازادی راستەقینە نیــە، چــونکە ئــەوەی دەمەوێ ئەنجامی بدەم لەوانەیە لەسەر بنەمای ئاوەز نەبێ.لەراســتیدا، بەڵگــەی هێگــل بــۆ ئــەو مەبەستە ئەوەیە(وەك ئەوەیکە کانت دەیگوت)توانایی لە کۆنترۆڵکردنی ویســتەکانو بیرکردنــەوە لەهەمبەر پێویستی ئەوانەیە کە ئازادی راستەقینە بەدی دێنێ.

بەم پێیە، کاتێ ملکەچی ویستگەلێکم کە بۆ هەموو لایەکم دەبەن، وەکوو بکەرێکی ئاوەزمەند هەڵسووکەوت ناکەم هەربۆیە ناتوانم بڵێم کە ئازادم.هێگل بۆ ئەوە بەڵگە دێنێتەوەو دەڵێ لەکۆمەڵگای لیبراڵدا جەختکردن تەنیا لەسەر هەڵبژاردنی تاکو دەستبەربوونی پێداویستییەکانیدا دادەنرێ، نەك لەسەر بڕیاری ئاوەزمەندانەی خودی تاك، هەر بۆیە ئازادی راستەقینە لەم کۆمەڵگایەدا بوونی نیە.لێرەدایە کە موراڵ دەبێ بە یارمەتی تاکەوە بێت تاوەکوو پێی بسەلمێنێ کە پێڕەوی لەیاسای موراڵیو لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی بەواتای ئازادبوونە.

دووهەمین رەخنەی هێگل لە کۆمەڵگای لیبراڵ ئەوەیە کە واتای تاکبوون لە کۆمەڵگای لیبراڵ یەکلایەنانەو ئابستراکتە، چونکە ئەم کۆمەڵگایە لەسەر بنەمای بازاڕی ئازاد هێزی وەرگرتوەو دامەزراوە، تەواوی کەسەکان بەدوای بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆیانەوەنو بەرەبەرە دەچنە ژێر تەوژمی بازاڕی ئازادو لە تایبەتمەندییە مرۆڤییەکانیان دەخات.بەم پێیە زۆرناخایەنێ کە تەواوی پێوەندییەکانی مرۆڤەکان رەنگی بازرگانی لەخۆدەگریت. بنەمای هەرجۆرە هاریکاریو هەرەوەزییەکی ئێمە لەگەڵ کەسانی دیکەدا بە دەستخستنی بەرژەوەندییەکانی خۆمان دەبێت.

رەخنەی سێهەمی هێگل پێوەندی بە ریشەکێشکردنی تاك لەکۆمەڵ، لەکۆمەڵگای لیبراڵ دایە. تاك کۆمەڵگا وەك چوارچێوەیەك بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی خۆی سەیر دەکاو هیچ هۆگری یان شۆناسێکی هاوبەش ناوبراو بەتاکەکانی دیکەی کۆمەڵگاوە گرێ نادات. ئاکامی ئەم کارە گۆشەگیریو قەتیسمانەوەی تاك لە خۆپەرەستی تەواودایە.ناوبراو زۆر بەسانایی لەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا لەدایکبووە دڵ هەڵدەکەنێو رێگای وڵاتانی دیکە لە پێش دەگرێ ـ هیچ پابەندییەکی بەکولتورو نەریتو ئایینێکەوە نیە، تەنیا دەیەوێ بەخواستەکانی بگا.

رەخنەکانی هێگل لە لیبرالیزم، بە تایبەتی تاکگەراییەکەی، تا هەنووکە وەکخۆی ماوەتەوە.تاكو تاکگەرایی، لەگەڵ ئەوەدا کە لەسەردەمی کەوناراوە تا چاخی مەسیحییەت هاتبووە بەرباس، لیبرالیزم، هێشتا لە سەرچاوەکەی کە سەردەمی رێنسانسە ئاو دەخواتەوە، مەیداندان بە وارسکەکانو دەستبەربوونیان. بەم هۆیەوەیە ئەوڕۆکە لە رۆژئاوا وشەی تاكو

تاكگەرایی تارادەیەك گوڕدراون بە وشەگەلێكی ناحەزو هێندێ لە بیرمەندانیش واتای "تاك"یان بۆ تاكێك بە ویستگەلی وارسكەیی سنووردارکردووەو بەجێگای ئەوە "شخص" (person) بەواتای "تاكێك بە بەریانگەلی مەعنەوی" داناوەو "شخص" گەرایان (personalism) بەجێگەی داناوە.

کەسانێكیش کە ئەوڕۆکە بە لایەنگرانی كۆمەڵگا (communitarians) ناسراون، خراپترین لاوازی لیبرالیزم لە تاكگەراییەكەیدا دەبینن (چارلیز تەیلۆر هەوڵیداوە بە كەڵكوەرگرتن لە چەمكگەلی هێگلی نێوان "كۆمەڵگا خۆشەویستی" یان "كامیونیتارینیسم" و لیبرالیزم كۆ بكاتەوە). كارل ماركس بنەمای لیبرالیزمی لەسەر جیایی چالاكی ئابووری لە حكومەت و دەوڵەتدا دەبینێ. لیبرالیزم دەڵێ چالاكی ئابووری كارێكی گرێبەستیو تایبەتی نێوان تاكەكانەو هەربۆیە مافی خاوەندارێتی زۆرجار لەتیۆری لیبراڵ دا بە مافێكی سروشتی ناسێندراوە كە ئاوەز بە پێی یاسای سروشتی ئەوەی دۆزیوەتەوە. ئەم مافە كە لە یاسادا بەرچاو دەكەوێ بەرهەمی شەڕە نێوخۆییەكانی نێوان گروپە جیاوازە كۆمەڵایەتییەكان لەسەر دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە ماددییەكانە. بە سەرهەڵدانی كاپیتالیزم واتای خاوەندارێتی بووبە: بە مافی خۆ زانینی بەهای كەڵەكە بوو، بەهاییەكی فرەبوو كە بەرهەمی كاری كرێكارە بە سەر ماددەی خاوەوە. بەم پێیە، لەروانگەی ماركسیزمەوە راڤەكردنی مافی خاوەندارێتی وەك مافی سروشتی شتێكی خۆڕاییە. وێنای پێكهێنانی كۆمەڵگایەكی مرۆڤایەتی لەسەر بنەمای گرێبەستێكی ئازادانە لەسەرەتای پێكهاتنی كۆمەڵگا ئەفسانەیە. مافی ئازادیو یەكسانیش بەوشێوەیە ساوێرییە. تەواوی ئەو چەمكە ئایدیۆلۆژیانە پێكدێنێ كە پاساو بۆ سیستمی كاپیتالیزم دەهێنێتەوە.

وتەكانی ماركسیش بەوجۆرە دوور لە راستی نین.ئەو ولاّتانەی كە دیكتاتۆری كۆمۆنیستییان بەخۆیانەوە دیتوە، یان پڕوپاگەندەی كۆمۆنیستەكان بەدژی لیبرالیزم بوارێكی لەباری بۆ سەرهەڵدانی فاشیزم لەولاّتەكەیان پێكهێنا، ئەوڕۆكە كەوتوونەتە لایەكی دیكەی دراوەكەو پێیانوایە چارەسەری تەواوی كێشەكان لە تایبەتی كردنو بازاڕی ئازادە، بەلاّم بە بێ هەبوونی سیستمێكی دیموكراتیكو قەبوولكردنی چەمكە بنەڕەتییەكانی لیبرالیزم، ئەم كۆمەڵگایانە تەواوی

گەندەڵییەکانی کۆمەڵگای رۆژئاوایان دەبێ، بەبێ قازانجەکانی.لێرەدایەکە دەتوانین بڵێین هیچ کەس بەرادەی حکوومەت بۆ خەڵکە نە بەهۆی خەڵك. لەم حکوومەتانە خەڵك تەنیا کەسانێکن کە حکوومەتی هەتاهەتایی سەرۆك کۆمار یان رێبەرانی هەتاهەتایی قەبوڵ دەکەنو کەسانێك کە وەها شتێك قەبووڵ ناکەن"خەڵك"نینو"دوژمن"ن. لێرەدایە کە لیبراڵەکان هۆشداری دەدەن کە"نرخی ئازادی هۆشیاری هەتاهەتاییە".

مارکس هیچ خزمەتێکی بە سیستمی کاپیتالیزمو لیبرالیزم نەکرد: لەرێگای رەخنەوە.مارکیسزم لەکۆمەڵگا دواکەوتووەکانی رۆژهەڵاتدا بووە بە ئاینی جەماوەرو بەڵێنی بەهەشتی بەرین لەرووی زەوی، بەڵام لەرۆژئاوا، مارکسیزم قوتابخانەیەکە لەنێوان قوتابخانەی زانستە کۆمەڵایەتییەکانو یارمەتی بە پێشڤەچوونی ژیانی کۆمەڵایەتی دەدا.بۆتی مارکسیزم لەرۆژهەڵاتدا شکێنرا، بەڵام مارکسیزم لەرۆژئاوادا زیندووە، چونکە لەکۆمەڵگای لیبراڵ هەرشتێك شوێنێکی تایبەت بەخۆی هەیە، بەدوور لەهەر چەشنە خەمساردیو زێدەگاڤییەك. ئەورۆکە هێندێ لە لیبراڵەکان دژایەتی تیۆری بازاڕی ئازاد دەکەنو لەو باوەڕەدان کە دەبێ دادپەروەریش ببێتە دروشمی کۆمەڵگای لیبراڵ(جان راوێلز). ئەو تاقمە لە لیبراڵەکان کە هێشتا لایەنگری لە تیۆری بازاڕی ئازاد دەکەن بە لیبراڵە کلاسیکەکان یان لیبرتارینەکان ناسراون ـ "فریدریش هایك"و" رابێرت نۆزیك". بە هەرحال، لیبرالیزمیش وەکوو هەر مەکتەبێکی دیکە لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمەنو لەگەڵ کاری تیۆرێسێنان دەگۆڕدرێو لێکدانەوەو مەزهەبگەلی جۆراوجۆری لێوە سەرهەڵدەدات. بە واتایەکی دیکە، ئەورۆکە دەبێ قسە لە لیبرالیزمەکانەوە بکەین ـ نە لیبرالیزمو ئەوەیکە مەبەست کام یەك لە لیبرالیزمەکانە.

## دیماگوژییەکانو لیبرالیزم

ئەورۆکە چەمکگەلی وەك ئازادیو دیموکراسیو مافی مرۆڤ بەرادەیەك لێرەولەوێی جیهان دێتە سەرزمانو بەهۆی هێندێ لەوڵاتانیش کە خۆیان بە داکۆکیکاری ئەو بەهایە دەزانن، هێندە شانوشکۆی پەیداکردوە کە کەمتر کەسێك ئیزن بەخۆی دەدا راشکاوانەو بە ئاشکرا دژایەتی ئەو

چەمكە بكا، چونكە دژایەتیكردن لەگەڵ ئەو چەمكانە بەواتای دژایەتییە لەگەڵ پێشكەوتن، گەشەسەندن، ئاسایشو كولتوورو هەموو ئەو شتانەیە كە هەموو مرۆڤێك خوازیارییەتی.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا،چ لەو كۆمەڵگە لیبراڵیانەی رابردوو و چ لەو ولاتانەی كە تازە سەربەخۆیان وەرگرتبوو، بەپشتیوانی ئەم چەمكە لیبراڵیانە،سیستمە سیاسییەكان پێكهاتن، بەجۆرێك كە حكوومەتەكانی خۆیانیان زۆر دیموكراتیترو لیبراڵتر لەو سیستمانەی دیكە كە بانگەشەی لیبرالیزمیان دەكرد دەناساند، بەڵام لەراستیدا جگە لە گاڵتەجاڕیو تێكەڵییەك لە سیستمی نەریتیو سەرەڕۆیی ولاتەكەیان بەڕەنگو ڕووییەكی دیكە زیاتر نەبوو.

لیبراڵەكان بەردەوام نیگەرانی مەترسیی دیموكراسی بۆ سەر ئازادی بوون(لەم ڕووەوە لەگەڵ ئەفلاتووندا هاوڕان)و ئەزموونەكانی فاشیزمو فالانژیسمو نازیزم لەهێندێ ولاتی ئەورووپایی كە نەریتێكی درێژخایەنیان لە لیبرالیزم نەبوو، هۆكارێكی مێژوویی باش بۆ ئەم نیگەرانیانە بوون. لیبرالیزم فەلسەفەیەكی سیاسییەو چەمكە بنەڕەتییەكانی هیچ جۆرە لایەنێكی دیاری بۆ واتاو دەرئەنجامەكانی ژیان بە تاك پێشنیار ناكات. بەم پێیە ئایینەكانو قوتابخانە فەلسەفییەكانو خورافاتو خەیالات چونكە لەناو كۆمەڵگادا لایەنگرانیكیان هەیە بۆ ژیانكردن مافی وەك یەكیان هەیە. هەر لێرەوەیە كە مەترسییەكە خۆی دەردەخاتو ئەم دەرەتانە دەڕەخسێ كە لەكۆمەڵگا لیبراڵەكان گرووپگەلێك سەرهەڵدەنو بە دەسەلات بگەن كە دەرەتانی گەشەو پەرەیان هەر لەم كۆمەڵگایەوە دۆزیوەتەوە، بەڵام لەبیری ئەوەدان بەگەیشتنە دەسەلات ڕێكاری گەمە كۆمەلایەتییەكان بگۆڕنو بەنۆرەی خۆیان حكوومەتێكی هەتاهەتایی بۆ خۆیان پێك بێنن: فاشیستەكان، كۆمۆنیستەكانو ئەهلی شەریعەت(بناژۆخوازەكان) لەمجۆرە گروپانەن.

ئەمانە تا ئەوكاتەی كە لە كەمینەدان ئازادیو مافی مرۆڤو هەموو ئەو چەمكانەی كە مافی ژیانیان پێی دەدەن قەبووڵ دەكەن، بەڵام كاتێ بەدەسەلات گەیشتن پەیژەی هەڵبژاردنی ئازاد كۆدەكەنەوەو ئیدیعا دەكەن كە حكوومەتێكی خەڵكین.(**وەرگێڕ**- نموونەی هەرە زیندووی ئەو مەسەلەیە كۆماری ئیسلامی ئێرانە، پێش ئەوەی دەسەلات بگرێتە دەست باوەڕی بە هەموو ئەو چەمكانەی كە ڕێز بۆ مرۆڤو مرۆڤایەتیو مافی ژیان دادەنێن هەبوو بەڵام كاتێك بەدەسەلات

گەیشت پشتی لە هەموو ئەو قەولو بەڵێنانە کە دابوونی کردو فەزایەکی پڕ لـەترسو سـەرکوتی لەناوخۆ و لەناوچەدا خولْقاند کە تا هەنووکەش هەیمەنەی کوشتو بڕی بەسـەر گـەلی چەوسـاوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا ماوە.ئەو جۆرە سیستمانە تا ئەوکاتە باوەڕیان بـە دێموکراسـیو بەیاننامە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ هەیە کـە بەدەسـەڵات نەگەیشـتوون هـەرکات بەدەسـەڵات گەیشتن ئۆتۆماتیك ئەم مافو ئازادییانە بەخێراییەکی زۆر سنووردار دەکرێنو بەرەبەرە دەست بە پاکتاوکردنی خودییـە نارازییـەکانیش دەکـەن، وێنـەی هـەرە بەچـاوی زینـدووی ئـەم دواییانـە لەئێراندا "ئایەتوڵلا حوسینعەلی مونتەزرییە").

**ژێدەر :**

**ئەنتەرنێت**